## گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لەگەڵ

# دکتۆر ئاریان ڕەئوف

## ”جینۆساید، شووناس، بڕیاری ٦٨٨“

ئامادەکردنی: تەها سلێمان

2026

- ناوی کتێب:  جینۆساید، شووناس، بڕیاری ٦٨٨
- ئامادەکردنی: تەها سلێمان
- بابەت: گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لەگەڵ دکتۆر ئاریان ڕەئوف
- دیزاین: جەلیل حسێن
- چاپخانەی بینایی - سلێمانی
- چاپی: یەکەم ٢٠٢٦
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی (  )ی ساڵی ٢٠٢٦ی پێدراوە.

گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لەگەڵ دکتۆر ئاریان ڕەئوف

جینۆساید، شووناس، بڕیاری ٦٨٨

ئامادەکردنی: تەها سلێمان

- تەوەری یەکەم:
جینۆسایدی نەرم و قوورس.................................19

- تەوەری دووەم:
شووناس؛ ململانێ و گەشەسەندن و کوولتورو ئاڵنگاری..................67

- تەوەری سێیەم:
بڕیاری 688؛ ڕامان و گفتوگۆ................................111

- تەوەری چوارەم:
پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی ............................165

تەوەری پێنجەم:
بەڵگەنامەکان....................................................189

# پرسیار بۆ سێ چاوپێکەوتن

مـن و دکتـۆر ئاریـان ڕووف؛ لەیـەك ژینگـەو جوگرافیای سیاسـی و کولتـووری و کۆمەڵایەتیـدا ژیاویـن و گەورەبووین، زۆرجاریش لەدیـدو بۆچوونمـان لەسـەرپرس و بابەتـە جۆراوجـۆرەکان هـاوڕاو لەهەمانکاتـدا جیاوازیـش بوویـن و ئـەوەی کـە زۆر گرنـگ بـوە لەنێوانمـادا، بـەردەوام بەئارامـی و بەنەرمـی گفتوگۆمـان کـردوە. جیـاواز لەمـەو زۆرتریـن کات و مـەودای گفتوگـۆو ڕاگۆڕینەوەمـان لەبـارەی تاوانەکانـی جینۆسـاید بوە دژ بەگەلـی کـوردو کوردسـتان و هیـچ کاتێکیـش نەبـوە لەئەنجامـی گفتوگۆکانمـان بەدەسـتی بەتـاڵ بێیینـە دەرەوە، بەڵکـو هەمیشـە ئەگـەر شـتێکی بچوکیـش بووبـێ کـۆك بوویـن لەسـەر ئـەوەی چـۆن کاری لەسـەربکەین.

لەناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٢٥ لەکەنـەداوە گەڕامـەوە کوردسـتان و لەسـەردانی زانکـۆی گەرمیـان؛ لـەژووره تایبەتەکـەی خـۆی گفتوگۆیەکـی چەنـد خولەکـی کەوتـە نێوانمـان و لەبەرکەمـی کات هەڵـمان پەسـارد بـۆ کاتـی گونجـاو. دوای گەڕانـەوەم بـۆ کەنـەدا، بابەتێکـی دکتـۆر ئاریـان لەیەکێـك لەژمارەکانـی (کوردسـتانی نـوێ) سـەرنجی ڕاکێشـام و بـەوردی خوێندمـەوەو

دیسـانەوە بەتەلەفـۆن گفتوگۆمـان کـرد.
دیاربــوو ئــەوەی (کوردســتانی نــوێ) تەنیــا بیرۆکــەی توێژینەوەیــەك بــوو لەبــارەی (جینۆســایدی نــەرم) بۆیــە داوام لێکـرد توێژینەوەکـەم بـۆ بنێـرێ و دەسـت و بـرد نـاردی و هـەر لەســیاقی گفتوگۆکردنمانــدا، ئــەوان باســی دوو توێژینــەوەی تریـان بـۆ کـردم یەکەمیـان (شووناسـی داتاشـێنراو) و دووەمیـان (تایبـەت بەبڕیـاری ٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسـایش لەساڵی ١٩٩١.
دوای خوێندنــەوەی توێژینــەوەکان و لەبــەر گرنگــی و بەهــای ناوەڕۆکەکانیـان و پێوەنـدیێ جەدەلییـان بەیەکـترەوە لەبـارەی (تاوانــی جینۆســاید دژ بەگەلــی کــوردو کوردســتان) لەگــەڵ دکتــۆر ئاریــان ڕێکەوتیــن گفتوگۆبکەیــن.
ئەگەرچــی دووری نێوانمــان و جیــاوازی کات لــە کەنــەداوە بــۆ کوردســتان) و بەپێچەوانەشــەوە گرفتــی گەورەبــوو، بــەڵام گرنگــی و گەرمــی بابەتــەکان و بڕوابــوون و ســووربوونی هەردوولنـمان لەسـەر ئەنجامدانـی گفتوگـۆکان، توانیـمان ئـەو گرفتــەو گرفتەکانــی تریــش تێپەڕێنیــن و لەچوارچێــوەی ســێ ناونیشــانی جیــاواز (جینۆســایدی نــەرم و قــوورس- شــووناس؛ ململانــێ و گەشەســەندن و کوولتــورو ئاڵنگاری-بڕیــاری ٦٨٨ ڕامـان و گفتوگـۆ: ڕابـردوو، ئێسـتاو ئاینـدە، پێوەنـدی بەتاوانـی جینۆســایدەوە) ســێ چاوپێکەوتــن یــان ڕاســتتر وایــە بێــژم لەســەر ســێ تــەوەر گفتوگۆبکەیــن.

# جینۆسایدی نەرم و پرسیارەکان

ئەمـەی خـوارەوە ئـەو پرسـیارە بنەڕەتیانـەن کـە لەگفتوگـۆی یەکەمـدا ئامادەبـوو ( پێناسـەی گشـتی جینۆسـاید لای ئێـوەو لەڕوانگـەی یاسـاو ڕێکەوتنـە نێودەوڵەتیەکانـەوە چیـەو چ جیاوازییـەك لەنێـوان خوێندنـەوەی کـۆن و نـوێ بـۆ ئـەم بابەتـە هەیـە؟ ئێـوە ئێسـتا کارلەسـەر دیدگایەکـی نـوێ بـۆ جۆرێکـی تر لەجێنۆساید دەکەن (جینۆسـایدی نـەرم) ئامانجتان لەبەکارهێنانـی جینۆسـایدی نـەرم چیـە؟ ئایـا جیاوازییـەك لەنێـوان تاوانـی جینۆسـاید بەگشـتی و جینۆسـایدی نـەرم هەیـە؟ کامانـەن ئـەو دەوڵـەت یـان دەسـڵات و سیسـتەمانەی پەنـا دەبەنـە بـەر جینۆسایدی نـەرم؟ ئامانجیـان لـەم شـێوازەی جینۆسـایدو پاڵنەرەکانـی چیـن؟ ئیمکانـی ئەوەیـە بەپێـی خوێندنـەوەو هەوڵـی بنکۆڵکاریتـان لـەم بـوارە لەچوارچێـوەی لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمـی، دەسـت نیشـانی شـوێن بکەیـن وەك جوگرافیـای تاوانـی جینۆسـایدی نـەرم؟ تاوانـی جینۆسـاید بەپێی یاسـا تاوانـەو چوارچێوەیەکـی گشـتی هەیـە بـۆ ناسـینەوەی؛ ئێـوە کەباسـی جینۆسـایدی قـورس و جینۆسـایدی نـەرم دەکـەن، چـۆن دەتوانـن پۆلێـن بەنـدی بکـەن و کام لـەم دوو جینۆسـایدە

دەکەونە پێشی یەکترو لەجیاکردنەوەو پۆلێنکردنیان پشت بە چی پێوەرێکی زانستی دەبەستن؟
بەدیاریکراوی سیاسەتی دژە کوردو کوردبوون، وەك ئێوە دابەشی دەکەن بۆ جینۆسایدی قورس و جینۆسایدی نەرم، ڕەگی قوڵ و مێژوویی هەیە یان نوێیە بەتایبەت جینۆسایدی نەرم؟ پوختەی لێکۆڵینەوەو ئەنجامگیرییەکانتان لەبارەی جینۆسایدی نەرم گەشتوەتە کوێ؟ یان ئێوە هێشتا لەسەروبەندی لێکۆڵینەوەو هەڵێنجانی زانیاری نوێن؟
دیارترین تاوانەکانی جینۆسایدی نەرم لەعێراق و کوردستان و ناوچەکە کامانەن و کێن قوربانیەکانی ئەم تاوانە؟

## پرسیارەکانی تەوەری شووناس

لەتـەوەری دووەمـدا و بـە (شـووناس؛ ململانـێ و گەشەسـەندن و کوولتـوورو ئاڵنـگاری) ئەمانـەی خـوارەوە بـوون بەپرسـیاری بنەڕەتـی گفتۆگۆمـان( ئێـوە لەپێشـەکی توێژینەوەکەتانـەوە ئـاوا دەسـت پێدەکـەن (شـووناس لەوپرسـە گرنگانـەی کەڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێڕێـت لەدیاریکردنـی ئاسـتی ململانـێ و گەشەسـەندنی وڵاتانـی فرەکەلتـوور) دەمـەوێ پێـش هەمـوو شـتێك شـیکردنەوە بـۆ دوو دیـوی کەلتـوور بکەیـن؛ یـان جیـاوازی نێـوان کولتـووری شـووناش و شووناسـی کەلتـوور بزانیـن؛ بەتایبـەت لەنێـو وڵاتـی فرەکەلتـووردا؟ چونکـە وەك ڕوونـە ئـەم دووچەمکـە جیـاوازی و بەریەککەوتـن و پێکەوەییشـیان هەیـە؟

شووناسـی زاڵ و شووناسـی ژێردەسـتە؛ ئەگـەر دەسـتەواژەکە درووسـت بـێ، گرفتـی سـەرەکی و ململانێکانیـان لەکوێـوە سـەرچاوە دەگـرن؟ ئایـا ئەمـەش بەشـێك نیـە لەپرۆسـەی کۆلۆنیالیزمکـەرو کۆلۆنیالیزکـراو؟ دەمـەوێ لێـرە ڕوونـتر بڵێـم: ئایـا ململانێی شووناسـی زاڵ و شووناسـی ژێردەسـتە لەهەرچوار دەوڵەتـە کۆلۆنیالیـزم کەرەکـەی کـوردو نیشـتمانەکەی «عێـراق،

ئێران، تورکیا، سوریا» تەنیا بۆ کورد ڕاستە یان بۆ پێکهاتەو گروپەکانی تریش ڕاستە، وەك ئاشووری و سابئەی مەندائی و گروپ و ئیتنیکە جیاوازەکانی تر؟ بۆچی یان هۆکاری پشت ئەوە چیە کە ئێوە لەم توێژینەوە تەرکیزی وردتان خستوەتە سەر «عێراق و سوریا»؟ ئایا «عێراق و سووریا» تەنیا نموونەیە لەناوچەکە یان پێچەوانەکەی ڕاستە؟ لەجێگایەکدا بەڕوونی دەڵێن»شووناس دیاردەیەکی ئاڵۆزو فرەڕەهەندە وەك سەرجەم چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوەو پێناسەیەکی گشتگیرو ڕوونی نیە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی تێکەڵکردنی واتاکەی لەگەڵ چەمکەکانی تری وەك نەتەوە پرسەکەی ئاڵۆزتر کردوە» پرسیارەکە ئەوەیە مەگەر شووناس بەشێك نیە لەنەتەوە، بۆچی ئەم ئاڵۆزییە درووست دەکات یان بوە؟ ئەگەر وایە چۆن ڕێڕەوە ڕاستەکە لەنێوان نەتەوەو شووناسدا بدۆزرێتەوە؟

بەریەککەوتنەکان لەنێوان «شووناسی «نەتەوەیی-نیشتمانی»؛ چین و بۆ نەتەوەو نیشتمانێکی کۆلۆنیالکراو، لەبەرامبەر ڕژێمێکی کۆلۆنیالکەردا لەنموونەی «عێراق، سوریا، توورکیا، ئێران» تا جیاوازییەکان دەبنە یەك و ڕوو بەڕووی یەکتر دەبنەوە؟ با بگەڕێینەوە بۆ تێزو بیرۆکەی شووناسی داتاشێنراو؛ کێن ئەوانەی شووناش دادەتاشن؟ بۆچی پەنادەبەنە بەر داتاشینی شووناس و ئامانجیان چیە لەم داتاشینەی شووناس؟ لێرەدا بۆچوون یان بیرۆکەیەکی «مشیل ئەفلەق» کە دامەزرێنەری حیزبی بەعسە دێتەوە

ناو باس یان گفتوگۆکە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ «بۆ ئەوەی نیشتمانی عەرەبی لەمەترسی دوور بخرێتەوە پێویستە کورد لەسوریاو عێراق و بەربەر لەجەزائیر» لەناو ببرێن؛ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەمان فەلسەفەو فیکرو بیرۆکە لەناو زیهنیەتی ڕژێمە عەرەبیەکان و دەوڵەتە کۆڵۆنیالیزمەکاندا بۆ ڕەوایەتیدان بۆ خۆی ناگەڕێ؟ ئەمە تا چەند پەیوەندی جەدەلی بە کولتووری شووناسی زاڵ و کوولتووری شووناسی ژێردەستەوە هەیە؟ ئێوە لەتوێژینەوەکەتاندا باسی ڕۆڵی بەعس دەکەن لەسەپاندنی شووناسی عەرەبی لەژێرناوی شووناسی نیشتمانی؛ پێتان وانیە «بەعس» ئەنجامەو ئەم فەلسەفەیە لەڕابردوو و ئێستاوو داهاتووشدا ئامادەبوونی هەبوەو هەیەو دەشبێ؟ با لێرەدا ئاراستەی پرسیارەکان بگۆڕین بۆ شێوازێکی تر؛ ئەویش ئەوەیە سیاسەتی کۆڵۆنیالیزم و پرۆسەی شێواندنی شووناس تاچەند لەگەڵ سیاسەتی جێنۆساید یەك دەگرنەوە یان لەبنەڕەتدا کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتی زاڵکردنی شووناسی کۆڵۆنیالیزم، بەشێك لەسیاسەتی جینۆسایدکردن؟ تەواوی توێژینەوەکەی ئێوە؛ مەترسییەگەورەکەی ئەوەیە، سەرباری ڕووخانی ڕژێمە دکتاتۆرییەکان لەعێراق، کەچی هێشتاو بەمەودایەکی زۆر گرنکی بەپاراستنی ناسنامەی گروپی ئیتنی زاڵ دەدات، دەتانەوێ لێرەوەو بەم ئەنجام بڵێن پێویستە کوردو تەواوی پێکهاتە کۆڵۆنیالکراوەکان کەشووناسی بوونیان تێك شکێنراوە یان بەردەوام تێك دەشکێنرێ، چی بکەن؟

# بڕیاری ٦٨٨و گفتوگۆو ڕامان

تـەوەری سـێهەم و تایبـەت بەبڕیـاری (٦٨٨و گفتوگـۆو ڕامـان) ئەمانـەی خـوارەوە بـوون بـە پرسـیاری بنەڕەتـی گفتوگۆمان(بڕیـاری ٦٨٨کـەی دەرچـوو، هـۆکارە سـەرەکی و گشـتییەکانی پشـت ئـەم بڕیـارە چیبـوون؟ پێـش کـۆڕەوی ١٩٩١ تاوانـی جینۆسـایدو کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـەو تاوانـی جێنۆسـایدی ئەنفـال و پێـش ئـەم دووتاوانـەش تاوانـی جێنۆسـایدی بارزانیـەکان و تاوانـی جینۆسـایدی فەیلیـەکان لەلایـەن عێـراق ئەنجـام دەدرێ، بـەڵام کـۆڕەوی ١٩٩١ دەبێتـە هـۆکاری سـەرەکی بڕیارەکـە وەك بـاس دەکـرێ؛ ئایـا ئەمـە پەیوەنـدی بـە بەریەککەوتنـی بەرژەوەندییەکانـی وڵاتـە زلهێـزەکان و وڵاتانـی ناوچەکـەوە نەبـوو لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق؟ مـن لەئێـوە تێدەگـەم؛ بـەڵام تاوانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە یـان جینۆسـایدی ئەنفـال لـەدوای جینۆسـایدی فەیلییـەکان و بەرزانیـەکان بەپێشـچاوی دنیـاوە ڕوویانـداو هەڵەبجـەی لێبکـەدەرەوە، کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی نەبڕیـارو نەهەڵوێسـتێکی وای نەنوانـد، بـۆ ئـەوەی زیاتـر گفتوگۆبکەیـن، چـۆن ئـەم هاوکێشـە یـان ئیزدواجییەتـە لەسیاسـەتی کۆمەڵـگای

نێودەوڵەتیـدا بخوێنێنـەوە؟ عێـراق لـەدوای دەسـتبەرداربوونی لەجەنگـی لەگـەڵ ئێـران، تاوانـی جینۆسـایدی ئەنفـال ئەنجـام دەدات کـە هەمـوو پێوەرلـك تاوانی جینۆسـایدە ، کەچی هێشـتا نەکۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و نەدەوڵەتەکانـی ناوچەکـە بەتایبەت وڵاتـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکان، دەنـگ هەڵنابـڕن! بـەڵام کاتێـك پەلامـاری وڵاتـی کوێـت دەدات کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لێـی دێنـە دەنـگ و ڕاپەڕێـن و کـۆڕەوی ١٩٩١ ی بـەدوادێ، ئەوکاتـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەسـت بەجوڵـە دەکـەن، ئایـا ئـەم جوڵەیـە بـۆ کـۆڕەوە یـان دەوڵەتـی کوێـت و بەرژەوەنـدی زلهێـزەکان؟ چـۆن بتوانیـن ڕەگـی پێوەندییەکانـی نێـوان تاوانـی جینۆسـایدو کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـەو بڕیـاری ٦٨٨ دەسـت نیشـان بکەیـن و بدۆزینـەوە یـان لەبنەڕەتـدا ئـەم دووبابەتـە پەیوەندییـان بەیەکـەوە نیـە؟ ئێـوە وای نابینـن کـە پەلامـاردن و داگیرکردنـی کوێـت و هەڕەشـە لەچەنـد وڵاتێکـی تـری ناوچەکـە (عەرەبییـەکان) لەلایـەن (عێراق-بەعـس) وە هـۆکاری جوڵەکانـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و کەمێـك لاکردنەوەبـێ بـەلای کـوردو تاوانـەکان لـەدژی لەعێراقـدا؟ بـا ئاراسـتەی گفتوگۆکەمـان بگۆڕیـن بـۆ دیوێکـی تـر؛ کـورد خـۆی لەکوێـی ئـەم پێشـهات و ڕووداوانـەدا بـوو؟ بـۆ ئـەوکات و ئێسـتاش توانیویەتـی ناوەڕۆکـی بڕیـاری ٦٨٨ وەك خـۆی ببینـێ؟ ئێـوە باوەڕتـان وایـە بڕیـاری ٦٨٨ بەشـێوەیەك لەشـێوەکان داننانـە بەتاوانەکانـی جینۆسـاید لـەدژی کـوردو لەلایـەن دەوڵەتـی (عێراق-بەعـس) وە بەتایبـەت تاوانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە؟ ئەگەروایـە بۆچـی هێشـتا دۆسـییەی تاوانەکانـی جینۆسـاید

دژی کـورد لەباشـووری کوردسـتان بەگشـتی و هەڵەبجـە بەتایبـەت هێشـتا لەسـەرمێزی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی یەکێکـە لەدۆسـییە هـەژارو پەراوێزخـراوەکان؟ کـورد خـۆی لەکوێـی خوێندنـەوەو ڕاڤەکردنـی ناوەڕۆکـی بڕیـاری ٦٨٨ بـوەو چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ کـردوە؟ یـان بەپێچەوانـەوە تـا ئێسـتاش نەیتوانیـوە لەئاسـتی پێویسـت و گرنگـی مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات؟ ناوەڕۆکـی بڕیـاری ٦٨٨ و چەمکـی دەسـتێوەردانی مرۆیـی؛ لەکوێـدا یەکیـان گرتوەتـەوەو لەبەرژەوەنـدی کـورد لەباشـووری کوردسـتان بـوون و نەتوانـراوە تا ئێسـتاش سـوودیان لـێ ببیـنرێ؟ دەمـەوێ گفتوگـۆی ئەوەبکەیـن؛ ئایـا هێشـتا بڕیـاری ٦٨٨ دەریچەیەکـە بـۆ ناسـاندنی تاوانەکانـی جینۆسـای دەوڵەتـی (عێراق-بەعـس) یـان بەپێچەوانـەوە دەکـرێ کـورد لەڕێگایەکـی تـرەوە پرسـەکە بباتـەوە سـەر مێـزی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و کاری لەسـەربکات؟ بـا وەك گریمانـە وەری بگریـن (تـا ئـەم کاتـە باشـووری کوردسـتان لەبـەردەم بیـری فاشـیزم و داگیرکاریـدا، مەترسـی لەسـەرە بەشـێوازی جیاجیـا، لەڕووکەشـدا نـا بـەڵام لەناوەڕۆکـدا فاشـیزم لەعێراقـدا بـۆ ڕەوایەتیـدان بەخـۆی دەگـەڕێ و کوردیـش یەکێـك لەئامانجـە سـەرەکیەکانێتی، بەبـڕوای ئێـوە ئەمـە پێویسـتی دەسـتێوەردانی سیاسـی و مرۆیـی نیـە لەئاسـتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی بەتایبـەت ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـوەکان؟ کـورد خـۆی سـەرقاڵی چیـە لـەم ئاسـتەو ئایـا ئاسـۆیەك لەناوخـۆی خۆیـدا بـۆ کارکـردن هەیـە یـان سـتراتیژێکی ناڕوونـی هەیـە؟

## ئەنجام و کۆتایی؛

ئەمــەی بەردەســت لــەدوو توێــی (کتێبێــك) دا، بەرچنــەی ســێ گفتوگۆیــە لەسەرســێ بابەتــی جیــاوازو لەهەمانکاتــدا پەیوەندیــدار بەیەکــتر، کــە بڕوامــان وایــە لەشــوێنی خۆیــدا خزمەتێکــی جیــاوازە بــە پــڕۆژەی کارکــردن لەبــارەی ناســاندنی تاوانەکانــی جینۆســاید دژی گەلــی کــوردو کوردســتان و لەمــەش جیاوازتــر ئەوەیــە هاتووین ســێ توێژینــەوە شــەن و کەودەکەین و لەزمانــی خــودی توێــژەرەوە کــون و کەلەبەرەکانــی شــیدەکەینەوەو دەبــێ ئــەوەش نەشــارینەوە ئــەم ســێ گفتوگۆیــە لەنێــوان دوو کەســدایە، جیــاواز لەژیانــی ئەکادێمــی و سیاســی و نووســین، دووکەســن هــەردووك شــارەزای بــواری تاوانــی جینۆســاید بەگشــتی و مێــژووی جینۆســایدی گەلــی کــوردو کوردســتانن.

ئومێدمان سوود گەیاندنە

# تەوەری یەکەم:
# جینۆسایدی نەرم و قوورس

## جینۆسایدی نەرم و قوورس «گفتوگۆی کراوە»:

د.ئاریـان رەئـوف: خوێندنـەوەی نـوێ دەبێـت تەرکیـزی لەسـەر پێیـش روودانـی تاوانەکەبێـت

## جینۆساید لەکوردستان:

کوردستـان (باشـوور، باکـور، ڕۆژهـەڵات، ڕۆژئـاوا) بـەردەوام لەلایـەن دەوڵەتـە داگیرکەرەکانیـەوە ڕووبـەڕووی تاوانـی جینۆسـایدکردن کراوەتـەوە؛ ئـەم کورتـە بیوگرافیـا تایبەتـە بەهەرێمـی کوردسـتان (باشـوور) کـە لەهەریەکێـك لەوێسـتگەکانی تاوانەکـەدا، (جینۆسـایدی مرۆیـی، جینۆسـایدی ئابـووری، جینۆسـایدی ژینگەیـی، جینۆسـایدی کولتـووری) بەپێـی هەمـوو یاسـاو ڕێسـا نێودەوڵەتیـەکان ئەنجـام دراوەو لەخـوارەوە ئامـاژە بەشـوێن و مێـژووی تاوانـەکان دەکەیـن:

-تاوانی جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان ١٩٦٩/٨/١٨

-تاوانی جینۆسایدی گووندی سۆریا ١٩٦٩/٩/١٦

-تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ ١٩٧٤/٤/٢٤

تاوانی جینۆسایدو ڕاگوازتنی سەیدسادق ١٩٨٩

-تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان ١٩٨٣/٧/٣١

-تاوانی جێنۆسایدی فەیلیەکان ١٩٨٠/٤/٤

-تاوانی جینۆسایدی ئۆردگای زیوێ ١٩٨٥/٦/٩

-تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە١٩٨٨/٣/١٦

-تاوانی جینۆسایدی کانی ئاشقان-هەڵەبجە ١٩٨٧/٥/١٣

-تاوانی جینۆسایدی ئەنفال ١٩٨٨/٤/١٤
-تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان ٢٠١٤/٨/٣
-تاوانی جینۆسایدی ئاشوورییەکان-سێمێڵ ١٩٣٣/٨/٧
-دۆسـییەی پاکتـاوی ڕەگـەزی و ڕاگوازتنـی زۆرملـێ ١٩٦٩ بـۆ ٢٠٠٣

## سێ تێبینی گرنگ:

یەکـەم: کاتـێ باسـی تاوانـی جینۆسـایدی ئەنفـال دەکەیـن؛ واتـە باسـی هـەر هەشـت قۆناغەکـەو تـەواوی ئـەو وێسـتگانە دەکەیـن کـە چەکـی کیمیـاوی قەدەغەکـراوی تیـا بەکارهێـنراوە بـۆ نموونـە (شاناخسـێ، گۆپتەپـەو عەسـکەر، تازەشـار، بالیسـان و وەرێ، بادینـان) و هتـد

دووەم: پاکتـاوی ڕەگـەزی پرۆسـەیەکی دوورو درێـژی فاشـیزم بـوە لەعێراقـدا (بەتایبـەت سـەردەمی حکومڕانـی بەعـس) لێـرە تەنیـا ئامـاژە بەکردەکـە بەگشـتی دراوە.

سـێیەم: دەیـان وێسـتگەی تـری تاوانـی کوشـتن و سـتەمکاری لەسـەردەمی پێـش بەعـس و کاتـی حکومڕانـی بەعـس هەبـوەو هەیـە؛ بـەڵام مانـای ئـەوە نیـە لەچوارچێـوەی تاوانی جینۆسـایدا جێبگرنـەوە.

بۆیـە ئـەم زانیارییانـەم پێشخسـت؛ دڵنیـام لەکاتـی خوێندنەوەی تـەواوی گفتوگۆکـە یارمەتیـدەرت دەبێـت لەکۆمەڵێـك بابەتـی گرنـگ کـە باسـکراون.

## کورت و پوخت:

پڕۆفیسـۆری یاریـدەر دکتـۆر ئاریـان رەئـوف بڕوانامـەی دکتۆرای لـە « زانسـتە رامیاریـەکان « هەیـەو لەهەمـان کاتـدا مامۆسـتای زانکۆیـە «زانکـۆی گەرمیان-بەشـی یاسـا و بەشـی سیسـتەمە سیاسـیەکان و سیاسـەتی گشـتی «. جگـە لەمـەش نووسـەرو لێکۆڵەرێکـی دیـاری بـواری تاوانـی جینۆسـایدو کاریگـەری و لێکەوتەکانێتـی. ئـەوان لەگـەڵ توێژەرێکـی تـر لەمـاوەی ڕابـردوو سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوە بـوون لەبـارەی تێزێکـی نـوێ لەبـواری تاوانـی جینۆسـایدو لێکۆڵینەوەکەیـان تەواوکـرد.

دەمانزانـی گفتوگـۆ لەبـارەی تێزێکـی نـوێ؛ لەبـارەی پۆلێنکردنی جینۆسـاید بـۆ (جینۆسـایدی نەرم و قـوورس) پێش هەمووشـتێك لەدەسـت نیشـانکردن و کۆنترۆڵکردنـی پرسـیارەکانەوە دەسـت پێـدەکات و ئەوەشـمان دەزانـی ئیدارەدانـی گفتوگۆیەکـی ئـاوا حەوسـەڵەی بـاش و تێڕوانینـی وردو قوڵـی دەوێ، بـەڵام ئەوانـە نـەك نەبـوون بەڕێگـر یـان ئاڵینـگاری لەپێشـمان، بەڵکـو هاندەربـوون بـۆ ئـەوەی بەردەوامبیـن و گفتوگۆکـە ئەنجـام بدەیـن. ئەمەجگـە لـەوەی هەربۆخـۆی سـازدانی گفتوگـۆ لەبـارەی تاوانـی جینۆسـاید ئاسـان نیـەو لانـی کـەم شـارەزایی و

زانیـاری دەوێ، نەخـوازڵا بـۆ تێزێکـی نـوێ لـەم بـوارەو شـەون و کەوکردنـی لەڕێگـەی گفتوگـۆوە.
ئـەم گفتوگۆیـە بـەدوو شـێوازکراوە یـان سـازدراوە؛ یەکەمیـان پـاش ئـەوەی کورتکـراوەی توێژینـەوەی تێزەکـەم کەوتـە بەردەسـت، کۆمەڵێـك پرسـیار ئاراسـتەی دکتـۆر ئاریـان کـراوەو دوای ئـەوەی وەڵامەکانمـان وەرگرتوەتـەوە، بـەوردی خوێندوومانەتـەوەو پاشـان لەنـاو وەڵامەکانـدا پرسـیاری ترمـان درووسـت کـردوەو وەڵامـمان وەرگرتـوەو تێکهەڵکێشـمان کردوونەتـەوە، ئەمـەش بەڕەزامەنـدی نێـوان هـەردوولا، چونکـە نەمانویسـتوە گفتوگۆیەکـی لاوازو بێگیـان پێشـکەش بکەیـن، بەڵکـو تـا لەتواناماندـا هەبـوە، هەوڵمانـداوە گفتوگۆکەمـان زینـدوو بێـت، بەتایبـەت بـۆ بابـەت و تێزێکـی تـازە لەبـواری جینۆسـاید «جێنۆسـایدی نـەرم» و کاریگـەری و لێکەوتەکانـی و بەراوردکردنـی بـە «جینۆسـایدی قـورس» و جیاوازییەکانیـان.
ئەمـەی بەردەسـت کـۆی گفتوگۆکەیـەو خوێنـەرو شـارەزایان، دوای خوێندنـەوەی تێدەگـەن ئـەم بابەتـە «تێـزی جینۆسـایدی نـەرم» بابـەت و تێزێکـی نوێیـەو یەکێکـە لـەو بابەتانـەی پێویسـتە لەنـاو زیهنیەتـی بیرکردنـەوەی ئێمـەدا ئامادەبوونـی هەبـێ، چونکـە لەهەمـوو نەتـەوەو گەلانـی تـر، ئێمـە زیاتـر لەبـەردەم مەترسـییەکانیداین و لـە ڕابـردووش کاریگـەری و ئازارەکانـی جینۆسـایدی قورسـمان چەشـتوە.

# پێناسەی گشتی جینۆساید

* پێناسـەی گشـتی جینۆسـاید لای ئێـوەو لەڕوانگـەی یاسـاو ڕێکەوتنـە نێودەوڵەتیەکانـەوە چیـەو چ جیاوازییـەك لەنێـوان خوێندنـەوەی کـۆن و نـوێ بـۆ ئـەم بابەتـە هەیـە؟

دکتـۆر ئاریـان: لـە زۆربـەی ئـەو نوسـین و توێژینەوانـەی کـە لە بـواری جینۆسـایددا دەکرێـن پشـت بـە ئـەو پێناسـە گشـتگیرە دەبەسـتن کـە لـە ڕێککەوتنامـەی (قەدەغەکردنـی جینۆسـاید و سـزادانی تاوانبارانـی کـە لـە لـە سـاڵی ١٩٤٨)هاتـوە کـە ئەویش بنەماکـەی دەگەرێتـەوە بـۆ هەوڵەکـەی یاسـا ناس(ڕەفایـل لیمکیـن) کـە لـە مـادەی دوودا دەڵێـت: (جینۆسـاید بریتییـە لـە کوشـتن، ئەشـکەنجەدانی جەسـتەیی و هزری، خسـتنەژێربارێکی مەترسـیدار بـۆ لەناوبردنـی گرووپێـك، ڕێگریکـردن لـە زاوزێ و زۆربـوون لەنێـو ئەندامانـی گرووپەکـەدا، ڕاگواسـتنی منداڵانـی ئـەو گرووپـە بـۆ گرووپێکـی دیکـە بـەزۆر، هەمـوو ئەمانـە بـۆ لەناوبردنـی گـرووپ و کۆمەڵێـك هەموویـان یـان بەشـێکیان).

هەروەهـا بەپێـی ئـەم رێکەوتنامـە، جینۆسـاید بریتییـە لـە هەر یەکێـك لـەم کردەوانـەی خـوارەوە کـە بـە نییەتـی لەناوبردنـی تـەواو یـان بەشـێکی گروپێکـی نەتەوەیـی، ئیتنیکـی، ڕەگـەزی،

یـان ئایینـی ئەنجـام دەدرێـن:
١. کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.
٢. زیانگەیاندنــی جەســتەیی یــان دەروونــی قــورس بــە ئەندامانــی گروپەکــە.
٣. سـەپاندنی بارودۆخـی ژیـان بەسـەر گروپەکـەدا کـە ئامانجـی لەناوبردنـی فیزیکـی تـەواو یـان بەشـیان بێـت.
٤. ســەپاندنی ڕێوشــوێنێك بــە ئامانجــی ڕێگریکــردن لــە منداڵبــوون لەنــاو گروپەکــەدا.
٥. گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵانی گروپێك بۆ گروپێکی تر.
خاڵــی یەکلاکــەرەوە لــەم ڕێکەوتننامــە بریتییــە لــە بوونــی نییەتـی تایبـەت (Dolus Specialis) بـۆ لەناوبردنـی گروپەکـە، کــە وای لێــدەکات لــە تاوانەکانــی تــری دژی مرۆڤایەتــی جیــا بکرێتــەوە. واتــە، تەنهــا ئەنجامدانــی ئــەم کردەوانــە بــەس نییــە، بەڵکــو دەبێــت بەڵگــە هەبێــت کــە ئامانجــی ســەرەکی ئەنجامـدەری تاوانەکـە لەناوبردنـی گروپەکـە بـووە. ئەمـە دوو ئیشــکالیەتێکی گــەورەی دروســتکردوە :
یەکـەم لـە ڕووی یاسـایی بێـت یـان لـە ڕووی ڕێگـری کـردن لـە تاوانەکـە: وەك دەزانیـن ڕێکەوتننامەکـە بـۆ قەدەغەکردنـی جینۆســایدە بــەڵام ناوەرۆکــە بــۆ دۆخــی دوای ئەنجامدانــی جینۆسـایدە هەربۆیـەش دەبینیـن تاوانەکانـی جینۆسـایدکردن بەردەوامیــان هەیــە .
دووەم: پێکهاتــە و ناوەرۆکــی ئــەم ڕێکەوتننامــە بــۆ ئــەو حاڵەتانــەی کــە دەوڵــەت و دامــەزراوە فەرمیــەکان بــە جیۆســایدکردن هەڵدەســتن گونجاوتــرە , بــەڵام ناتوانێــت

ئـەو حاڵەتانـەی جینۆسـاید بـە دروسـتی بپێکێـت کـە گروپـە میلیشـیایەکان پێـی هەڵدەسـتن چونکـە زۆرجـار بـە کتوپـری ئەنجـام دەدرێـت بۆنمونـە جینۆسـایدکردنی ئێزیدیـەکان لـە سـاڵی ٢٠١٤لەلایـەن داعشـەوە .

کەواتـە ڕێکەوتنامەکـە بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی لەسـەر کاردانـەوە دوای ڕووداو چـڕ دەبێتـەوە. واتـە، تـا کاتێـك پێنـج کـردەوە سـەرەکییەکەیەکە ڕووی نەدابێـت و بەڵگـەی نییەتـی لەناوبردنیـش نەبێـت، زۆر قورسـە بـە جینۆسـاید دابنرێـت. لەلایەکـی تریشـەوە ناتوانێـت ڕێگـری لـە رودانـی جینۆسـاید بگرێـت ، چونکـە تـا کاتێـك تاوانـە فیزیکیەکـە (کۆمەڵکـوژی) ڕوونـەدەن، یاسـا و میکانیزمـەکان بـە تـەواوی کارا نابـن. ئەوەتـا، لـە سـاڵی ١٩٤٨ەوە سـەرەڕای بوونـی ڕێکەوتننامەکـە، چەندیـن جینۆسـاید ڕوویانـداوە و کاردانـەوەی نێودەوڵەتـی یـان نەبـووە یـان دوای روداوەکـە بـووە. چونکـە کـروك یـان ئامانجـی سـەرەکی لـە رەهەنـدە یاسـاییەکە زیاتـر لێپرسـینەوە و سـزادانی تاوانبارانـە دوای ڕوودانـی تاوانەکـە، نـەك ڕێگریکـردن لـە ڕوودانـی.

لێـرەوە بۆمـان روون دەبێتـەوە خوێندنـەوەی کـۆن بریتیـە لـە رەهەنـدە یاسـاییەکان بـۆ لێپرسـینەوە لـە تاوانبـاران دوای روودانـی تاوانـی جینۆسـاید , بـەڵام خوێندنـەوەی نـوێ دەبێـت تەرکیـزی لەسـەر پێیـش روودانـی تاوانەکەبێـت و جەخـت لـە قۆناغـی ئاگادارکردنـەوەی پیـش وەختـە بکاتـەوە.

## ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨

* کاتێـک دەڵێـی: وەك دەزانیـن ڕێکەوتننامەکـە(١٩٤٨) بـۆ قەدەغەکردنـی جینۆسـایدە بـەڵام ناوەرۆکـە بـۆ دۆخـی دوای ئەنجامدانـی جینۆسـایدە هەربۆیـەش دەبینیـن تاوانەکانـی جینۆسـایدکردن بەردەوامیـان هەیـە)و پاشـان وەك لەکۆتایـدا دەڵێـی (بـەڵام خوێندنـەوەی نـوێ دەبێـت تەرکیـزی لەسـەر پێیـش ڕوودانـی تاوانەکەبێـت و جەخـت لـە قۆناغـی ئاگادارکردنـەوەی پیـش وەختـە بکاتـەوە)؛ چـۆن لەنێـوان ئـەم دوو حاڵەتـە یـان چوارچێوەیـە «کـۆن و نـوێ» و شـێوازی مامەڵەکردنیـان لـەدوای ڕوودانـی تـاوان و پێـش ڕوودانـی تاوان، چوارچێوەیەکـی نوێـی یاسـایی و مرۆیـی بەرهـەم بهێـنرێ بـۆ مامەڵەکـردن؟

دکتـۆر ئاریـان: لەراسـتیدا ڕێکەوتنامەکـەی قەدەغەکردنـی جینۆسـاید سـزادانی تاوانبارانـی لـە سـاڵی ١٩٤٨ و دواتریـش پەیماننامـەی ڕۆمـا بـۆ دادگای تاوانـی نێودەوڵەتـی(Rome Statute of the International Criminal Court) لـە سـاڵی ٢٠٠٢, هەروەهـا پرنسـیپی بەرپرسـیارێتی پاراسـتن (R٢P) ٢٠٠٥ بـەر ڕوونـی دۆخـی دوای جینۆسـایدیان ڕێکخسـتوە, بـەڵام کیشـە چۆنیەتـی ڕێگـری کردنـە لـە تاوانەکـە , ئەگـەر چـی لـە

پرنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن (R٢P) ٢٠٠٥ ئاماژەکراوە بە چارەسەرکردنی هۆکارەکانی روودان, بەڵام هیچ رێکەوتنێك لەسەر دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی جینۆساید نەکراوە , هەربۆیە دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کۆمەڵێك رێکار ئەنجام بدرێت چ لە رووی یاسایی یان مرۆییەوە بێت دیاریترینیان:
یەکەم -هەموارکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨: پێویستە ڕێککەوتننامەکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر میکانیزمەکانی ڕێگریکردن و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بکاتەوە، نەك تەنها سزادانی دوای تاوان. هەموارکردنەکەش ئەمانە لەخۆ بگرێت:
١-پێناسەی فراوانتر بۆ «نییەتی تایبەت» (Dolus Specialis): لەبری ئەوەی تەنها پشت بە بەڵگەی ڕوون بۆ «نییەتی لەناوبردن» ببەسترێت، دەکرێت پۆلێنکاری بۆ جینۆسایدبکریت و سەرلەنوێ پێناسەیەك دابنرێت کە ئەو نیشانە و ئاماژە سەرەتاییانەش بگرێتەوە کە ئەگەری ڕوودانی جینۆساید نیشان دەدەن. بۆ نموونە، زمانی قێزەون، وروژاندنی کینە، و سەرکوتکردنی سیستەماتیکی.
٢-میکانیزمەکانی بەدواداچوونی پێشوەختە: دامەزراندنی لێژنە یان دەستەیەکی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتی بەدواداچوونی هەمیشەیی هەبێت بۆ ئەو ناوچانەی ئەگەری ڕوودانی تێدایە یاخود پێشینەی جینۆسایدیان هەیە، و بتوانێت بە خێرایی ڕاپۆرت پێشکەش بکات.
دووەم - گەرەنتی یاسایی بۆ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە:

١-چالاککردنــی «سیســتەمی هۆشــداری پێــش وەختــە «: ئــەم سیســتەمە ئەگــەر چــی لــە ئێســتادا خــۆی ئەبینێتــەوە لــە میکانزمەکانــی راوێــژکاری تایبەتــی ســکرتیری گشــتی نەتــەوە یەکگرتــوەکان بــۆ جینۆســاید بــەڵام ئــەو میکانیزمانــە نەیتوانیــوە رێگــری بــکات لــە جینۆســاید کــردن وەك چــۆن بینیــمان نەیتوانــی رێگــری بــکات لــە جینۆسـاید لــە شــەنگال لــە ســالی ٢٠١٤. هەربۆیــە دوای هەمــوارکردنــی پێناســەی جینۆســاید ئــەم ئامرازانــە بەگوێــرەی پێناســە نوێیەکــە (جینۆســایدی نــەرم) دابرێژرێتــەوە لەپێنــاو دەستنیشــانکردنی نیشــانەکانی پێــش ڕوودانــی جینۆســاید.

١-پەرەپێدانــی «لیســتی ڕەش»ی گــرووپ و قــەوارە مەترســیدارەکان: هــەروەك چــۆن لــە بــواری تیــرۆردا هەیــە، لیســتێکی نێودەوڵەتــی بــۆ ئــەو گرووپانــە دابنرێــت کــە مێــژووی توندوتیژییــان هەیــە یــان بــە ئاشــکرا بانگەشــەی جینۆســاید دەکــەن، بــۆ ئــەوەی ڕێوشــوێنی پێشــوەختەیان لــە بەرامبــەر بگیرێتەبــەر.

ئەمەوێــت لێــرەدا ئامــاژە بەخاڵێــك بکــەم هەرچەنــدە پێشــنیارەکان کردەییــن، بــەڵام جێبەجێکردنیــان ئاســتەنگی سیاســی گــەورەی دەبێــت. گۆڕینــی یاســا نێودەوڵەتییــەکان پێویســتی بــە ســازان و ڕێککەوتنــی نێودەوڵەتــی هەیــە، کــە زۆرجــار بەهــۆی بەرژەوەنــدی دەوڵەتانــەوە پــەك دەکەوێــت. بــەڵام ئەمــە نابێــت ببێتــە ڕێگــر لــە پێشــنیارکردنی ئــەم گۆڕانکارییانــە.

# جینۆسایدی نەرم

* ئێــوە ئێســتا کارلەســەر دیدگایەکــی نــوێ بــۆ جۆرێکــی تــر لەجێنۆســاید دەکــەن (جینۆســایدی نــەرم) ئامانجتــان لەبەکارهێنانــی جینۆســایدی نــەرم چیــە؟ ئایــا جیاوازییــەك لەنێــوان تاوانــی جینۆســاید بەگشــتی و جینۆســایدی نــەرم هەیــە؟

دکتــۆر ئاریــان: وەك لــە وەڵامــی پرســیاری پیشــوتر ئاماژەمــان پێــدا ئــەم ڕێکەوتننامــە ناتوانێــت قەدەغەکردنــی جینۆسایدکردن بــکات هەربۆیــە جیاکردنــەوەی جینۆســاید بــۆ دوو ئاســت ڕەنگە ئــەو کێشــەیەمان بۆچارەســەر بــکات, هەربۆیــە بــە پێویســتمان زانــی جینۆســاید پۆلێــن بکەیــن بــۆ دوو ئاســات کــە ئەوانیــش( جینۆســایدی نــەرم Soft Genocide-) کــە بریتیــە لــە کۆمەڵێــك سیاســەت و پراکتیکــی سیســتەماتیك کــە هەمــوو ئــەو ڕەفتارانــە لەخــۆ دەگرێــت پێــش جینۆســایدی جەســتەی ڕوودەدەن وەك کــۆی ئــەو قۆناغانــەی کــە زەمینەســازی دەکــەن و لەخۆیانــدا کوشــندەن بــەڵام فیزیکــی نیــن کــە ئامانجیــان تواندنــەوەی ناســنامە، زمــان، کولتــوور و بوونــی نەتەوەیــی گرووپێکــی دیاریکــراوە بــە درێژایــی کات، بەبــێ بەکارهێنانــی توندوتیــژی ڕاســتەوخۆ یــان کۆمەڵکــوژی فیزیــك. ئەمــە دەتوانرێــت

ببەستریتەوە بە قۆناغەکانی ١ تا ٧ی گریگۆری ستانتۆن: (پۆلێنکردن، نامرۆڤکردن، ڕێکخستن، جەمسەرگیری، هتد.). بەڵام (جینۆسایدی قورس- Hard genocide) کردەیی لەناوبردنی فیزیکی لەخۆ دەگرێت ئەم پۆلێنکردنە ڕەنگە یارمەتیمان بدات لە ڕێگریکردن لە جینۆساید چونکە ئەوکات لەو حاڵەتانەی کە جینۆسایدی نەرم ئەنجام دەدرێت ئاسانتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دۆخەکە ناچار ئەکرێت بێتە وەڵام بۆ ئەوەی جینۆسایدی فیزیکی روونەدات. ئەگەر ئەم دابەشکردنە نەبێت رێکەوتننامەکە تەنها بۆ دۆخی دوای رودانە و ناتوانێت ڕێگری بکات. ئاماناجی ئێمە لەم پۆلێنکردنە چەند خاڵێکە لەوانەش:

١- فۆکەس لە سەر ڕێگریکردن (Prevention) بکرێت نەك دوای روودان کە ئەمەش دەرئەنجام کۆمەڵکوژکردنی گروپی بە ئامانجکراو رادەگرێت. ئەمە لە ڕێگەی پۆلێنکردنی جینۆساید بۆ دوو قۆناغی «جینۆسایدی نەرم» و «جینۆسایدی قورس» دەبێت.

٢- پێش جینۆسایدی قورس: ئەم تێزە نوێیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جینۆساید پڕۆسەیەکە و چەندین قۆناغی هەیە کە پێش دەستپێکردنی کردەوە فیزیکیەکان (جینۆسایدی قورس) دەردەکەون. هەربۆیە دەرکەوتنی ئاماژەکانی جینۆسایدی نەرم ، بە تایبەت کاتێك فاکتەری «پێشینەی جینۆسایدی قورس»یان لەگەڵدا بێت، پێویستی بە کاردانەوەی بەپەلەی نێودەوڵەتی هەیە. کاتێك گرووپێك پێشینەیەکی جینۆسایدی قورسی هەیە (وەك کورد لە

عێـراق)، و دواتـر دەکەوێتـە ژێـر سیاسـەتێکی سیسـتماتیکی «نـەرم» (فشـاری ئابووری، پەکخسـتنی مـاددە دەسـتوورییەکان، گوتـاری نامرۆڤکـردن)، ئـەوا ئـەم پێشـینەیە دەبێتـە بەڵگەیەکـی لاوەکـی بەهێـز (یـان تەنانـەت سـەرەکی) بـۆ سـەلماندنی نییەتـی جینۆسـاید.

٣- پێشـنیاری کاردانـەوەی پێشـوەختە: ئـەم خوێندنەوەیـە داوا دەکات میکانیزمەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (وەك ڕاوێـژکاری تایبەتـی سـکرتێری گشـتی بـۆ ڕێگریکـردن لـە جینۆسـاید) بـە شـێوەیەکی کاراتـر لـە قۆناغـی «جینۆسـایدی نـەرم»دا کارا بکرێـن. فشـارە دیپلۆماسییەکان، سـزای ئابـووری، و وروژاندنـی ڕای گشـتی جیهانـی دەبنـە ئامـرازی سـەرەکی بـۆ ڕاگرتنـی پڕۆسـەکە.

٤- کاریگەریـی لەسـەر «نییەتـی جینۆسـاید»: ئـەم خوێندنەوەیە دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە سـەلماندنی نییەتـی جینۆسـاید لـە قۆناغی سـەرەتایی «نـەرم»دا، بەتایبـەت ئەگەر پێشـینەیەکی جینۆسـاید هەبێت.

٥- بەهێزکردنـی ڕۆڵـی کۆمەڵـگای مەدەنـی و میدیـا: خوێندنـەوەی نـوێ ڕۆڵێکـی زۆر گرنـگ دەداتـە میدیـا و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی بـۆ وروژاندنـی ڕای گشـتی جیهانـی و خسـتنە ژێـر فشـاری حکومەتـەکان، بەمـەش دەسـتوەردانی نێودەوڵەتـی لـە قۆناغێکـی زووتـردا ئاسـانتر دەبێـت. بەمـەش زووتـر گوشـار دەخرێتـە سـەر دەوڵـەت یـان گروپـە ئەنجامـدەرەکان بـۆ وەسـتاندنی ڕەفتارەکانیـان.

## گریگۆری ستانتۆن

* قۆناغەکانــی ١ تــا ٧ی گریگــۆری ســتانتۆن: (پۆلێنکــردن، نامرۆڤکــردن، ڕێکخســتن، جەمســەرگیری، هتــد.)؛ ئایــا بــەڕای ئێــوە پێویســتی بەڕوونکردنــەوەی زیاتــرو توێژینــەوەی زۆرتــر نیــە؟ ئەگــەر وایــە چــۆن؟

دکتــۆر ئاریــان: ١٠ قۆناغبەندیەکــەی گریگــۆری ســتانتۆن وەك چوارچێوەیــەك وان بــۆ تێگەیشــتن لــە چۆنیەتــی پەرەســەندنی جینۆســاید، نــەك وەك پڕۆتۆکۆڵێکــی ناچــاری. ئەگــەر بێینە ســەر وەڵامــی پرســیارەکەی بەرێزتــان بەڵێ، بــە دڵنیاییــەوە قۆناغەکانی ١ تــا ٧ی گریگــۆری ســتانتۆن (پۆلێنکــردن، هێماســازی، ناکۆکــی، نامرۆڤکــردن، ڕێکخســتن، جەمســەرگیری، ئامــادەکاری) زۆر گرنگــن و پێویســتیان بــە ڕوونکردنــەوەی زیاتــر و توێژینــەوەی قووڵــتر هەیــە, چونکــە نیشــانەکانی ســەرەتایی جینۆســاید زۆرجــار لــەم قۆناغانــەدا دەســت پێدەکــەن، بــەڵام لەوانەیــە زۆر (نــەرم و نادیــار) بــن یــان وەك کێشــەی ئاســایی کۆمەڵایەتــی یــان سیاســی ســەیر بکرێــن. هەربۆیــە ئــەم قۆناغانــە ئەوانــەن کــە زۆرتریــن دەرفــەت دەڕەخســێنن بــۆ ڕێگریکــردن لــە جینۆســاید، چونکــە هێشــتا نەگەیشــتۆتە قۆناغەکانــی کوشــتنی بەکۆمــەڵ. هەربۆیــە لــەو تێــزەدا ئــەو حــەوت قۆناغەمــان لــە

چوارچێـوەی جینۆسـایدی نەرمـدا پۆلێنکـردوە. کـە ئامانجـی سـەرەکی ئەوەیـە نیشـانەکانی سـەرەتایی جینۆسـاید بناسرێتەوە و ڕێگـری لێبکرێـت پێـش ئـەوەی بگاتـە قۆناغـی کۆتایـی.

بـۆ رونکردنـەوەی ئـەم ستـەیجانە گرنگە چەنـد پرسـیارێك وەڵام بدەینـەوە لـەو پرسـیارانەش: ئایـا مەرجـە ئـەم قۆناغبەندیـە بـەدوای یەکـدا بێـن؟ وەڵامەکـە نەخێـرە، چونکـە مـەرج نییـە سـتەیجەکان بـە شـێوەیەکی هێڵـی و یـەك لـەدوای یـەك ڕووبـدەن. سـتانتۆن خـۆی جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە:

- چەنـد سـتەیجێك دەکرێـت لـە یـەك کاتـدا ڕووبـدەن. بـۆ نموونـە، لـە کاتێکـدا پۆلێنکـردن وهێماسـازی دەکرێـت، لـە هەمـان کاتـدا دەسـت بکرێـت بـە ناکۆکـی و جەمسـەرگیری.
- هەندێـك سـتەیج بـە خێرایـی تێدەپـەڕن یـان بـە یەکـتردا دەچـن.
- هەندێـك جـار لەوانەیـە گرووپێـك هەوڵـی وەسـتاندنی پرۆسـەکە بـدات، بـەڵام دواتـر دۆخەکـە خراپـتر بێتـەوە و بگەڕێتـەوە بـۆ سـتەیجەکانی پێشـوو.
- خێرایـی وکاتـی ڕوودانـی هـەر ستـەیجێك جیـاوازە وپەیوەستە بـە بارودۆخـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و ئـەو دەسـەڵاتەی کـە جینۆسـایدەکە ئەنجـام دەدات.

یەکێتـی تـر لـە پرسـیارەکان ئەوەیـە ئایـا پێویسـت دەکات پرۆسـەکە بـە هەمـوو سـتەیجەکاندا بـڕوات یـان ڕەنگـە دوو سـتەیج ڕووبـدەن و یەکسـەر دوای ئـەوە لەناوبـردن ڕووبـدات؟ وەڵامەکـە ئەوەیـە پێویسـت نـاکات پرۆسـەکە بـە هەمـوو ١٠ قۆناغەکـەدا تێپەڕێـت بـە هەمـان قۆنـاغ و خێرایـی. وەك لـە

وەڵامــی یەکەمــدا باســمان کــرد، هەندێــك ســتەیج دەتوانــن هــاوکات یــان بــە خێرایــی تێبپــەڕن. بــەڵام دەکرێت پرۆســەیەکی جینۆســایدکردن هــەر ١٠ قۆناغەکــە لەخۆبگرێــت کــە ئەمــەش لەوحاڵەتانــەدا ڕوو ئــەدەن کــە جینۆســایدی دەوڵەتــی (وەك جینۆســایدی بارزانیــەکان و فەیلیــەکان و شــاڵاوەکانی ئەنفــاڵ لەلایــەن ســەدام حســین) لــەم جۆرانــەدا، دەســەڵاتی دەوڵــەت هەمــوو ســەرچاوە و دامودەزگاکانــی خــۆی (میدیــا، ســوپا، یاسا) بــەکار دەهێنێــت بــۆ ئەنجامدانــی جینۆسـاید. هەمـوو ١٠ ســتەیجەکە بــە ڕوونــی و بــە شــێوەیەکی ڕێکخــراو دەبینرێــت یــان جێبەجــێ دەکرێــت.

کۆتــا ســەرنج لەبــارەی ســتەیجەکانی گریگــۆری ســتناتۆن لــە هەندێــك حاڵەتــدا، بەتایبەتــی لــە دۆخــی توندوتیــژی زۆر یــان کاتێــك دەســەڵاتێکی زۆر تونــدڕۆ دەســت بەســەر دۆخەکــەدا دەگرێــت، ڕەنگــە هەندێــك ســتەیج زۆر کــورت بێــت یــان بــە جۆرێــك تێکــەڵ بــن کــە جیاکردنەوەیــان قــورس بێــت. بــۆ نموونــە، لەوانەیــە ناکۆکــی و نامرۆڤکــردن زۆر خێــرا ڕووبــدەن و یەکســەر بەدوایــدا لەناوبــردن دەســت پێبــکات، بــە تایبەتــی کاتێــك کــە پلاندانانــی پێشــوەختە هەبووبێــت. کــە ئەمەیــان زۆرجــار ئــەو جینۆســایدانەن کــە گروپــە نادەوڵەتیــەکان ئەنجــام دەدەن بۆنموونــە جینۆســایدی شــەنگال لەلایــەن داعشــەوە.

# کێ پەنا دەباتە بەر جینۆسایدی نەرم

* کامانـەن ئـەو دەوڵـەت یـان دەسـەڵات و سیسـتەمانەی پەنـا دەبەنـە بـەر جینۆسـایدی نـەرم؟ ئامانجیـان لـەم شـێوازەی جینۆسـایدو پاڵنەرەکانـی چیـن؟

دکتـۆر ئاریـان: بەشـێکی زۆر لـەو دەوڵەتانـەی حوکمرانـی تیایانـدا خەوشـدارەو لەهەمانکاتـدا فرە(کەلتـوری و ئاینـی و نەتـەوەی و مەزهـەب) یـن و نەگەیشـتونەتە ئاسـتی دروسـتبونی شوناسـێکی نیشـتمانی هاوبـەش ( ئـەو شوناسـە نیشـتمانیە گوزراشـت لـە هەموویـان بـکات), ئـەوا پەنـا ئەبـەن بـۆ جینۆسـایدی نـەرم, چونکـە لێکەوتـە یاسـاییەکان و فشـارە نێودەوڵەتیـەکان لەسـەریان کەمـتر ئەبێـت. ئەمـەش وەهـا دەکات پەنـا بـۆ جینۆسـایدی نـەرم ببـەن. بۆنمونـە لـە سـاڵانی رابـردوودا لـە تورکیـا و لـە عێراقـی دوای ٢٠٠٣ بەرامبـەر کـورد جینۆسـایدی نـەرم پیادەکـراوە هەربۆیـە هیـچ لێکەوتەیەکـی یاسـایی بەرامبەریـان نەگیراوەتەبـەر لەلایـەن کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی. بۆنمونـە عێراقـی دووای سـەدام حسـین چەندیـن رێـکاری بەرامبـەر بـە کـورد لـە عێـراق گرتوەتەبـەر کـە بەپێـی پێدراوەکانـی لـە چوارچێـوەی جینۆسـایدی نەرمـن بـەڵام لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هیـچ رێکارێـک

بەرامبــەر بەبەغــداد نەگیراوەتەبــەر, چونکــە بــە کێشــەی سیاســی وئەمنــی ئاســایی تەماشــای دەکــەن لــە چوارچێــوەی ئــەو ململانێیانــە دەبینیــن کــە لــە نێــوان هەرێمــی کوردســتان و بەغــداد هەیــە. ئەگــەر لــە دۆخــی عێــراق بروانیــن دەرئەنجــام ڕەنگــە ئــەم پیادەکردنــی جینۆســایدی نەرمــە سەربکێشــێت بــۆ جینۆســایدی قــورس لــە دەرئەنجامــی توندتــر بونــی ململانێکانــی نێــوان هەرێمــی کوردســتان و بەغــداد, بــەڵام جینۆســایدکردنە قورســەکە لــە لایــەن دامەزراوەکانــی دەوڵەتــەوە پیــادە ناکرێــن بەڵکــو لەرێگــەی بریکارەکانــی (میلیشــاکان) وەك چــۆن لــە لــە مــاوەی رابــردوودا لەرێگــەی میلیشــاکانەوە بــە درۆن چەندیــن جــار هێــرش کراوەتــە ســەر هەرێمــی کوردســتان. بەمانایەکــی تــر ئەگــەر جینۆســایدی قورســیش ئەنجــام بــدەن ئــەوا خۆیــان (دەوڵــەت و دامــەزراوەکان) بــەوکارە هەڵناســن بەڵکــو بریکارەکانیــان کــە دەکرێــت گروپــی میلیشــیایی یــان خێڵەکــی بــن رادەســپێرن ئــەو کارە بــکات, ڕەنگــە تازەتریــن نمونــەش بــۆ ئەمــە دەســەڵاتی نوێیــە لــە ســوریا کــە لەرێگــەی بریکارەکانیــاوە (گروپــە میلیشــیا و بــەدووە عەرەبیــەکان) جینۆســایدی قورســی لــە ســوەیدا ئەنجامــدا لەتەممــوزی ســاڵی ٢٠٢٥

# خاڵی پڕ مەترسی

* ئێـوە دەڵێــن( بۆنمونــە لــە ســاڵانی رابــردوودا لــە تورکیــا و لــە عێراقــی دوای ٢٠٠٣ بەرامبــەر کــورد جینۆســایدی نــەرم پیادەکـراوە هەربۆیـە هیـچ لێکەوتەیەکـی یاسـایی بەرامبەریـان نەگیراوەتەبــەر) ئایــا ئەمــە خاڵێکــی پڕمەترســی نیــە؟ ئەگــەر وایــە چــۆن و بــەچ میکانیزمێــك ڕووبــەڕووی ببینــەوە؟ یــان ئایــا ئامــادەکاری ئێمــە لەئاســتی ڕوو بــەڕوو بوونەوەیــە یــان نیمانــە؟ دواتــر ئــەو مەترســی و گریمانەیەیــی باســی دەکــەی بــۆ نموونــە ( ئەگــەر لــە دۆخــی عێــراق بروانیــن دەرئەنجــام رەنگــە ئــەم پیادەکردنــی جینۆســایدی نەرمــە لــە عێــراق سەربکێشــێت بــۆ جینۆســایدی قــورس) کەواتــە تــا ئــەم کاتــەو بــۆ داهاتــووش مەترســی دووبارەبوونــەوەی جینۆســاید بەهێــزەو ڕەنگــە یــان دەتوانیــن بژیــن تەنیــا شــێوازەکەی گــۆڕاوە؟

دکتــۆر ئاریــان: بێگومــان خاڵێکــی زۆر مەترســیدارە تۆیژینەوەکەمــان دەرئەنجامــی دەرککــردن بــەو مەترســیە هاتەبــوون. مەترســیەکەش لــەوەوە ســەرهەڵئەدات کــە دۆخــی رۆژهەڵاتــی ناوەراســت بــە شــڵەژانێکی ترســناکدا ئــەروات رەنگە ئــەم جــۆرە لــە پیادەکردنــی جینۆســایدی نەرمــەدا سەربکێشــت بــۆ جینۆســایدی قــورس کــە راســتەخۆ دەوڵەتــی تورکیــا و عێــراق

پێـی هەڵناسـن بەڵکـو دەکرێـت لەرێگـەی بریکارەکانیانـەوە ئەنجام بدرێـت. بەگشـتی دەتوانیـن ئـەم مەترسـییە لـە چەنـد رەهەندێکـەوە دەستنیشـان بکەیـن :

١. جینۆسـایدی نـەرم وەك نەخۆشـییەکی کوشـندە وایـە کـە بـە هێواشـی گەشـە دەکات و نیشـانەکانی سـەرەتایی بـە ئاسـانی نادیـدە دەگیرێـن. دابەشـکاری کۆمەڵایەتـی، یاسـای جیـاکاری، زمانێکـی پـڕ لـە ڕقوکینـە، واتـا هەمـوو ئـەو قۆناغانەی سـتانتۆن کـە پێـش لەناوبردنـی ڕاسـتەقینە دێـن، لەوانەیـە وەك «کێشـەی ئاسـایی» سـەیر بکرێـن.

٢. دەستنیشـانکردنی جینۆسـاید بەپێـی یاسـای نێودەوڵەتـی پێویسـتی بـە بەڵگـەی زۆر قـورس هەیـە، بەتایبەتـی «نیەتـی تایبـەت» بـۆ لەناوبردنـی تـەواو یـان بەشـێکی گرووپێـك. «جینۆسایدی نـەرم» بـە گشـتی ناگاتـە ئەو ئاسـتانەی کـە بەپێی یاسـا بـە جینۆسـاید دابنرێـت، هەرچەنـدە کاریگەرییەکانـی کوشـندە بـن. ئەمـەش وا دەکات دەسـتتێوەردانی دەرەکـی قـورس بێـت.

٣. کاتێـك ئـەم پڕاکتیکانـە بـە کێشـەی سیاسـی یـان ئەمنـی نـاوزەد دەکرێـن، دەنگـی قوربانییـەکان نادیـدە دەگیرێـت و داواکارییەکانیـان وەك ڕەواندنـەوەی ناکۆکـی سـەیر دەکرێـت نـەك وەك مەترسـی لەناوبـردن.

٤. ئەنجامدەدرانـی جینۆسـاید فێربوونـە چـۆن لـە چوارچێـوەی یاسـادا یـان بـە شـێوازێکی «نـەرم» و شـاراوە پڕاکتیکەکانـی خۆیـان جێبەجـێ بکـەن بـۆ ئـەوەی لـە ژێـر پێناسـەی یاسـایی جینۆسـاید دەربـاز بـن لـە لێپرسـینەوە

بەداخـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان نـەك هیـچ ئامادەکاریـەك هەیـە بەڵکـۆ بەهـۆی دابەشـبون و ململانـێ سیاسـیەکان ئەوەنـەی تـر زەمینـەی ئەوەیـان رەخسـاندوە ئـەو جینۆسـایدە نەرمـەی هێـزە سیاسـیەکانی لـە بەغـداد بەرامبـەر بەهەرێمـی کوردسـتان بەگشـتی و کـورد بـە تایبەتـی ئەنجامـی دەدەن, تەنانـەت لەلایـەن هاوڵاتیانـی هەرێمـەوە هاوسـۆزی بـۆ دەببڕدرێـت و پاڵپشـتی بکرێـن بەبی ئـەوەی دەرك بەوە بکرێت کـە چەنـد مەترسـیدارە . هەربۆیـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم مەترسییە پێویسـتی بـە سـتراتیژییەکی فرەلایەنـە هەیـە, لایەنێکیـان پەیوەندنـی بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەیـە کـە پێشـتر لـە دەرئەنجامـی پرسـیارەکانی بەرێزتـان ئاماژەمـان پێکـردون لایەکـی تریشـیان پەیوەنـدی بـە ناوخـۆی هەرێـم هەیـە کـە ئەبێـت فـرە رەهەندانـە کاری لەسـەر بکرێـت لـە ئاسـتی حکومـەت و ناوەنـدە ئەکادیمیـەکان و رێکخـراوە ناحکومەیـەکان و میدیـا بێـت :

١. هوشیارکردنەوەی نێودەوڵەتی

- کەمپەینەکانی هۆشـیاری: تیشـك خسـتنە سـەر مەترسـییەکانی «جینۆسـایدی نـەرم» و چـۆن دەتوانێـت ببێتـە دەروازەیـەك بـۆ جینۆسـایدی قـورس.

- لۆبـی کـردن: کارکـردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، حکومەتـەکان، و پەرلەمانتـاران بـۆ ناسـاندنی ئـەم چەمکـە و داواکردنـی پشـکنینی وردتـر.

- توێژینـەوەی ئەکادیمـی و میدیاییـەکان: پشـتیوانی لـە توێژینـەوەی ئەکادیمـی و بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتـی لێکۆڵینەوەیی

بــۆ دۆکیومێنتکردنــی ئــەم پڕاکتیکانــە.
٢. دۆکیومێنتکردن و کۆکردنەوەی بەڵگە
- چاوەدێــری بــەردەوام: دامەزراندنــی تیــم و ڕێکخــراوی ناوخۆیــی و نێودەوڵەتــی بــۆ چاودێریکردنــی بــەردەوام لەســەر پێشــێلکارییەکانی مافــی مــرۆڤ و پڕاکتیکەکانــی جینۆســاید.
- تۆمارکردنــی وتــار و ڕووداوەکان: کۆکردنــەوەی بەڵگــەکان لەســەر پۆلێنکــردن، نامرۆڤکــردن، و وتــاری ڕقوکینــە لــە هەمــوو پلاتفۆرمەکانــدا.
- پەنابردنــە بــەر دادگای نێودەوڵەتــی: ئامادەکردنــی دۆســیەی بەهێــز بــۆ دادگا نێودەوڵەتییــەکان، هەرچەنــدە کەمتریــن بــوار هەبێــت بــۆ جینۆســایدی نــەرم.
سێیەم هۆشیاری لە ناوخۆ:
- گرنگــە هاوڵاتیانــی هەرێمــی کوردســتان لــەو مەترســیانە ئاشــنابکرێن چونکــە بەردەوامــی ئــەو هەڵســوکەوتانە زەرەرمەنــدی ســەرەکی هاوڵاتیانــی هەرێمــی کوردســتان دەبێــت و دەبنــە قوربانــی ســەرەکی.
- ســازان و یەکبونــی هێــزە سیاســیەکان زۆر گرنگــە بەرامبــەر ئــەو رەفتارانــەی کــە دەچنــە چوارچێــوەی جیۆســایدی نــەرم, چونکــە پرســەکە لــە ململانێیەکــی ئاســایی نێــوان هەولێــر و بەغــداد بەرزدەکاتــەوە بــۆ هەرەشــەیەکی فعلــی دژ بــە قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان بــە قوربانــی بوونــی هاوڵاتیانــی هەرێــم, ئەمــەش خاڵێکــی گرنگــە بــۆ رێگریکــردن لــە روودانــی جینۆســایدی قــورس.

## جوگرافیای تاوانی جینۆسایدی نەرم

* ئیمکانـی ئەوەیـە بەپێـی خوێندنـەوەو هەوڵـی بنکۆڵکاریتـان لـەم بـوارە لەچوارچێـوەی لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمـی، دەسـت نیشـانی شـوێن بکەیـن وەك جوگرافیـای تاوانـی جینۆسـایدی نـەرم؟

دکتـۆر ئاریـان: ئەگـەر پرسـیارەکەتان تایبـەت بێـت بـە کـورد ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن لـە هـەر چـوار دەوڵەتـی (عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـوریا) لـە ئێسـتادا بـەدی دەکرێـن, خـۆ ئەگـەر پۆلێنیـان بکەیـن ڕەنگـە لـە ئێسـتادا لـە عێـراق و سـوریا لـە سـەخترین حاڵەتـدا بێـت بـە حوکمـی نائارامـی سیاسـی لـەم دوو وڵاتـەدا, هەربۆیـە پێویسـت ئـەکات (ڕاوێـژکاری تایبەتـی سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـوەکان بـۆ جینۆسـاید)ی لـێ ئاگاداربکرێتـەوە چونکـە ڕەنگـە لـە مـاوەی شـەو ڕۆژێکـدا جینۆسـاید قـورس روبـدات لـە سـنورێکی دیاریکـراودا وەك چـۆن ئـەوەی لـە سـوەیدا و کەناراوەکانـی سـوریا رویـدا.

سـەبارەت بـەوەی مەترسـی دووبارەبوونـەوەی جینۆسـاید هەیە ئەتوانیـن بڵێـن لـە ئێسـتادا پیـادەی جینۆسـایدی نـەرم دەکرێت, هیـچ دوور نیـە لـە شـڵەژانی زیاتـری ناوچەکـە رووبـەرووی جینۆسـایدی قـورس ببینـەوە وەك چـۆن دەسـەڵاتی ئەحمـەد

شـەرع بەرامبـەر دروزەکان پیـادەی کـرد لـە ڕۆژئاڤـاش پیـادەی بـکات, بـە هەمـان شـێوازیش لـە عێـراق دوور نیـە میلیشـیاکان ئەنجامـی بـدەن.

## هەنگاوێك بەرەو جینۆسایدی قورس

* ئێـوە باسـی نائارامـی سیاسـی لـەم دوو وڵاتـەدا «سـوریاو عێـراق» وەك نموونـە دێننـەوەو پێتـان وایـە بـۆی هەیە لەشـەوو ڕۆژێکـدا جینۆسـایدی نـەرم سەردەربکێشـێ بـۆ جینۆسـایدی قـورس وبیرۆکـەی ئـەوەش دەخەنـە ڕوو و دەڵێـن( هەربۆیـە پێویسـت ئـەکات (راوێـژکاری تایبەتـی سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتـوەکان بـۆ جینۆسـاید)ی لـێ ئاگاداربکرێتـەوە؟ ئایـا لـەو بـاوەڕەدان نەتـەوە یەکگرتـوەکان و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لـەم مەترسـییە ئاگادارنەبـن؟ ئەگـەر ئـاگادارن و بێدەنگـن؛ هۆکارەکانـی بۆچـی دەگەڕێتـەوە؟

دکتـۆر ئاریـان: بـە دڵنیاییـەوە نەتـەوە یەکگرتـووەکان وکۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی ئـاگادارن لـە مەترسـییەکانی دووبارەبوونـەوەی تاوانـی جینۆسـاید، بەتایبـەت لـەو ناوچانـەی پێشـینەی توندوتیژییـان هەیە و دۆخی سیاسـییان ناسـەقامگیرە. ئـەم ئاگادارییـە لـە چەنـد لایەنێکـەوە بـەدی دەکرێـت:

١-بونـی یونامـی لـە عێـراق خـۆی لـە خۆیـدا نیشـانەی ئاگادارییـە.

٢-ڕاپـۆرت و لێکۆڵینـەوە: دەزگا و ڕێکخـراوە جیاوازەکانی نەتەوە یەکگرتـووەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـە نێودەوڵەتییـەکان

(NGOs) بــەردەوام ڕاپــۆرت و لێکۆڵینــەوە لەســەر دۆخــی مافەکانــی مــرۆڤ و مەترســییەکانی توندوتیــژی لــە ناوچــە ناســەقامگیرەکان بــڵاو دەکەنــەوە.

٣- راپورتەکانــی یونامــی لــە ئەنجومەنــی ئاسایشــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان زۆرجــار دۆخــی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان تاوتــوێ دەکات.

کەواتــە، کێشــەکە لــە نەبوونــی ئــاگاداری نییــە، بەڵکــو لەوەدایــە کــە بۆچــی ســەرەڕای ئــەم ئاگادارییــە، بێدەنگی یــان کاردانەوەی لاواز هەیــە؟ هۆکارەکانــی زۆر ئاڵــۆزن و دەگەڕێنــەوە بــۆ چەنــد لایەنێکــی سیاســی، ئابووری، و ســتراتیجی:

١- بــە ئاســایی ســەیرکردنی ململانێکانــی نێــوان هەولێــر و بەغــداد.

٢- بەرژەوەندیــی وڵاتــان و دابەشــبوونی سیاســی لــە ئەنجومەنی ئاسایش

٣-ســەروەری وڵاتــان: یەکێــك لــە بنەمــا ســەرەکییەکانی یاســای نێودەوڵەتــی بریتییــە لــە ســەروەری دەوڵەتــان و ڕێزگرتــن لــە کاروبــاری ناوخۆییــان. زۆرجــار دەوڵەتــان ئــەم بنەمایــە وەك قەڵغانێــك بــەکار دەهێنــن بــۆ ڕێگریکــردن لــە دەســتێوەردانی نێودەوڵەتــی، تەنانــەت کاتێــك تاوانــە دڕندەییــەکان ئەنجــام دەدرێــن.

٤-کێشەی سەلماندنی «نییەتی تایبەت» (Dolus Specialis):

٥-ێچــووی دەســتێوەردان و بێــزاری لــە جەنــگ: دەســتێوەردانی ســەربازی (تەنانــەت دیپلۆماســیش) تێچــووی زۆری هەیــە لــە ڕووی دارایــی و مرۆییــەوە.

## پۆلێنکردنی جینۆسایدی نەرم و قوورس

* تاوانـــی جینۆســاید بەپێــی یاســا تاوانــەو چوارچێوەیەکــی گشــتی هەیــە بــۆ ناســینەوەی؛ ئێــوە کەباســی جینۆســایدی قــورس و جینۆســایدی نــەرم دەکــەن، چــۆن دەتوانــن پۆلێــن بەنــدی بکــەن و کام لــەم دوو جینۆســایدە دەکەونــە پێشــی یەکــترو لەجیاکردنــەوەو پۆلێنکردنیــان پشــت بــە چــی پێوەرێکــی زانســتی دەبەســتن؟

دکتــۆر ئاریــان: لــە پرســی یاســایی جینۆســایدا بــە پێــی رێکەوتننامەکــە فۆکــەس خســتنە ســەر دوای روودانــی تاوانەکەیــە بــەدەر لــەوەش لــە دوای رودانــی تاوانەکــەش رووبــەروی ئاڵەنــگاری ســەلماندنی نیەتــی ئەنجامدانــی جینۆسـاید ئەبینـەوە , هەربۆیـە ئەمـە لـە لایـەك رێگـری نـاکات لــە روونەدانــی جینۆســاید لــە لایەکــی تریشــەوە ســەلماندنی جینۆسـاید قـورس ئـەکات , بۆنمونـە بـە ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت جینۆسـایدی (فەیلـەکان و بارزانیـەکان و کیمیابارانـی هەڵەبجـە و شـاڵاوەکانی ئەنفـال) بـە جینۆسـاید نەناسـێنراون بەفەرمـی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی (هەرچەنـدە ئێمـە بروامـان وایـە بریـاری ٦٨٨ بەجینۆسایدناســاندنی کیمیابارانکردنــی هەڵەبجەیــە بــە شــێوەیەکی ناراســتەوخۆ). بــەم پییەبێــت ئــەم یاســا خــۆی

لەخۆیـدا لەمپـەرە لەهەمانکاتـدا نـەك ئاسـانکاری نـاکات بـۆ قەدەغەکردنـی جینۆسـاید بەڵکـۆ جۆرێـك لـە جـۆرەکان زەمینـە خـۆش ئـەکات بـۆ ئـەوەی جینۆسـاید لـە بەرگـی تـردا ڕوودات. لـەو پۆلێـن بەندیـە کـە دەرئەنجامـی لێکۆڵینـەوە لـە تاوانەکانی جینۆسـاید ئەنجامـان داون جینۆسـایدی نـەرم پێـش جینۆسـایدی قـورس دەکەوێـت چونکـە بریتیـە لـە قۆناغـی کۆمەڵکوژیەکـە و نکۆڵیکـردن لێـی.

ئـەو پێـوەرە زانسـتیەی پشـتمان پـێ بەسـتوە بریتیە لـە تێزەکەی گریگـۆری سـتانتۆن کـە قۆنـاغ بەنـدی کـردووە بـۆ جینۆسـاید بەمانایەکـی تـر دە قۆناغەکـەی جینۆسـاید»ی گریگـۆری سـتانتۆن (Stages of Genocide - Gregory Stanton ١٠) ئەمـە دەبێتـە بڕبـڕەی پشـتی تێزەکەمـان. ئێمـە هاتویـن پۆلێـن بەندیەکـی ترمـان کـردوە و سـەرلەنوێ دامـان ڕشـتوەتەوە (قۆناغـی ١-٧ جینۆسـایدی نەرمـە و قۆناغـی ٨-١٠ جینۆسـایدی قورسـە) ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە ئـەم تێـزە نوێیـە هاوکاربێـت بـۆ ڕاوێـژکاری تایبەتـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـوەکان لـەو ئامرازانـەی کـە دەیگرێتەبـەر وەك ئاگادارکردنـەوەی پێـش وەختـە (الانـڙار المبکـر) بـۆ جینۆسـاید.

## نموونەی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت

* لەدنیـادا نموونـەی هیـچ ئاگادارکردنەوەیەکـی پێـش وەخـت هەیـە بـۆ ڕوودانـی تاوانـی جینۆسـایدو توانیبێتـی لەڕێـگا لەڕوودانـی تاوانەکـە بـکات؟ ئەگـەر هەیـە لەکـوێ و ئەگەریـش نیـە؛ بۆچـی و هۆکارەکانـی چیـن؟

دکتـۆر ئاریـان: مێـژوو چەندیـن نموونـەی تێدایـە کـە ئاماژەکانی جینۆسـاید پێشـوەختە دەرکەوتـوون، بـەڵام بەداخـەوە زۆربـەی جـار کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی یـان ناتوانێـت یـان نایەوێـت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر کاردانـەوەی هەبێـت بـۆ ڕێگریکـردن لێـی. هۆکارەکانـی ئەمـەش ئاڵـۆزن و بریتیـن لـە هـۆکاری سیاسـی، ئابـووری، و کۆمەڵایەتـی. نموونـەی ئاگادارکردنـەوە پێشـوەختەکان و شکسـتی ڕێگریکـردن رونـدا لـە ساڵی ١٩٩٤ چەنـد مانگێـك پێـش دەسـتپێکردنی جینۆسـایدی ڕوانـدا، نەتەوە یەکگرتـووەکان و چەندیـن وڵاتـی ڕۆژئاوایـی ئاگادارکرانـەوە لـە پلاندانـان بـۆ جینۆسـایدکردنی توتسـییەکان. هەروەهـا بۆسـنە پێـش جینۆسـایدی (١٩٩٥)، نیشـانەکانی پاکتاوکردنـی ڕەگـەزی و تاوانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی لـە بۆسـنەدا هەبـوون. وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئاگادارکرانـەوە لـە کەمپەکانی دەستبەسـەرداگرتن و کوشـتنی موسـڵمانانی بۆسـنە.

# ڕەگی قووڵی جینۆسایدی نەرم

* بەدیاریکراوی سیاسەتی دژە کوردو کوردبوون، وەك ئێوە دابەشی دەکەن بۆ جینۆسایدی قورس و جینۆسایدی نەرم، ڕەگی قوڵ و مێژوویی هەیە یان نوێیە بەتایبەت جینۆسایدی نەرم؟

دکتۆر ئاریان: سیاسەتی دژە کورد و کوردبوون، بەتایبەتی لە شێوەی جینۆسایدی قورس و نەرمدا، ڕەگێکی مێژوویی و قوڵی هەیە و دیاردەیەکی نوێ نییە. مێژووی ناوچەکە بە بەردەوامی شاهیدی هەوڵەکان بووە بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی کورد، چ بە ڕێگەی توندوتیژی ڕاستەوخۆ (جینۆسایدی قورس) بێت یان بە ڕێگەی ژێر بە ژێر و هێواش (جینۆسایدی نەرم). بەڵام لە گەڵ دروست بوونی دەوڵەتە نەتەوەیەکاندا لە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا ڕەگ و ڕیشەی قوڵتری داکوتاوە. لە کاتێکدا جینۆسایدی قورس وەك (بارزانیەکان و فەیلیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و شاڵوەکانی ئەنفال ) ناسێنراون یان گفتوگۆیان لەسەرکراوە، بەڵام جینۆسایدی نەرم بە شێوەیەکی هێواش و بەردەوام لە کاردایە و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەدات لەم ساتەوەختەی ئێستاشدا. بۆنمونە لە عێراقدا لە

دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدامەوە چـووە نـاو قۆناغێکـی نـوێ، بـەڵام سیاسـەتەکانی جینۆسـایدی نـەرم بـە شـێوەی جۆراوجـۆر بەردەوامیـان هەیـە.

# پوختەو ئەنجام

* پوختـــەی لێکۆڵینـــەوەو ئەنجامگیرییەکانتـــان لەبـــارەی جینۆســـایدی نـــەرم گەشـــتوەتە کـــوێ؟ یـــان ئێـــوە هێشـــتا لەســـەروبەندی لێکۆڵینـــەوەو هەڵێنجانـــی زانیـــاری نوێـــن؟
دکتـــۆر ئاریـــان: دەســـتخۆش بـــۆ ئـــەم پرســـیارە لەراســـتیدا لـــە لێکۆڵینەوەکەمـان تەواوکـردوە وتەنهـا ئەوەنـەی مـاوە کـە بڵاوی بکەینـەوە بـە هـاوکاری توێژەرێکـی هاورێـم بـۆ ئـەوەی بتوانین لەئاسـتێکی بـەرزی ئەکادیمـی بڵاویبکەینـەوە. ئەتوانـم بڵێـم پوختـە و ئەنجامگیریەکەمـان لـە رێگـەی وەڵامـی پرسـیارەکانی بەرێزتانـەوە خســتوەتەروو . ســەبارەت بــەو پرســیارەتان ئایــا هێشـــتا لەســـەروبەندی لێکۆڵینـــەوەو هەڵێنجانـــی زانیـــاری نوێـــن, بێگومـــان ئـــەم تێـــزە دەکرێـــت فراوانبکرێـــت, چونکـــە پرســـێکی یاســـایی گرنگـــی وروژانـــدوە وکەلێنـــی وردی تیایـــدا دۆزیوەتـــەوە هەربۆیـــە دەکرێـــت رەخنـــەی رووبەربکرێتـــەوە و لـــە هەمانکاتیشـــدا زانیـــاری نـــوێ لەخـــۆ بگرێـــت و تیۆریـــزە بکرێـــن.
لێـرەدا دەمەوێـت ئـەو هـۆکارەکان بخەمـە ڕوو بۆچـی ئەمـەی خســتومانەتە روو دەکرێــت ببێتــە تێزێکــی نــوێ لــە بــواری جینۆســاید:

١. پڕکردنەوەی کەلێنێکی شیکاریی و کردەیی:
- وەك باسمان کرد، پێناسە یاساییەکانی جینۆساید زۆرجار کاردانەوەن نەك ڕێگری. تێزی «جینۆسایدی نەرم» و «جینۆسایدی قورس» بە تایبەت بە زیادکردنی فاکتەری «پێشینەی جینۆسایدی قورس»، کەلێنێکی گەورە لە نێوان نیشانە سەرەتاییەکان و ڕوودانی فیزیکی تاوانەکە پڕ دەکاتەوە.
- ئەمە چوارچێوەیەکی کردەیی و شیکاریی دەداتە دەست لێکۆڵەران، ڕاوێژکارانی سیاسی، و بڕیاردەران بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پرۆسەی جینۆساید و کاتەکانی دەستوەردان.
٢. جیاوازیی لەگەڵ چوارچێوەکانی ئێستادا:
- چوارچێوەی شیکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوانە درندەییەکان (Framework of Analysis for Atrocity Crimes) چەندین نیشانەی مەترسی دەستنیشان دەکات. بەڵام تێزەکەی ئێمە هەنگاوێکی زیاتر دەڕوات بە پۆلێنکردنی ئەم نیشانانە و خستنەڕووی «جینۆسایدی نەرم» وەك قۆناغێکی پێش-جینۆسایدی دیاریکراو کە پێویستی بە کاردانەوەی تایبەت و بەپەلەیە.
- هەروەها، پێداگرتنی لەسەر فاکتەری «پێشینەی جینۆسایدی قورس» وەك خاڵێکی یەکلاکەرەوە لە قۆناغی نەرمدا، لایەنێکی نوێیە کە دەتوانێت بڕیاردان ئاسانتر بکات و مەترسییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە.
٣. پێشنیاری چارەسەرێکی کردەیی:
- تێزەکە تەنها شیکاریی نییە، بەڵکو پێشنیاری چارەسەری

کردەیـی دەکات بـۆ میکانیزمەکانـی ڕێگریکـردن. داواکـردن بـۆ گۆڕینـی فۆکەسـی نێودەوڵەتـی، بەهێزکردنـی ڕۆڵـی میدیا و ڕای گشـتی، و هاندانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ دەسـتوەردان لـە قۆناغـی «نـەرم»دا، هەموویـان لایەنـە نـوێ و گرنگەکانـن.

٤. تێزی «نییەتی جینۆساید» بەهێزتر دەکات:

o سـەلماندنی «نییەتـی جینۆسـاید» یەکێکـە لـە سـەختترین ئاسـتەنگەکان لـە دادگا نێودەوڵەتییەکانـدا. ئـەم تێـزە دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت بـە ڕێگەیەکـی ناڕاسـتەوخۆ، بەتایبـەت کاتێـك پێشـینەیەکی جینۆسـایدی قـورس هەبێـت، ئەمـە دەکرێـت وەك بەڵگەیەکـی لاوەکـی بەهێـز بـۆ بوونـی نییـەت لـە کردەوەکانـی «جینۆسـایدی نـەرم»دا بـەکار بهێنرێـت.

٥. پتەوکردنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن (R٢P):

پرەنسـیپی بەرپرسـیارێتی پاراسـتن(R٢P) کـە سـێ پایـەی سـەرەکی هەیـە و بـاس لـەوە دەکات کـە دەوڵەتـان بەرپرسـیارن لـە پاراسـتنی هاوڵاتیانیـان لـە تاوانـە دڕندەییـەکان، و ئەگـەر نەیانتوانـی یـان نەیانویسـت، کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی بەرپرسـیارێتی پاراسـتنیان لـە ئەسـتۆ دەگرێـت. تێـزی «جینۆسـایدی نـەرم» چوارچێوەیەکـی پراکتیکیـتر بـۆ جێبەجێکردنـی R٢P لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکاندا دابیـن دەکات، پێـش ئـەوەی تاوانـە فیزیاییـەکان ڕووبـدەن.

## دیارترین تاوانەکانی جینۆسایدی نەرم

* دیارتریــن تاوانەکانــی جینۆسـایدی نـەرم لەعێـراق و کوردسـتان و ناوچەکـە کامانـەن و کێـن قوربانیەکانـی ئـەم تاوانـە؟
دکتــۆر ئاریــان: بێگومــان ئــەوەی ئێســتا لــە عێراقــدا بەرامبــەر بەهەرێمــی کوردســتان و هاوڵاتیەکانــی ئەکرێــت جۆرێکــە لــە جینۆســایدی نــەرم , ڕەنگــە ئــەم تێڕوانیــە لا بەشــێك بــە نادیــدە بگیرێــت یاخــود هەرێمــی کوردســتان بــە هــۆکاری ئــەو ململانێیانــە بزانرێــت. ئێمــە نکۆڵــی لــەوە ناکەیــن هێــزە سیاســیە ســەرەکیەکانی دەســەڵات لــە هەرێمــی کوردســتان ســامان و داهاتــی هەرێــم لەبەرژەوەنــدی تایبەتــی خۆیــان بەکارئەهێــن وگەندەڵــی ڕوون لــە دۆسـیەی نەوتـدا هەیـە بـەڵام لــە هەمانکاتــدا دریژکــراوەی هەمــان سیاســیەتی گەندەڵــی و بەهەدەردانــە کەلــە کــۆی عێراقــدا هەیە.هــەر بۆیــە جەخــت لــەوە دەکەینــەوە بەشــێکی دیــاری ئــەو ڕەفتارانــەی بەغــداد بەرامبــەر بــە هەرێمــی کوردســتان و ناوچــە کێشــە لەســەرەکان دەیــکات دەچیتــە چوارچێــوەی جینۆســایدی نــەرم, نمونــە لــەو مامەڵانــەی کــە هێــزە سیاســیەکان لــە بەغــداد پیــادەی دەکــەن و دەچنــە چوارچێــوەی جینۆســایدی نــەرم بریتیــن لــە:
١-پێشـیلکردنی دەقەکانـی دەسـتور: دەسـتووری عێـراق لەسـەر

بنەمای فیدراڵیزم و شەراکەتی ڕاستەقینە بنیات نراوە. تەنها دابەشکردنی دەسەڵات نەبوو، بەڵکو میکانیزمێك بوو بۆ پێکەوەکارکردن و هاوبەشیکردن و دوبارە نەکردنەوەی تەجروبەکانی دەسەڵاتەکانی پیشووتر لە عێراق، بەڵام لە دوای ساڵی ۲۰۰۵ و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەکانەوە، جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییانە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەوە. بۆنمونە:

مادەی (١٤٠) تایبەت بە کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان و ماددەی (٦٥) ئەنجومەنی ئیتحادی (ژووری دووەمی پەرلەمان) پەکخراوان.

٢-فشاری ئابووری وەك «سەپاندنی بارودۆخی سەختی ژیان لەرێگەی کەمکردنەوە و برینی پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان: ڕەنگە بەوێنە گشتیەکە ببینین بڵێن پەیوەندی بە پرسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان وهەناردەکردنی نەوتەوە بێت, بەڵام لەراستیدا لە ٢٠٠٦ هەموو ساڵێك پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان کێشەی بۆ دروستکراوە بۆنمونە لەمبارەیەوە بەیان جەبر صولاغ وەزیری دارایی حکومەتی ئیتحادی لە یاداشتەکانیدا بە شانازیەوە دەڵێت ئێمە بوین پشکی بودجەی هەرێمی کوردستانمان لە ١٧٪ کەمکردەوە بۆ ١٢٪ , خۆ ئەکات هەرێمی کوردستان نەوتی هەناردە نەدەکرد.

لەلایەکی ترەوە برینی موچەی فەرمانبەران یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی نامرۆڤکردن، مامەڵەکردنی مرۆڤە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر. لەم کەیسەدا،

مووچـه کـه سـەرچاوەی سـەرەکی ژیـان و پاراسـتنی شـکۆی مرۆییـە بـۆ ملیۆنـان هاووڵاتـی، دەکرێتـە کارتـی فشـار وئامرازێکـی سیاسـی لـە ململانێیـدا بەکاردەهێنرێـت. لێـرەدا، مرۆڤـەکان (فەرمانبـەران و خێزانەکانیـان) وەك ئامانجـی کۆتایی و خـاوەن مـاف سـەیر ناکرێـن، بەڵکـو وەك «ئامـرازی فشـار» بەکاردەهێنرێـن بـۆ ناچارکردنـی لایەنـی بەرامبـەر (حکومەتـی هەرێـم). بـەم شـێوەیە، بەهـای مرۆڤـەکان و پێداویسـتییە بنەڕەتییەکانیـان دادەبەزێنرێـت بـۆ ئاسـتی کەرەسـتەیەکی سیاسـی.

٣-گوتـاری نامرۆڤکـردن (پۆلێنکردنـی هەرێمـی کوردسـتان وەك کێشـە):

بەخوێندنـەوەی گوتاری سـەرکردە سیاسـیەکانی نـاو چوارچێوەی هەماهەنگـی(الإگار التنسـیقی) کـە بـە روونـی گوتـارەکان ئامـاژەی داماڵیـن لـە مرۆڤبونـی کـوردی تیـادان، بۆنمونـە هەرێـم بـە «پەناگـە بـۆ ئیسرائیـل» ، «داڵـدەدەری بەعسـیەکان» «جوداخـواز»، «داهاتـی بـەسرە بـۆ هەرێـم خـەرج دەکرێـت»، «گەنـدەڵ»، پێشـمەرگەی سـەر بـە ئیسرائیـل و هتـد، وێنـا دەکات. کاتێـك ئـەم وێناکردنـە جێگیـر بـوو، ئیـتر سـزادانیان لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە ئاسـانتر دەبێـت. ئەمـەش لـە لەکاتێکدایـە کـە گوتـاری سیاسـیەکانی عێـراق بەتایبـەت (ئیتـاری تەنسـیقی) لـە مـاوەی رابـردوودا بـە ئاشـکرا وەك گوتارێکـی شـۆفێنی دەرئەکەوێـت بەرامبـەر بەهەرێمـی کوردسـتان، ئەگەرچـی لـە گوتـاری فەرمـی حکومەتـدا ئەمـە کەمـتر بـەدی ئەکـرا گوتارەکـە زۆربـەی کات لـە چوارچێـوەی «پاراسـتنی سـامانی نیشـتمانی»،

«سـەروەریی یاسـا»، و«یەکپارچەیـی عێـراق» خـۆی ئەبینیـەوە, بـەڵام لـە دوا چاوپێکەوتنـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق (محمـد شـیاع ئەلسـودانی) لەبـارەی هەرێمـی کوردسـتان بـە ئاشـکرا مەرجـی پێدانـی موچـەی هەرێمـی کوردسـتانی بەسـتەوە بـە مانـەوەی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان. هاوتایـی ئـەم وتـارە لـە میدیـا وسۆشـیال میدیـا، گوتارێکـی زۆر تونـد وبێبەهـاکار بەرامبـەر بەهەرێمـی کوردسـتان و کـورد و مافەکانـی بـەدی دەکرێـت. چونکـە وێنایەکـی نـا واقعـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دروسـتکردوە کـە شـایەنی بـاس کـردن نیـە لـەم باسـەدا. بـە بەکارهێنانـی ئـەم دەسـتەواژانە، کێشـەکە لـە کێشـەی مافـی هاووڵاتیانـی کوردسـتانەوە گۆڕیـوە بـۆ کێشـەی مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەسـەڵاتێکی «یاخیبـوو داڵـدەدەری بەعـس و هتـد».

هـەر لـەم بارەیـەوە (بیـت الاعـلام العراقـی) لـە سـێیەمین ڕاپۆرتـی خۆیـدا لـە ٢٠١٨ سـەبارەت بـە وتـاری ڕق و کینـە لـە میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەژێـر ناونیشـانی (فەرهەنگـی ڕق: ئـەو زاراوانـەی کـە لـە ئاشـتی کۆمەڵایەتـی عێـراق دەدەن) باسـی لـە چەندیـن زاراوە و وشەسـازی کـردووە کـە لـەم میدیانـەدا باسـیان لێـوە دەکرێـت بـۆ ئـەوەی ببنـە بەشـێك لـە کولتـوری جەمـاوەری لەنێـو ئـەو زاراوە و دەربڕینانـەی دژی کـورد هەبـوون، بریتیـن لـە: (شـێرپەنجەی عێـراق، کـوردە خائینـەکان، دزەکانـی نەوتـی ، کـوردی بەکرێگیـراو , کـورد جولەکـەی عێـراق و ئیسرائیلـی عێـراق، جوداخوازانـی عێـراق). وەك ئاشکراشـە نامرۆڤکـردن لـە پۆلێـن بەندیـە ١٠ قۆناغەکـەی گریگـۆری سـتانتۆن بـۆ جینۆسـاید هاتـوە. وگرنگتریـن خـاڵ

لێـرەدا پێویسـتە رونـی بکەینـەوە ئەوەیـە بۆچـی ئێمـە لـەم پرۆسـە دەبێـت بترسـین؟ وەڵامەکـە تارادەیـەك روونـە چونکـە ئـەم سیاسـەتە لـە بۆشـاییدا ڕوونـادات، بەڵـکو ئەمـە بەرامبـەر بـە گەلێـك دەکرێـت کـە پێشـتر ڕووبـەڕووی جینۆسـایدی ڕاسـتەقینە بوەتـەوە وەك جینۆسـایدکردنی(فەیلیەکان وبارزانیـەکان وشـاڵاوەکانی ئەنفـال وکیمیابارانـی هەڵەبجـە). ئـەو کاتـەش پاسـاوی جینۆسـایدەکە گوتـاری نامرۆڤکـردن بـوو («کـورد تێکـدەر و خائینـن»). لـە تێڕوانینـی ئەکادیمیـەوە ، کاتێـك دەبینێـت هەمـان دەوڵـەت (هەرچەنـدە بـە سیسـتمێکی جیـاوازەوە) دیسـانەوە پەنـا بـۆ سـزای بەکۆمـەڵ وفشـاری سیسـتماتیك دەبـات، ئەمـە وەك درێژکـراوەی هەمـان عەقڵیەتی لەناوبـردن دەبینرێـت، بـەڵام بـە ئامـرازی نـوێ ونەرمـتر، بۆنموونـە چەکـی کیمیایـی و لـە ناوبردنـی بەکۆمـەڵ (جینۆسـایدی قورس- Hard Genocide) گـۆڕاوە بـۆ چەکـی ئابـووری و سـزادانی گشـتی (جینۆسـایدی نـەرم- Soft Genocide)، بـەڵام ئامانجـە سیاسـییەکە کـە لـە بنەڕەتـدا لاوازکـردن ولەناوبردنـی ئیـرادەی سیاسـی و نەتەوەیـی کـوردە وەك خـۆی ماوەتـەوە.

ئەکرێـت چەندیـن خاڵـی تـری گرنـگ ئامـاژە پـێ بدەیـن لەوانـەش هێرشـی سـەربازی لەرێگـەی درۆن بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و لاوازکردنـی دامـەزراوەکان چەندیـن خاڵـی تـر . سـەبارەت بـە گروپـی بـە ئامانجکراویـش بێگومـان هەمـوو کـوردە لـە عێـراق وئامانـج لـە پیادەکردنـی ئـەم جـۆرە لـە جینۆسـاید بریتیـە لـە سـەپاندنی شوناسـێکی داتاشـێنراو بۆکـورد و فەرزکردنـی شوناسـی گروپـی ئیتنـی زاڵ( عەرەبـی

شـیعە) بـە نـاوی شوناسـی نیشـتمانی (عێـراق). لـە هەمانکاتـدا ڕووبــەرووی هیــچ لێپرســینەوەیەکی وبەرپرســیارەتی یاســایی نابنـەوە, چونکـە هەمـوو ئـەو ڕەفتارانـە ناکەونـە چوارچێـوەی ئامرازەکانـی ڕێکەوتننامـە قەدەغەکردنـی جینۆسـاید لـە سـاڵی ١٩٤٨.

# کۆتایی و گفتوگۆی کراوە

دکتـۆر ئاریان:لـە کـۆی پرسـیارەکانی بەڕێزتـان ئەتوانـم ئـەم ئەنجامگیریـە بخەمـەڕوو:
لـە کاتێکـدا پێناسـەی یاسـایی جینۆسـاید لـە ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانـدا جێگیـرە و تەنهـا تایبەتـە بـە کـردەوە فیزیاییـەکان لەگـەڵ نیەتـی لەناوبـردن، خوێندنـەوە نوێیەکـە (تیـزی «جینۆسـایدی نـەرم و قـورس») هەوڵـدەدات قۆناغەکانی پێـش ڕوودانـی جینۆسـاید بـە جـددی وەربگرێـت. ئەمـە دەتوانێـت ڕێگایـەك بکاتـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی بێتوانایـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لـە ڕێگریکردنـی جینۆسـاید و گۆڕینـی بیرکردنـەوەی جیهانـی لـە کاردانەوەیەکـی دواکەوتوو بـۆ سـتراتیژییەکی پێشـوەختە و کاریگـەر. هەربۆیـە ئـەم تێـزە، وەك چوارچێوەیەکـی شـیکاریی و کردەیـی نـوێ، پۆتانسـێلی گـەورەی هەیـە بـۆ داهاتـووی لێکۆڵینەوەکانـی جینۆسـاید و میکانیزمەکانـی ڕێگریکـردن لێـی.
سـوپاس بـۆ بەڕێزتـان و بـۆ پرسـیارەکانتان کـە دەرفەتـی ئـەوەی دایـن گفتوگۆیەکـی وردی زانسـتیانە ئەنجـام بدەین و باوەڕیشـم وایـە ئـەم گفتوگۆیـە دانەخـرێ و پێویسـتە بەردەوامـی هەبـێ، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ڕووبـەڕووی تاوانـی جینۆسـایدی هـەم نـەرم و هەمیـش قـوورس ببینـەوە.

## پەراوێزێکی گرنگ:

لەگفتوگۆکەماندا لـەزۆر جێـگا باسـی دە سـتەیجەکەی گریگۆری سـتانتۆن هاتـوە، ئەمـەی خـوارەوە دەقـی ئـەو دە سـتەیجەیە، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر شـارەزایی لەبارەیانـەوە هەبـێ.

سـتەیجەکانی جینۆسـاید لـە ڕوانگـەی گریگـۆری سـتانتۆنەوە، کـە ١٠ سـتەیجن، بریتیـن لـە:

١. پۆلێنکردن (Classification):

* کۆمەڵگا دابەش دەکرێت بەسەر «ئێمە» و «ئەوان».

* ناسـنامەی جیـاواز دروسـت دەکرێـت لەسـەر بنەمـای نەتەوە، ئاییـن، نـەژاد، یـان ئایدۆلۆژیا.

* بـۆ نموونـە، دابەشـکردنی خەڵکـی عێـراق بـۆ شـیعە و سـونە و کـورد هتـد

٢. هێماسازی (Symbolization):

* نـاوەکان یـان هێـماکان بەکاردەهێنرێـن بـۆ جیاکردنـەوەی گرووپـەکان.

* بـۆ نموونـە، جولەکـەکان ناچـار دەکـران هێمایـەك لـە قۆڵیـان ببەسـت لـە سـەردەمی نازییـەکان.

٣. ناکۆکی (Discrimination):

* گرووپـی ئامانـج بێبـەش دەکرێـت لـە مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان.

* یاسای جیاکاری دادەنرێت بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات و چالاکییەکانیان.

٤. نامرۆڤکردن (Dehumanization):

* گرووپی قوربانی بە «مرۆڤی نەشیاو» وەسف دەکرێن (وەك: مێروو، مشك، شێرپەنجە).

* ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن بە ئاسانی زیانیان پێ بگەیەنن یان بیکوژن بەبێ ئەوەی هەست بە تاوان بکەن.

٥. ڕێکخستن (Organization):

* هێزە چەکدارەکان یان میلیشیاکان پێکدەهێنرێن بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

* پلانڕێژی دەکرێت بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کوشتنەکان.

٦. جەمسەرگیری (Polarization):

* ناوبژیوانییەکان یان دەنگە میانڕەوەکان لاواز دەکرێن یان بێدەنگ دەکرێن.

* ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ قەدەغە دەکرێن یان دەخرێنە ژێر گوشارەوە.

* میدیا بەکاردەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ڕقوکینە.

٧. ئامادەکاری (Preparation):

* قوربانییەکان کۆدەکرێنەوە لە گۆڕەپان یان کەمپەکان.

* پێناسەی ناسنامە دەکرێت و لیستی ناوەکان ئامادە دەکرێن.

* چەك دابەش دەکرێت بەسەر ئەنجامدەدرانی جینۆساید.

٨. چەوساندنەوە (Persecution):

* کوشتنەکان دەست پێدەکەن، بە گشتی لە شێوەی کۆمەڵکوژی بچووك یان دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان.

* ماڵ و موڵکی قوربانییەکان دەستی بەسەردا دەگیرێت.

٩. لەناوبردن (Extermination):

* ئەمە لووتکەی جینۆسایدە، کاتێك کوشتنەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان و سیستماتیك ئەنجام دەدرێن.

* کۆمەڵکوژی گەورە ڕوودەدەن.

١٠. حاشاکردن (Denial):

* دوای جینۆساید، ئەنجامدەران هەوڵدەدەن حاشا بکەن لە ڕوودانی تاوانەکە.

* بەڵگەکان دەشاردرێنەوە یان لەناودەبرێن.

* قوربانییەکان تاوانبار دەکرێن.

# تەوەری دووەم:
# شووناس؛ ململانێ و
# گەشەسەندن و کوولتورو ئاڵنگاری

# شووناس؛ ململانێ و گەشەسەندن و کولتوور و ئاڵنگاری

شووناس پرسێکی ئاڵۆزو لەهەمان کاتدا جێگای گفتوگۆیەکی گەرمە. لەماوەی ڕابردوو دوو مامۆستای زانکو (پڕۆفیسۆری یاریدەر ئاریان ڕووف عەزیز-زانکۆی گەرمیان بەشی یاسا) و پرۆفیسۆری یاریدەر سکاڵا حوسێن حمە ئەمین -زانکۆی پۆلی تەکنیکی گەرمیان) و (دکتۆر ڕێبوار ڕەووف حمەساڵەح-زانکۆی هەڵەبجە-سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ) باس و توێژینەوەیەکی وردو قوڵیان لەسەر ئەم پرسە ئەنجامدا؛ دوای خوێندنەوەی توێژینەوەکە گفتوگۆی دووەممان لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر «دکتۆر ئاریان ڕەووف « ئەنجامدا.

لەگفتوگۆکەماندا پرسیارەکانمان لەبارەی (شیکردنەوە بۆ دوو دیوی کەلتوور؛ یان جیاوازی نێوان کولتووری شووناش و شووناسی کەلتوور؛ بەتایبەت لەنێو وڵاتی فرەکەلتووردا؟ شووناسی زاڵ و شووناسی ژێردەستە؟ ئایا ئەمەش بەشێك نیە لەپرۆسەی کۆلۆنیالیزمکەرو کۆلۆنیالیزکراو؟ ئایا ململانێی

شووناســی زاڵ و شووناســی ژێردەســتە لەهەرچــوار دەوڵەتــە کۆلۆنیالیــزم کەرەکــەی کــوردو نیشــتمانەکەی «عێــراق، ئێــران، تورکیــا، ســوریا» تەنیــا بــۆ کــورد ڕاســتە یــان بــۆ پێکهاتــەو گروپەکانــی تریــش ڕاستە، وەك ئاشــووری و ســابئەی مەندائــی و گــروپ و ئیتنیکــە جیاوازەکانــی تــر؟ بۆچــی یــان هــۆکاری پشــت ئــەوە چیــە کــە ئێــوە لــەم توێژینــەوە تەرکیــزی وردتــان خســتوەتە ســەر «عێــراق و ســوریا»؟ ئایــا «عێــراق و ســووریا» تەنیــا نموونەیــە لەناوچەکــە یــان پێچەوانەکــەی ڕاســتە؟ مەگــەر شــووناس بەشــێك نیــە لەنەتــەوە، بۆچی ئــەم ئاڵۆزییە درووســت دەکات یــان بــوە؟ ئەگــەر وایــە چــۆن ڕێــڕەوە ڕاستەکە لەنێــوان نەتــەوەو شووناســدا بدۆزرێتــەوە؟ بەریەککەوتنــەکان لەنێــوان «شووناســی «نەتەوەیــی- نیشــتمانی»؛ چیــن و بــۆ نەتــەوەو نیشــتمانێکی کۆلۆنیالکــراو، لەبەرامبــەر ڕژێمێکــی کۆلۆنیالکــەردا لەنموونــەی «عێــراق، ســوریا، توورکیــا، ئێــران» تــا جیاوازییــەکان دەبنــە یــەك و ڕوو بــەڕووی یەکــتر دەبنــەوە؟ کێــن ئەوانــەی شــووناش دادەتاشــن؟ بۆچــی پەنادەبەنــە بــەر داتاشــینی شــووناس و ئامانجیــان چیــە لــەم داتاشــینەی شــووناس؟ لێــرەدا بۆچــوون یــان بیرۆکەیەکــی «مشــیل ئەفلــەق» کــە دامەزرێنــەری حیزبــی بەعســە دێتــەوە نــاو بــاس یــان گفتوگۆکــە، ئەویــش ئەوەیــە کــە دەڵــێ «بــۆ ئــەوەی نیشــتمانی عەرەبــی لەمەترســی دوور بخرێتــەوە پێویســتە کــورد لەســوریاو عێــراق و بەربــەر لەجەزائیــر» لەنــاو ببرێــن؛ پرســیارەکە ئەوەیــە ئایــا هەمــان فەلســەفەو فیکــرو بیرۆکــە لەنــاو زیهنیەتــی ڕژێمــە عەرەبیــەکان و دەوڵەتــە کۆلۆنیالیزمەکانــدا بــۆ ڕەوایەتیــدان بــۆ خــۆی

ناگـەڕێ؟ ئەمـە تـا چەنـد پەیوەنـدی جەدەلـی بـە کولتـووری شووناسـی زاڵ و کوولتـووری شووناسـی ژێردەسـتەوە هەیـە؟ سیاسـەتی کۆڵۆنیالیـزم و پرۆسـەی شـێواندنی شـووناس تاچەنـد لەگـەڵ سیاسـەتی جێنۆسـاید یـەك دەگرنـەوە یـان لەبنەڕەتـدا کۆڵۆنیالیـزم و سیاسـەتی زاڵکردنـی شووناسـی کۆڵۆنیالیـزم، بەشـێك لەسیاسـەتی جینۆسـایدکردن؟ ئەمانـەو چەندیـن پرسـیاری تـر؛ پانتایـی گفتوگۆکەمـان وەردەگـرن.

## پرس و پێناسەی شووناس

* سەرەتا با لەپرسی شووناسەوە دەست پێبکەین؛ ئێوە لەپێشەکی توێژینەوەکەتانەوە ئاوا دەست پێدەکەن (شووناس لەوپرسە گرنگانەی کەڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەدیاریکردنی ئاستی ململانێ و گەشەسەندنی وڵاتانی فرەکەلتوور) دەمەوێ پێش هەموو شتێك شیکردنەوە بۆ دوو دیوی کەلتوور بکەین؛ یان جیاوازی نێوان کولتووری شووناش و شووناسی کەلتوور بزانین؛ بەتایبەت لەنێو وڵاتی فرەکەلتووردا؟ چونکە وەك ڕوونە ئەم دووچەمکە جیاوازی و بەریەککەوتن و پێکەوەییشیان هەیە؟

دکتۆر ئاریان: لە راستیدا پرسیارەکەت لە پرسێکی ئاڵوز و جۆرێك لە تێك هەلپێچە هەربۆیە پێویست ئەکات سەرەتا چەمکەکان بخەینە روو دواتر سەرنج لەسەر جیاوازی و بەریەکەوتنەکان بکەین لە لە وڵاتی فرە کەلتوردا.

شوناس چەمکێکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە لە زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا. بە گشتی، شوناس ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی، بیروباوەڕ، بەها، پەیوەندی و هەست بە خۆناسینەوە کە کەسێك یان گروپێك لە کەسانی

تــر جیــا دەکاتــەوە. شــوناس تەنهــا وەســفێکی ســادە نییــە، بەڵکــو پرۆســەیەکی بەردەوامــە لــە بنیادنــان و گۆڕانــکاری کــە لــە ڕێگــەی کارلێککــردن لەگــەڵ ژینگــەی کۆمەڵایەتــی، کلتووری و مێژوویــدا گەشــە دەکات. بــەڵام شوناســی کولتــووری ئــەو لایەنانــەی کەســێتی یــان کۆمەڵەیــەك کــە بەهــۆی پەیوەندییــان بــە کولتوورێکــی دیاریکــراوەوە دیــاری دەکرێــت. بــە واتایەکــی تــر، شوناســی کولتــوور بریتییــە لەهەســتکردن بەســەر بــە گرووپێکــی کولتــووری تایبــەت، کــە بەهــا و بــاوەڕ و نەریتەکانی ئــەو کولتــوورە دەبنــە بەشــێك لــە کەســێتی تــاك. لێــرەدا، کولتوورەکــە پێــش شــوناس دێــت، واتــە تــاك یــان گرووپێــك بەهــۆی ئــەوەی لەنــاو کولتوورێکــدا گــۆش دەکرێــن و گــەورە دەبــن، شوناســێکی تایبــەت وەردەگــرن. بەگشــتی شوناســێکە لــە ئەنجامــی ژیــان و پەیوەنــدی لەگــەڵ کولتوورێکــی دیاریکــراودا دروســت دەبێــت. ئەلێکــی هۆنێــس لــە کتێبــی (الــصراع مــن أجـل الاعـتراف: القواعـد الأخلاقیـە للصراعـات الاجتماعیـە) ئەمـە روندەکاتــەوە کــە شــوناس ناســنامە بەشــێوەیەکی قۆنــاغ بــە قۆنــاغ لــە کارلێکــە ڕۆژانەییەکانــەوە دروســت دەبێــت.

لێــرەدا، وشــەی «شــوناس» جەخــت لەســەر ئــەو هەســتە دەکاتــەوە کــە «تــۆ ســەر بــە کوێــی؟» یــان «تــۆ کێیــت لــە ڕووی کەلتوورییــەوە؟» ئەمــە هەســتێکە کــە تاکێــك هەیەتــی: واتــە تــۆ وەك تاکێــك هەســت دەکەیــت کــە ســەر بــە کەلتوورێکــی دیاریکــراوی. ئەمــە دروســت دەبێــت لــە ڕێگــەی زمانــی دایکــی، دابونەریتەکانــی خێزانەکــەت، ئــەو خواردنانــەی دەیخۆیــت، ئــەو جلانــەی دەیپۆشــیت، ئــەو مێــژووەی کەلتوورەکــەت

هەیەتـی، ئـەو گۆرانـی و مۆسـیقایەی گوێـی لێدەگریـت. ئامانج لەمـە ئەوەیـە پێـت دەڵێـت تـۆ بەشـێکیت لـە کۆمەڵگایەکـی گەورەتـر، مێژوویەکـی هاوبـەش و بەهـای هاوبەشـتان هەیـە. بۆنمونـە شوناسـی کەلتـووری تـۆ ئەوەیـە کـە کوردیـت. ئەمـە واتـە تـۆ هەسـت دەکەیـت سـەر بـە کەلتـووری کـوردی، زمانـی کـوردی قسـە دەکەیـت، جەژنـی نـەورۆز دەگێڕیـت، جلوبەرگـی کـوردی دەپۆشـیت، بـە بەشـێك لـە مێـژوو و ئەدەبـی کـوردی دەزانیـت. تەنانـەت ئەگـەر لـە دەرەوەی کوردسـتان بژیـت، هێشـتا ئـەم هەسـتە لەگەڵتدایـە.

کولتـووری شـوناس ئاماژەیـە بـۆ ئـەو کولتـوورەی کـە لـە چـواردەوری شوناسـێکی دیاریکـراودا دروسـت دەبێـت. یـان شـعورێکی هاوبەشـە بـە ناسـنامە یـان شـوناس لەنـاو گروپێکـی کولتووریـدا .واتـە، کۆمەڵێـك خەڵـك لەسـەر بنەمـای هاوبەشـییەك (وەك: نەتـەوە، ئاییـن، زمـان، ڕەگـەز، یـان تەنانـەت بیروباوەڕێکـی سیاسـی) کۆدەبنـەوە و کولتوورێکـی تایبـەت بـە خۆیـان دەخوڵقێنـن کـە سـیمبول، بەهـا، نەریـت، و شـێوازی ژیانـی تایبـەت بـەو شوناسـە لەخـۆ دەگرێـت. لـەم حاڵەتـەدا، شوناسـەکە دەبێتـە چەقـی سـەرەکی و کولتوورەکـە وەك دەربڕینێـك یـان پەرەپێدانـی ئـەو شوناسـە سـەیر دەکرێت. لێـرەدا، کولتوورەکـە پێـش شـوناس دێـت، واتـە تـاك یـان گرووپێـك بەهـۆی ئـەوەی لەنـاو کولتوورێکـدا گـۆش دەکرێـن و گـەورە دەبـن، شوناسـێکی تایبـەت وەردەگـرن.

کولتـوری شـوناس زۆرجـار لـە وەڵامـی هەسـتکردن بـە جیـاوازی یـان هەڕەشـە لـە شوناسـێکەوە دروسـت دەبێـت، چونکـە

یارمەتــی بەهێزکــردن و چەســپاندنی ئــەو شوناســە دەدات لەنــاو کۆمەڵــگادا. لــە هەمانکاتــدا دەکرێــت ببێتــە هــۆی دروســتکردنی ســنوور و دیــوار لەنێــوان گرووپــە جیاوازەکانــدا، بەتایبەتــی کاتێــك هەســتی «ئێمــە» و «ئــەوان» بەهێــز دەبێــت. بۆنموونــە: کولتــووری کــوردی، کولتــووری عەرەبــی، کولتــووری ئیســلامی، کولتــووری ڕۆژهەڵاتــی یــان ڕۆژاوایــی. لــە هەریــەك لەمانــەدا، شوناســێکی دیاریکــراو (کــوردی، عەرەبــی، موســڵمان ، ڕۆژهەڵاتــی، ڕۆژاوایــی) دەبێتــە ناوەنــد و کولتوورەکــەش وەك دەربــڕ و پارێــزەری ئــەو شوناســە کار دەکات.

جیاوازی، بەریەککەوتن و پێکەوەیی ئەم دوو چەمکە:

• جیاوازی:

- شوناســی کلتــووری (Cultural Identity): ئاماژەیــە بــۆ «چــی» یــان «کام کلتــوور» کەســێك یــان گروپێك خــۆی پێدەناســێنێتەوە. واتــە، شوناســی کلتــووری ناوەڕۆکــی شوناســەکەیە (زمانەکــەم، نەتەوەکــەم، ئایینەکــەم).

- کلتــووری شــوناس (Culture of Identity): ئاماژەیــە بــۆ «چــۆن» یــان «میکانیزمــە کلتوورییــەکان» کــە شــوناس لــە کۆمەڵگایەکــدا فــۆرم دەکرێــت و دەربڕیــن دەکرێــت. واتــە، کلتــووری شــوناس ئــەو شــێواز و چوارچێــوە کلتوورییانەیــە کــە ناوەڕۆکــی شوناســەکە لــە ناویانــەوە دروســت دەبێــت.

• بەریەککەوتن و پێکەوەیی:

- ئــەم دوو چەمکــە بــە تــەواوی بەیەکــەوە بەســتراونەتەوە و بەریەککەوتنێکــی قووڵیــان هەیــە. ناتوانیــن یەکێکیــان بەبــێ ئــەوی تریــان تێبگەیــن.

- پێکەوەیـی: شوناسـی کلتـووری (ناوەڕۆکەکـە) لـە نـاو کلتـووری شـوناس (چوارچێـوە و شـێوازە کلتوورییـەکان) گەشـە دەکات. واتـە، کلتـووری شـوناس ئـەو ژینگەیـە دابیـن دەکات کـە تێیـدا شوناسـی کلتـووری دروسـت دەبێـت و دەربڕیـن دەکرێـت. بـۆ نموونـە، شوناسـی کلتـووری کـورد (وەك نـاوەڕۆك: زمـان، نەریـت، مێـژوو) لـە نـاو «کلتـووری شـوناس»ی کوردییـەوە گەشـەی کـردووە، کـە لـە ڕێگـەی چیرۆکگێڕانـەوە، هەڵپەڕکـێ، جلوبەرگـی کـوردی و هتـد، شـوناس دەپارێزێـت و دەیگەیەنێـت.

- بەریەککەوتـن (لـە هەندێـك کاتـدا): لـە کاتـی گۆڕانـکاری کۆمەڵایەتـی خێـرا، گلۆبالیزاسـیۆن یـان هەبوونـی چەندیـن کلتـووری شوناسـی جیـاواز لـە یـەك کۆمەڵگـەدا، ڕەنگـە تاکەکان یـان گروپـەکان تووشـی قەیرانـی شـوناس بن. بـۆ نموونـە، کاتێك کلتـووری شوناسـێکی زاڵ هەوڵـدەدات کلتـووری شوناسـێکی کەمینـە بتوێنێتـەوە، ئـەوا شوناسـی کلتـووری ئـەو کەمینەیـە دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەوە. لـەم حاڵەتانـەدا، ئـەم دوو چەمکـە دەتوانـن لـە ململانێـدا بـن

بـە روانیـن لەخسـتە رووەکانـی سـەروە شوناسـی کلتـور وابەسـتەیەکی کەسـی گروپـی هەیـە تارادەیـك دابـراوە لـە دەربرینـە سیاسـیەکان و نابێتـە هـۆی ململانێـی لـە نـاو وڵاتێکی فرەکلتـوری , بـەڵام کلتـوری شـوناس هەسـتێکی هاوبەشـە دەکرێـت وەك ئاکتێکـی سیاسـی بەکاربهێنرێـت بـۆ جوڵاندنـی هەسـتی دژ بـوون و لەناوبردنـی کلتـوری شوناسـی ئەوانـی تـر. لـە وڵاتانـی فـرە کولتووریـدا، ئـەم دوو چەمکـە دەکرێـت ببنـە

سـەرچاوەی پێکـدادان یـان پێکەوەژیـان، بەپێـی ئـەوەی چـۆن مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکرێـت:

پێکـدادان: کاتێـك کولتوورێکـی شـوناس هـەوڵ دەدات خـۆی زاڵ بـکات بەسـەر کولتوورەکانـی تـردا یـان شوناسـی کولتـووری گرووپەکانــی تــر فەرامــۆش بــکات، پێکــدادان ڕوودەدات. هەروەهــا کاتێــك هــەر گرووپێــك خــۆی لــە چوارچێــوەی کولتـووری شوناسـی خۆیـدا قەتیـس دەکات و ڕێگـە بـە گفتوگـۆ و تێگەیشـتن نـادات لەگـەڵ ئەوانـی تـر. نموونـە: هەوڵـدان بـۆ سـەپاندنی زمانـی یـەك نەتـەوە بەسـەر نەتەوەکانـی تـردا لـە وڵاتێکـی فـرە نەتـەوەدا.

پێکەوەژیـان: کاتێـك هەمـوو گرووپـەکان ڕێـز لـە کولتـووری شوناســی یەکــتر دەگــرن و هــاوکات، شوناســی کولتــووری هەموویـان لـە چوارچێوەیەکـی فراوانـتردا دەناسرێتـەوە و ڕێـزی لــێ دەگیرێــت و لــە هەمانکاتــدا شوناســێکی هاوبــەش بــۆ دامـەزراوەکان دروسـت دەکـەن . ئەمـە دەتوانێـت ببێتـە هـۆی دەوڵەمەندبوونــی ژیانــی کولتــووری وڵاتەکــە.

# شووناسی زاڵ و شووناسی ژێردەستە

* شووناسـی زاڵ و شووناسـی ژێردەسـتە؛ ئەگـەر دەسـتەواژەکە درووسـت بـێ، گرفتـی سـەرەکی و ململانێکانیـان لەکوێـوە سـەرچاوە دەگـرن؟ ئایـا ئەمـەش بەشـێك نیـە لەپرۆسـەی کۆلۆنیالیزمکـەرو کۆلۆنیالیزکـراو؟
دکتـۆر ئاریـان: دەسـتەواژەکانی «شووناسـی زاڵ» و «شووناسـی ژێردەسـتە» لـە بوارەکانـی زانسـتە سیاسـیەکان بەکاردێـن بـۆ وەسـفکردنی پەیوەندییـە نایەکسـانییەکانی نێـوان گرووپـە ئیتنـی وکۆمەڵایەتییـەکان. ئـەم چەمکانـە ئامـاژە بـەو پێکهاتـە دەسـەڵاتییە دەکـەن کـە تێیـدا شووناسـێکی دیاریکـراو ( کـە بـە گشـتی هـی گرووپـی زۆرینـە یـان گرووپـی دەسـەڵاتدارە )وەك سـتاندارد دەسـەپێنرێت، لـە کاتێکـدا شووناسـەکانی تـر وەك کەمـتر دادەنرێـن.
شووناسـی زاڵ: بریتییـە لـەو کۆمەڵـە تایبەتمەنـدی (نەتەوەیـی، ئایینـی، ڕەگـەزی، چینایەتـی، زمانـی، کولتـووری، هتـد) کـە لـە کۆمەڵگایەکـدا دەبێتـە پێـوەر و دەسـەپێنرێت بەسـەر گشـتدا. ئـەم شووناسـە بـە گشـتی لەلایـەن ئـەو گرووپـەوە نوێنەرایەتـی دەکرێـت کـە خاوەنـی دەسـەڵاتی ئابـووری، سیاسـی،

کولتـووری و دامەزراوەییـە. ڕەگ و ڕیشـەی ئـەم شووناسـە لـە ڕێگـەی پـەروەردە، میدیـا، یاسـا، دەزگا ئاینیـەکان و نەریتـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە قـووڵ دەبێتـەوە و خـۆی وەك سروشـتی و ڕاسـتەقینە دەسـەپێنێت.

شووناسـی ژێردەسـتە: ئاماژەیـە بـۆ ئـەو شووناسـانەی کـە لەلایـەن سیسـتەمی زاڵـەوە پەراوێـز خـراون، نادیـدە گیـراون، یـان بـە شـێوەیەکی نەرێنـی وێنـا کـراون. خاوەنانـی ئـەم شووناسـانە بـە گشـتی گرووپـە کەمینەکانـن. ئـەوان لـە چوارچێـوەی گوتـاری زاڵـدا کەمـتر دەسـەڵات و نوێنەرایەتیـان هەیـە و زۆرجـار ڕووبـەڕووی جیـاکاری و چەوسـاندنەوە دەبنـەوە.

گرفتـی سـەرەکی و ململانێـی نێـوان ئـەم دوو جـۆرە شووناسـە سـەرچاوە دەگرێـت لـەوەی شووناسـی زاڵ هـەوڵ دەدات کولتـوور، زمـان، و مێـژووی شووناسـە ژێردەسـتەکان سـڕ بکاتـەوە یـان بێبایەخیـان بـکات. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی هەسـتکردن بـە بێبەشـبوون و لەدەسـتدانی بەهـای خۆیـی لەلایـەن گرووپـە ژێردەسـتەکانەوە. هەروەهـا شوناسـی زاڵ هـەوڵ ئـەدات بـێ بەشـی گروپـی ژێردەسـتە بـکات لـە هاوبەشـی کردنـی لـە ئیدارەدانـی وڵات کـە سـەرئەنجام ئەمەش وەهـا دەکات نایەکسـانی و سـتەمکاری پیادەبکرێـت بەرامبـەر گروپـی ژێردەسـتە.

ئـەم دیاردەیـە بـە شـێوەیەکی قـووڵ بەشـێکە لـە پرۆسـەی کۆلۆنیالیـزم و پاشـماوەکانی. بـۆ نمونـە لـە سـەردەمی کۆلۆنیالیزمـی کلاسـیکدا، کۆلۆنیالیسـتەکان (وەك بەریتانیـا،

فەڕەنسا، هۆڵەندا) شووناسی خۆیان (ئەورووپی، سپیپێست، مەسیحی، «شارستانی») وەك شووناسی زاڵ سەپاند بەسەر گەلانی کۆلۆنیالیزەکراودا. شووناسەکانی گەلانی ژێردەستە (ئەفریقی، ئاسیایی، ڕەسەنەکانی ئەمریکا) وەك «دڕندە»، «ناشارستانی»، «هەستنەکراو» یان «پاشکەوتوو» وێنا کران. تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکیش، زۆرجار پێکهاتەی زاڵ و ژێردەستە لەناو دەوڵەتە نوێیەکاندا بەردەوام دەبێت. گرووپێکی نەتەوەیی یان ئایینی دیاریکراو لە ناوخۆی وڵاتێکدا دەبێتە خاوەنی شووناسی زاڵ و گرووپە کەمینەکانی تر دەکەونە پێگەی ژێردەستەیی. وەك چۆن ئەوەی لە قۆناغی دروستبونی دەوڵەتی عێراق تاوەکو ئێستا بەرامبەر بە کورد هەمان مامەڵە پیادە دەکرێت . ململانێی نێوان شووناسی زاڵ و شووناسی ژێردەستە ململانێیەکی قووڵی دەسەڵات، دانپێدانانە بە ماف و خودبونی شوناسی گروپە ژێردەستەکە. ئەمەش تەنها تایبەت نییە بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیالیزەکراوەکان، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتانیشدا لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا بەردەوامە. تێگەیشتن لەم دینامیکیایە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی و ئیتنی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و دادپەروەرتر کە تێیدا هەموو شووناسەکان دانپێدانراو و ڕێزیان لێ بگیرێت.

# کۆڵۆنیالیزم و کەمینەکانی تر

* کۆلۆنیالیزمکەرەکانی کوردو نیشتمانەکەی «عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا» تەنیا بۆ کورد ڕاستە یان بۆ پێکهاتەو گروپەکانی تریش ڕاستە، وەك ئاشووری و سابئەی مەندائی و گروپ و ئیتنیکە جیاوازەکانی تر؟

دکتۆر ئاریان: بێگومان، ململانێی شوناسی زاڵ و شوناسی ژێردەستە تەنیا بۆ کورد ناگرێتەوە بەڵکو ، بەڵکو بۆ زۆربەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تریش ڕاستە کە لەژێر دەسەڵاتی شوناسی زاڵی ئەوچوار وڵاتەدا (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا)دا.

ئەم وڵاتانە بە درێژایی مێژوو و بەتایبەت لە دوای دروستکردنیان لە لایەن زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە لە سەدەی بیستەمدا، هەوڵیانداوە شوناسێکی نەتەوەیی یان ئایینی یان هەردووك بەسەر هەموو دانیشتوواندا زاڵ بکەن و بچەسپێنن، کە زۆرجار ئەم شوناسە شوناسی زۆرینەی حوکمڕان بووە. بۆ نموونە لە عێراقدا شوناسی عەرەبی-سوننی (لە سەردەمی بەعس) یان عەرەبی-شیعی (لە ئێستادا) وەك شوناسی زاڵ هەوڵدراوە بسەپێنرێت. ئەمەش کاریگەری

لەسـەر کـورد، ئاشـووری، تورکـمان، سـابئی مەندائـی، ئێزیـدی و پێکهاتەکانـی تـر هەبـووە. ئەمـە بـۆ وڵاتەکانـی تـری وەك ئێـران و تورکیـاش هەمـان شـتە, وپێکهاتـە کەمینـەکان ڕووبـەڕووی سیاسـەتەکانی ئاسـمیلەکردن (تواندنـەوە)، پەراوێزخسـتن، ڕەتکردنـەوەی مافـە کولتـووری و سیاسـییەکانیان، یـان تەنانـەت سـەرکوتکردن بوونەتـەوە، چونکـە شوناسـیان جیـاواز بـووە لـە شوناسـی زاڵـی دەوڵەتەکـە. بۆیـە، ئـەم ململانێیـە دیاردەیەکـی فراوانـترە و تەنیـا تایبـەت نییـە بـە کـورد.

# کۆڵۆنیالیزمی کلاسیك و شووناس

* باسی کۆڵۆنیالیزمی کلاسیکت کرد؛ دەمەوێ ڕاتبگرم و پرسیارەکەشم ئەوەیە: جیاوازی نێوان کۆڵونیالیزمی کلاسیك و کۆڵۆنیالیزمی نوێ چیە؟ یان ئایا دەتەوێ بڵێی لەگەڵ پێشکەوتنەکان لەسەر هەموو ئاستەکان فەلسەفەو فیکرو سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمیش خۆی نوێکردوەتەوە یان بەردەوام لەخۆنوێکردنەوەدایە؟ ئەگەر وایە ئایا ئەمە یەکێك نیە لەتوخم و هۆکارە سەرەکیەکانی مانەوەو بەردەوامبوونی شووناسی زاڵ و شووناسی ژێردەستە؟

دکتۆر: ئاریان: جیاوازی نێوان کۆڵۆنیالیزمی کلاسیك و کۆڵۆنیالیزمی نوێ (یان نوێخوازی) بابەتێکی گرنگە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی سەردەمدا. بەڵێ، کۆڵۆنیالیزم خۆی نوێکردووەتەوە و بەردەوامە لە گۆڕانکاری، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ناسنامەی زاڵ و ژێردەستە.

کۆڵۆنیالیزمی کلاسیك (کۆن): بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی ١٥ تا ناوەڕاستی سەدەی ٢٠. سروشتی ئەم

کۆلۆنیالزمـە داگیـرکاری ڕاسـتەوخۆی خـاك، لـە ڕێگـەی هێـزی سـەربازی ڕاسـتەوخۆ، دامەزراندنــی سـوپای کۆڵۆنیالــی، یاسـادانانی ڕاسـتەوخۆ، کۆنترۆڵـی سیاسـی تـەواو ودامەزراندنـی حکومەتـی کۆڵۆنیالـی، ناردنـی دانیشـتوان لـە وڵاتـی داگیرکـەر بـۆ خاکـە داگیرکـراوەکان. کـە ئامانـج لێـی دەسـتگرتن بەسـەر سـەرچاوە سروشـتییەکان (وەك زێڕ، زیو، نەوت، گازی سروشـتی، کانـزا)، بـازاڕی بەکارهێنـەر بـۆ کاڵای وڵاتـی داگیرکـەر، و شـوێنی سـتراتیژی سـەربازی. لێکەوتەکانیشـی بریتـی بـوون لـە لەنـاو بردنـی کلتـوور و زمانـە خۆجێییـەکان، گۆڕینـی سـنوورەکان، دابەشـکردنی کۆمەڵگـەکان، دروسـتکردنی سیسـتەمی سیاسـی و ئابـووری کـە لـە بەرژەوەنـدی وڵاتـی داگیرکـەر بـوو. بۆنمونـە داگیـرکاری بەریتانیـا لـە هیندسـتان، فەڕەنسـا لـە ئەفریقـا، ئیسـپانیا لـە ئەمریـکای لاتیـن.

کۆڵۆنیالیزمـی نـوێ (نوێخـوازی - Neocolonialism): دوای شـەپۆلی سـەربەخۆیی وڵاتانـی داگیرکـراو لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمەوە تـا ئێسـتا دەسـتپێدەکات . سروشـتی کۆڵۆنیالیزمـی نـوێ لەبـری داگیـرکاری ڕاسـتەوخۆی خـاك، کۆنترۆڵکـردن بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ و لـە ڕێگـەی ئامـرازە ئابـووری، سیاسـی، کلتـووری و تەکنەلۆژییەکانـەوە دەبێـت. ئامانـج لەمـەش پاراسـتنی هەژموونـی ئابـووری و سیاسـی وڵاتانـی پێشـکەوتوو بەسـەر وڵاتانـی تـازە سـەربەخۆ یـان گەشەسـەندوو، دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوە سروشـتییەکان، دڵنیابـوون لـە بـازاڕی کاڵاکانیـان، و پاراسـتنی بەرژەوەندییـە سـتراتیژییەکان. ئەمـەش لەڕێگـەی: قەرزدانـی گـەورە لەلایـەن

دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانـەوە (وەك سـندووقی دراوی نێودەوڵەتـی - IMF و بانکـی جیهانـی) کـە مەرجـی توندیـان لەسـەرە و دەبێتـە هـۆی لاوازبوونی سـەروەری ئابـووری وڵاتانی قـەرزدار. و هەروەهـا ڕێککەوتننامـەی بازرگانـی ناهاوسـەنگ کـە لـە بەرژەوەنـدی وڵاتـە دەوڵەمەندەکانـە، بەرزکردنـەوەی بـاج لەسـەر کاڵا پیشەسـازییەکانی وڵاتانـی تـازە گەشەسـەندوو و هاوردەکردنـی کاڵای خـاو بـە نرخـی هـەرزان, هەروەهـا دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتـان لـە ڕێگـەی پشـتگیریکردنی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان، یـان فشـار خسـتنە سـەر حکومەتـەکان. هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی کلتـووری وڵاتانـی زلهێـز لـە ڕێگـەی میدیـا، فیلـم، مۆسـیقا، و تەکنەلۆژیـا، کـە دەبێتـە هـۆی لاوازبوونـی ناسـنامەی کلتـووری خۆجێیـی. بـۆ نموونـە: پشتبەسـتنی کۆنترۆڵـی کۆمپانیـا گەورەکانـی ڕۆژئـاوا بەسـەر سـەرچاوە نەوتییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، یـان کاریگـەری سیاسـی و ئابـووری ئەمریـکا لـە سـەر وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی ناوەراسـت.

لـەم باسـەماندا شوناسـی زاڵ خـۆی ئەبینێتـەوە لـەو پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینیـەی کـە زۆرینـە پێـك ئەهێنیـت, دەیەوێـت فۆرمـی شوناسـی خـۆی بەسـەر پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینیەکانی تـردا بسـەپێنێت. کەمـتر مەبەسـتمە لـە ئـەو شوناسـە زاڵـە کـە کۆلۆنیالیزمـی نـوی پیـادەی ئـەکات. خاڵیکـی تـر گرنگـە لیـرەدا بیخەمـە روو وڵاتێکـی وەك عێـراق و سـوریا کـە لـە دوای جەنگـی جیهانـی یەکەمـەوە دروسـتکراون لەلایـەن کۆلۆنیالیزمـی کلاسـیك, نـەك ئـەوەی ئـەوان خاکـی کوردیـان

داگیرکردبێـت ڕەنگـە ئـەم چەمکـی کۆلۆنیالیزمـە بـۆ ئیـران و تورکیـا راسـتربێت کـە ئـەوان میراتگـری دەسـەڵاتێکن کـە خاکـی کوردیـان داگیرکـردوە. هەربۆیـە دەتوانیـن بڵیـن ئـەم خۆنوێکردنەوەیـەی کۆڵۆنیالیـزم یەکێکـە لـە توخـم و هـۆکارە سـەرەکییەکانی مانـەوە و بەردەوامبوونـی ناسـنامەی زاڵ و ناسـنامەی ژێردەسـتە بـەڵام تەنهـا هۆکاریـش نیە. واتـە مانەوەی شوناسـی زاڵ و شوناسـی ژێـر دەسـتە تەنها پەیوەنـدی نیـە بـە کۆلۆنیالیـزم جـا کلاسـيك بێـت یـان نـۆێ بەلکـۆ وابەسـتە بـە تێفکردنـی هەژمونگـەر بەرامبـەر بـە پێکهاتەکانـی تـر , جـا ئـەو هەژمونگـەرە لـە هەرێمکـی فیدراڵـی بێـت یـان لـە دەوڵەتێکـی بچـوك یـان زلهێـز و هتـد.

پرسـیار: بۆچـی یـان هـۆکاری پشـت ئـەوە چیـە کـە تەرکیـزی وردتـان خسـتوەتە سـەر «عێـراق و سـوریا»؟ ئایـا «عێـراق و سـووریا» تەنیـا نموونەیـە لەناوچەکـە یـان پێچەوانەکەی ڕاسـتە؟

ئاریان:

هەڵبژاردنـی عێـراق و سـوریا لـە چوارچێـوە توێژینەوەکـەدا ئەگەرێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە وەك نمونـە وەرگیـراوان, چونکـە ئـەم دوو وڵاتـە وەك نموونەیەکـی دیـار سـەیر بکرێـن بـۆ تێگەیشـتن لـە چۆنیەتـی کارلێکـی نێـوان ناسـنامەی نەتەوەیـی، ئایینـی، مامەڵەکـردن لـە گـەڵ پرسـی کـوردا. لەلایەکـی تریشـەوە لـەم دوو وڵاتـەدا کـورد توانیویەتـی لـە ناوچەیەکـی جوگرافیـدا خۆبەرێوەبـەری هەبێـت بۆنمونـە هەرێمـی کوردسـتان لـە عێـراق و بەرێوەبەرایەتـی خۆسـەری روژئاڤـا لـە سـوریا هەروەهـا لـە هـەردوو وڵاتـدا دەسـەڵاتی بەعسـیەکان

ۆوخـاوە کـە هەردوکیـان زۆر دژی پرسـی کـورد بـوون . بـەڵام ئەمـە بـە واتـای ئـەوە نییـە کـە تەنهـا نموونـەن بەڵکـو وڵاتانـی وەك تورکیـا و ئێـران کێشـەی هاوشـێوەیان هەیـە و دەکرێـت وەك نموونـەی گرنـگ تەماشـا بکرێـت. هۆیەکـی تریـش ئەوەیـە لــە چوارچێــوەی توێژینەوەیەکــدا هــەر دەتوانــی دوو وڵات وەربگریـن, پلانمـان هەیـە لـە فراوانکردنـی پرۆژەکـە تورکیـا و ئێرانیــش بخەینــە بــەر لێکۆڵینــەوە.

# شووناس دیاردەیەکی ئاڵۆز

* ئیزافەکردنـی توورکیـاو ئێـران لـەدوو توێـی ئـەم باسـە؛ سەردەرناکێشـێ بـۆ ئاڵـنـگاری زیاتـر؟ یـان بەپێچەوانـەوە باسـەکە پڕتـرو دەکاتـە نموونـەی سـەلمێنراوتر؟
دکتـۆر ئاریـان: بێگومـان ئیزافەکردنـی توورکیـاو ئێـران لـەدوو توێـی ئـەم باسـە گرنگـە چونکـە پرۆژەیەکـی کامڵ دەخاتـە روو, بـەڵام وەك پیشـوتر ئامـاژەم پێـدا لـە چوارچێـوەی فراوانکردنـی پرۆژەکـە کاری لەسـەر ئەکەیـن, خوێندنـەوەی ئیـران و تورکیـا جیـاوازی هەیـە , چونکـە هـەردوو وڵاتەکـە کۆلۆنیالیسـتن و جیـاوازن لـە سـوریا و عێـراق کـە لەلایـەن کۆلۆنیالیسـتەکانەوە دروسـتکراون. هەربۆیـە دەرئەنجامەکانیـش جیاوازتـر ئەبـن.
* لەجێگایەکـدا بەڕوونـی دەڵێن»شـووناس دیاردەیەکـی ئاڵـۆزو فرەڕەهەنـدە وەك سـەرجەم چەمکەکانـی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان لەڕوانگـەی جیـاوازەوە پێناسـەی بـۆ کـراوەو پێناسـەیەکی گشـتگیرو ڕوونـی نیـە، لەلایەکـی تریشـەوە بەهۆی تێکەڵکردنـی واتاکـەی لەگـەڵ چەمکەکانـی تـری وەك نەتـەوە پرسـەکەی ئاڵۆزتـر کـردوە» پرسـیارەکە ئەوەیـە مەگـەر شـووناس بەشـێك نیـە لەنەتـەوە، بۆچـی ئـەم ئاڵۆزییـە درووسـت دەکات

یـان بـوه؟ ئەگـەر وایـە چـۆن ڕێـڕەوە ڕاسـتەکە لەنێـوان نەتـەوەو شووناسـدا بدۆزرێتـەوە؟

دکتـۆر ئاریـان: پرسـیارێکی زۆر گرنـگ و وردت وروژانـد. سـەبارەت بـەوەی ئایـا شـووناس بەشـێکە لـە نەتـەوە یـان نـا، ڕاسـتیەکەی پەیوەنـدی نێـوان هەردووکیـان ئاڵۆزتـرە لـەوەی بڵێیـن یەکێکیـان بەشـێکە لـەوی تـر. دەتوانیـن بڵێیـن پەیوەندیەکـە دوولایەنـە, چونکـە نەتـەوە دەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر شووناسـی تاکـەکان و گرووپـەکان هەبێـت، و لـە هەمـان کاتـدا شووناسـە جیـاوازەکان (وەك شووناسـی کلتـووری، زمانەوانـی، ئایینـی، مێژوویـی) پێکـەوە نەتـەوە دروسـت دەکـەن. واتـە، نەتـەوە فۆرمێکـی ڕێکخـراو و سیاسـیی شووناسـە هاوبەشـەکانە. لەلایەکـی تـرەوە شـووناس تەنهـا بـە نەتـەوە سـنووردار نییـە. تاکێـك دەتوانێـت چەندیـن شووناسـی هەبێـت لـە هەمـان کاتـدا بۆنمونـە شووناسـی نەتەوەیـی وەك کـورد بـوون. و شووناسـی ئایینـی وەك موسـڵمان یـان ئێزیـدی یـان کاکەیـی هتـد . ئاڵۆزییەکـە لەوەدایـە کـە هەندێـك جـار یەکێـك لـەم شووناسـانە لەسـەر ئـەوی تـر زاڵ دەبێـت یـان لەگـەڵ ئـەوی تـر دژایەتـی دەکات. لـە کۆتاییـدا، تێگەیشـتنێکی تەندروسـت بـۆ نەتـەوە و شـووناس ئەوەیـە کـە نەتـەوە وەك چوارچێوەیـەك سـەیر بکرێـت کـە دەتوانێـت چەندیـن شووناسـی جیـاواز لـە خـۆ بگرێـت و ڕێـز لـە فرەیـی بگرێـت. نەتـەوە دەبێـت خزمـەت بـە پاراسـتنی شووناسـە جیـاوازەکان بـکات، نـەك لـە ناویـان ببـات یـان سـنووردارت بـکات.

## نەتەوەو پاراستنی شووناس

* تۆ دەڵێی (نەتەوە دەبێت خزمەت بە پاراستنی شووناسە جیاوازەکان بکات، نەك لە ناویان ببات یان سنووردارت بکات) لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتر لەهەریەك لە وڵاتەکانی (ئێراق، تورکیا، ئێران، سووریا) ئەم مەسەلەیە تەواو لای نەتەوەو شووناسی نەتەوەیی باڵادەست پێچەوانەکەی ڕاستە؛ چۆن وابکرێ ئەمە نەمێنێ یان هەربەڕاستی ئەمە پڕۆژەیەکی قورس و پڕئاڵنگارییەو هێشتا ئێمە وەك (نەتەوەی کورد- ژێردەستەو کۆڵۆنیالیزەکراو) وەك پێویست لەم بابەتە تێنەگەیشتووین و پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە؟

دکتۆر ئاریان: ڕاستە لە ئێراق، تورکیا، ئێران و سووریا، ناسنامە نەتەوەییە باڵادەستەکان (عەرەب، تورك، فارس) هەوڵی سەرکوتکردن یان بە لاوازی هێشتنەوەی ناسنامە جیاوازەکان دەدەن، نەك پاراستنیان. ئەمە دۆخێکی قورس و پڕ ئاڵنگارییە، و وەڵامەکەشی ئاڵۆزە. لە ئەنجامی ٢٠ ساڵی ئەزمونی حوکمرانی لە عێراقی دوای سەدام وەك توێژەرێك ئومێدبراوم لەوەی کە ئێمە بتوانین وەها لە ئەوانی

تـر بکەیـن شوناسـمان بـۆ دانەتاشـن چونکـە ئێمـە خاوەنـی دەوڵـەت نیـن, هەربۆیـە دەبێـت تێفکرینـی عـەرەب (سـونە و شـیعە) بـۆ ئێمـە بگۆریـت ئەمـەش مەحاڵـە چونکـە ٢٠ سـاڵی ئەزمـون ئـەوەی دەرخسـت ئـەوان هێشـتا ئـەو پـەروەردە ناسیۆنالیسـتیە تونـدرەوەی کـە بەعسـیەکان ناشـتویانە بـە زیندویەتـی ماوەتـەوە و بـە پێچەوانەشـەوە لە دوای سـاڵی ٢٠١٤ ئـەم خۆێنـە ناسیونالیسـتیە زیاتـر گەشـەی پـێ ئەدریـت , چونکە خیتابـی ئاینـی پارتـە سیاسـەکان جـا چ شـیعە بێـت یـان سـونە شکسـتی هێنـاوە , هەربۆیـە ئـەو پارتـە سیاسـیانە بۆمانەوەیـان لەدەسـەڵات پیویسـتە پەنـا بۆخیتابـی ناسیونالیسـتی ببـەن, وەك چـۆن تیبینیـمان کـردوە لـە چەنـد سـاڵی رابـردوودا لەمـەدا سـەرکەوتوبون, جۆریـك لـە خیتابـی دژ بـە کـورد لـە عێراقـدا بەروونـی بـەدی ئەکرێـت. لـە توێژینەوەکەمـان ئـەم خاڵەمـان بەروونـی خسـتوەتە روو. دەرئەنجـام ئەوەیـە ئێمـە ناتوانیـن ئەو بیرکردنـەوە نەهێڵیـن یـان بیگۆریـن, چونکـە ئێمـە کارلێکراویـن نـەك کارلێکـەر. هەروەهـا ئـەم پرسـە تەنهـا پرسـێکی سیاسـی نییـە، بەڵکـو پرسـێکی فیکـری و کلتـووری و کۆمەڵایەتییـە.

خاڵێکـی تـر کـە گرنگـە بیخەمـە روو ئەوەیـە خراپـی فۆرمـی حوکمرانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان یارمەتیـدەر بـووە بـەوەی هێـزە عەرەبیـەکان ئـەم گوتـارە ناسیونالیسـیە پیـادە بکـەن بەرامبـەر بـە هەرێـم کوردسـتان, تەنانـەت جۆریـك لـە هاوسۆزیشـیان بـۆ دروسـتبوە لەلایـەن هاونیشـتمانیانی هەرێمـی کوردسـتان , بـێ گومـان پارتـە ئۆپۆزسـیۆنەکانی کوردسـتان بـێ رۆڵ نەبـوون.

# عێراق و سوریا؛ ئێران و تورکیاو پرسی شووناس

* بەریەککەوتنەکان لەنێوان «شووناسی «نەتەوەیی-نیشتمانی»؛ چین و بۆ نەتەوەو نیشتمانێکی کۆلۆنیالکراو، لەبەرامبەر ڕژێمێکی کۆلۆنیالکەردا لەنموونەی «عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران» تا جیاوازییەکان دەبنە یەك و ڕوو بەڕووی یەکتر دەبنەوە؟

دکتۆر ئاریان:بەریەککەوتنەکانی نێوان شووناسی نەتەوەیی و شووناسی نیشتمانی لە زۆر کۆمەڵگادا دیاردەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە فرە-نەتەوەیین یان مێژوویەکی ئاڵۆزیان هەیە لە دروستبوونی دەوڵەتدا. بۆ تێگەیشتن لەم بەریەککەوتنانە، سەرەتا پێویستە جیاوازیی نێوان هەردوو چەمکەکە ڕوون بکەینەوە:

شوناسی نەتەوەیی زیاتر پەیوەستە بە تایبەتمەندییە هاوبەشە کلتووری و مێژوویی و زمانەوانی و ڕەگەزییەکانەوە. واتە، هەستێکی سەر بە گرووپێکی دیاریکراو کە خاوەنی مێژوو، کلتوور، زمان، و زۆرجار نەژادێکی هاوبەشن. شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سروشتیتر و کلتووریتر

ســەیر دەکرێــت و پێــش دروســتبوونی دەوڵەت-نەتــەوەکان هەبــووە. بــۆ نموونــە، شوناســی کــوردی، شوناســی عەرەبــی، شوناســی فارســی.
شوناســی نیشــتمانی زیاتــر پەیوەســتە بــە ســەر بــە دەوڵەتێــك یــان وڵاتێــك بــوون، بەبــێ گوێدانــە شوناســی نەتەوەیــی یــان کلتــووری تاکەکەســی. شوناســی نیشــتمانی (هاوبــەش ) لەســەر بنەمــای هاووڵاتیبــوون (citizenship)، یاســاکان، سیســتمی سیاســی، دەســتوور، و خاکێکــی دیاریکــراو بنیــات دەنرێــت. هاووڵاتیــان پابەنــدی یاســاکانی وڵاتەکەیانــن و هەســتێکی هاوبەشــیان هەیــە بەرامبــەر بــە نیشــتمانەکەیان.
کاتێــك دەوڵەتێــك هەوڵــدەدات شوناســێکی نەتەوەیــی دیاریکــراو (بــۆ نموونــە، تورکایەتــی لــە تورکیــا یــان عروبــەی لــە عێــراق و ســوریا ) بەســەر هەمــوو هاووڵاتیانــدا بســەپێنێت، ئەمــە دەبێتــە هــۆی پەراوێزخســتن و هەســت بــە نامۆیــی کردنــی ئــەو گرووپــە نەتەوەییانــەی تــر کــە لــەو چوارچێوەیــەدا ناگونجێــن. ئەمــەش دەتوانێــت ببێتــە هــۆی ناســەقامگیری سیاســی و خواســت بــۆ جیابوونــەوە یــان بەدەســتهێنانی مافــی زیاتــر. وەك چــۆن لــە عێــراق و ســوریا و تورکیــا وئێــران بەروونی ئەمــە بــەدی دەکەیــن . چونکــە لــەم چــوار وڵاتــەدا شوناســی نیشــتمانی هاوبــەش بونــی نیــە بەڵکــو ئــەوەی هەیــە ســەپاندنی شوناســی نەتەوەیــە وێناکردنیەتــی بــە شوناســێکی نیشــتمان, ئەم بیرکردنــەوە لــە ســەرەتایی دروســتبونی دەوڵــەت لــەم ناوچــەدا لــە دوای جەنگــی جیهانــی یەکەمــەوە بەردەوامــی هەیــە ئەگــەر چــی سیســتەمە سیاســیەکان گــۆڕان و بــەڵام بیرکردنــەوە

لـەوەی شوناسـێکی نیشـتمانی هاوبـەش هێشـتا رووبـەرووی ڕەدکردنــەوە , ئەبێتــەوە هەربۆیــە ململانێــکان بەردەوامیــان دەبێـت تـا ئەوکاتـەی شوناسـی زاڵ واز لـەو تێفکرینـە ئەهێنێت کـە دەبێـت شوناسـی نەوەییـان شوناسـی نیشـتمانی دەوڵـەت بێـت.

* تـۆ دەڵێـی یـان بـاوەڕت وایـە( پێـش دروسـتبوونی دەوڵـەت-نەتـەوەکان هەبـووە. بـۆ نموونـە، شوناسـی کـوردی، شوناسـی عەرەبـی، شوناسـی فارسـی) ئایـا بـاوەڕت وایـە لەنێـوان ئـەم سـێ نموونەیـە (شووناسـی کـوردی، شووناسـی عەرەبـی، شووناسـی فارسـی) شووناسـی کوردبـوون لەکوێدایـە؟ یـان مێـژووی شووناسـی کـوردی و بەریەککەوتنەکانـی لەگـەڵ شووناسـی عەرەبـی و فارسـی بـۆ کـەی دەگەڕێتـەوە؟

دکتـۆر ئاریـان: بەڵـێ، بـاوەڕم وایـە کـە ناسـنامە نەتەوەییـەکان پێـش دروسـتبوونی دەوڵەت-نەتـەوەکان هەبـوون. دەوڵـەت-نەتـەوە لەسـەر بنەمـای ناسـنامەیەکی هاوبـەش (زمـان، کلتـوور، مێـژوو) دروسـت بـوو، نـەك بـە پێچەوانـەوە. ناسـنامە نەتەوەییـەکان لـە قۆناغێکـی زۆر کۆنـتری مێـژووەوە پەرەیـان سـەندووە، بـەڵام لەگـەڵ لاوازبوونـی دەسـەڵاتی ئاینـی لـە ئەوروپـاوە دەبنـە بنەمـا بـۆ دروسـتبونی دەوڵـەت نەتـەوە.

ناسـنامەی کوردبـوون، وەك ناسـنامەکانی تـری ناوچەکـە (عەرەبـی و فارسـی)، ڕیشـەیەکی مێژوویـی قوڵـی هەیـە, لـە سـەردەمانێکی کۆنـەوە لـە ململانـێ بـووە لەگـەڵ شوناسـەکانی تـر ناوچەکـە, باسـکردن لەمـەش پێویسـتی بـە گفتۆگـۆی فراونـتر هەیـە هەربۆیـە مەحاڵـە لێـرەدا حەقـی خـۆی پـێ

بدەیــن. بــەڵام دەکرێــت جەنگــی چاڵدیــران بــە قۆناغێکــی گرنگــی ئــەم ململانــێ بزانرێــت ســەرەڕای دابەشــبوون و ســەرکوتکردنیان، ناســنامەی کــوردی لــە ژێــر دەســەڵاتی هــەردوو ئیمپراتۆریەتەکــەدا مایــەوە، بــەڵام گەشەســەندنی سیاســی و نەتەوەیــی ســنووردار کــرا. دواتــر لــە دوای جەنگــی جیهانــی یەکــەم ودوای ڕووخانــی ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی و دامەزراندنــی دەوڵەت-نەتــەوە نوێیــەکان (تورکیــا، ئێــراق، ئێران، ســووریا)، ناســنامەی کــوردی تووشــی توندتریــن ســەرکوتکردن بــووەوە. ئــەم وڵاتانــە هەوڵیانــدا لــە ڕێگــەی سیاســەتی ئاسمیلاســیۆن و نەهێشــتنی مافــی کەمینەکانــەوە، ناســنامەی کــوردی لەنــاو ببــەن یــان بەتــەواوی بیگونجێنــن لەنــاو ناســنامە باڵادەســتەکان (تورکــی، عەرەبــی، فارســی). ئەمــەش وەهــای کــرد وەك کاردانەوەیــەك بەرامبــەر ئــەم سیاســەتانە، بزووتنەوەی نەتەوەیــی کــوردی بــە شــێوەیەکی بەهێزتــر ســەری هەڵــدا، خەباتــی چەکــداری و سیاســی بــۆ مافــی چــارەی خۆنووســین و پاراســتنی ناســنامە دەســتی پێکــرد.

بــە کورتــی، ناســنامەی کــوردی ناســنامەیەکی مێژوویــی و کلتــووری دیاریکــراوە کــە لــە ســەردەمی کۆنــەوە هەبــووە و بــەردەوام لــە بەرگریــدا بــووە لــە بەرامبــەر ناســنامەکانی عەرەبــی و فارســی و دواتریــش تورکیــدا. ئــەم بەریەککەوتنانــە نــەك هــەر ناســنامەی کوردییــان نــەك لەنــاو نەبــردوە، بەڵکــو زۆر جاریــش بوونەتــە هــۆی بەهێزتربوونــی هەســتی نەتەوەیــی و خەبــات بــۆ پاراســتنی ئــەو ناســنامەیە.

# تێزو بیرۆکەی شووناسی داتاشێنراو

* با بگەڕێیینەوە بۆ تێزو بیرۆکەی شووناسی داتاشێنراو؛ کێن ئەوانەی شووناش دادەتاشن؟ بۆچی پەنادەبەنە بەر داتاشینی شووناس و ئامانجیان چیە لەم داتاشینەی شووناس؟

دکتۆر ئاریان: ئەوەی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێکردوە شوناسی داتاشێنراو ئەو شوناسەیە کە گروپی ئیتنی زاڵ دای ئەتاشێت بۆ گروپە ئیتنیە بچوکەکان لە پێناو ئەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆیی بکاتە شوناسی دەوڵەت. شوناس داتاشین پرۆسەیەکە کە تێیدا دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت، یان دەسەڵاتێکی زاڵ، هەوڵدەدەن وێناکردنێکی دیاریکراو بۆ گرووپێکی نەتەوەیی یان کەمینەیەك دروست بکەن و بیسەپێنن. کە ئامانج لێی سەپاندنی شوناسێکی نەتەوەیی یان کولتووری یەکگرتوو کە لە خزمەتی دەسەڵاتی زاڵدایە و هەوڵدەدات ناسنامە جیاوازەکان بتوێنێتەوە.

بۆچی پەنا دەبەنە بەر داتاشینی شوناس؟

ئەم لایەنانە بۆ چەندین هۆکار پەنا دەبەنە بەر داتاشینی شوناس:

١. ئامانجیان دروستکردنی یەکپارچەیی نەتەوەییە (یەك

نەتـەوە و یـەك دەوڵەت)لەسـەر بنەمـای شوناسـێکی دیاریکـراو کـە خۆیـان دیارییـان کـردووە.
٢. داتاشـینی شـوناس ڕێگەیەکـە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ناسـنامەی گرووپـە کەمینـەکان و لاوازکردنـی کاریگەریـی کولتـووری و سیاسـییان. کاتێـك شوناسـیان وەك «ئـەوی تـر» یـان «نامـۆ» وێنـا دەکرێـت، ئاسـانتر دەتوانرێـت پەراوێـز بخرێـن.
٣. داتاشـینی شـوناس دەتوانێـت ببێتـە ئامرازێـك بـۆ مانـەوە و بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی گرووپـی نەتەوەیـی یـان سیاسـی زاڵ، بـە پشـتگیریکردنی گوتارێکـی شوناسـی کـە لـە خزمەتـی ئەواندایـە.
٤. شـەرعیەتدان بـە سیاسـەتەکانی , چونکـە کاتێـك شوناسـێك بـۆ گرووپێـك دادەتاشرێـت کـە نەرێنـی یـان جیـاواز بێـت، ئەمە دەتوانێـت بیانـوو بێـت بـۆ پیادەکردنـی سیاسـەتی جیـاکاری یـان سـەرکوتکەر لـە دژیـان.
٥. لــە هەندێــك حاڵەتــدا، داتاشــینی شــوناس دەتوانێــت بەکارهێنانـی وێناکردنـی نەرێنـی گرووپێکـی دیاریکـراو بێـت بــۆ دروســتکردنی دوژمنێکــی ناوخۆیــی، کــە ئەمــەش بــۆ کۆکردنــەوەی پشــتیوانی جەمــاوەری بــۆ دەســەڵات یــان بــۆ پیناســینی هــۆکاری کێشــە ناوخۆییــەکان بەکاردێــت.
ئــەم داتاشــینەی شــوناس زۆرجــار بــە شــێوازی ناڕاســتەوخۆ و نەرمــتر ئەنجــام دەدرێــت وەك لــە ســەپاندنی شوناســی ڕاسـتەوخۆ، بـەڵام کاریگەرییەکـی قووڵـی هەیە لەسـەر ناسـنامە و داهاتــووی گرووپــە نەتەوەییــەکان.

# گروپی زاڵ و شووناس

* لەسەرەتای وەڵامی پرسیاری پێشوودا دەڵێی( شوناسی داتاشێنراو ئەو شوناسەیە کە گروپی ئیتنی زاڵ دای ئەتاشێت بۆ گروپە ئیتنیە بچوکەکان ) تێبینی من ئەوەیە ئایا لە هەریەك لەوڵاتانی (تورکیا-تورك و عێراق و سووریا-عەرەب و ئێران -فارس) تەنیا کورد بەرکەوتەی هەبوە لەگەڵ شووناسی داتاشێنراو، یان گروپ و ئیتنیکەکانی تریش؛ ئەگەر ئەمەی دووەم ڕاستە چۆن؟

دکتۆر ئاریان: بێگومان، تەنیا کورد بەرکەوتەی نەبووە لەگەڵ شوناس ی داتاشراو. زۆرێك لە گروپ و نەتەوە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تر لەو وڵاتانەدا (تورکیا، عێراق، سووریا، ئێران) ڕووبەڕووی سیاسەتی داتاشینی شوناس بوونەتەوە لەلایەن شوناس باڵادەستەکانەوە. هەربۆیە گروپە ئیتنیکی و ئایینییە جیاوازەکان لەو چوار وڵاتەدا، هەر یەکە و بە شێوازێکی تایبەت و بە پلەی جیاواز، تووشی سیاسەتی داتاشین بوونەتەوە. ئامانجی سەرەکی لەم سیاسەتانە بریتی بووە لە یەکخستنی شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی یەك شوناس ی نەتەوەیی زاڵ (تورکی، عەرەبی، فارسی) و نەهێشتنی شوناس لاوەکییەکان. هەروەها سەرکوتکردنی جیاوازییەکان و قەدەغەکردن یان سنووردارکردنی دەربڕینی

کلتووری، زمانەوانی، و سیاسیی گروپە جیاوازەکان. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکی چۆنیەتی بەرکەوتنی گروپەکانی تره لەگەڵ شوناسی باڵادەست:

له تورکیا:

• کورد: وەك ئاماژەمان پێدا، کورد لە تورکیا تووشی سیاسەتێکی توندی داتاشین و نکۆڵیکردن بووەتەوە (وەك قەدەغەکردنی زمانی کوردی، نکۆڵیکردن لە بوونی «کورد» و ناونانیان بە «تورکی شاخ»).

• عەلەوییەکان: سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆریان تورك زمانن، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئایینیانەوە، لەلایەن دەوڵەتەوە هەوڵدراوە لەسەر شوناس یەکی «سونی تورکی» داتاشرێن. هەندێك جار پەراوێزخراون یان ناچارکراون کە ئایینی خۆیان بە ئاشکرا دەرنەبڕن.

• ئەرمەنییەکان، یۆنانییەکان، ئاشوورییەکان/سریانییەکان: ئەم گروپانە کە کەمینەی مێژوویی بوون لە تورکیا، لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تووشی پاکتاوکردن و سەرکوتکردن بوونەتەوە (وەك جینۆسایدی ئەرمەن و ئاشووری، ڕاگواستنی یۆنانییەکان). ئەوانەی ماونەتەوەش هەوڵدراوە لە چوارچێوەی شوناس ی تورکیدا بتوێنرێنەوە، بە سنووردارکردنی مافی زمانی و کلتووریان.

له عێراق:

- کورد: بە وردی دوخی کوردمان لە عێراق خستە روو لە وەڵامی پرسیارەکان

- تورکمان: تورکمانەکان لە عێراقدا، بەتایبەت لە ناوچە

کێشــە لەســەرەکاندا (وەك کەرکــووك)، تووشــی سیاســەتی تەعریــب بوونەتــەوە لــە لایــەن دەوڵەتــی عێــراق. هەوڵــدراوە زمانــی تورکمانــی و کلتوورییــان لاواز بکرێــت یــان لــە چوارچێــوەی شــوناس ی گەورەتــری عەرەبــی داتاشرێــن.

- ئاشــوورییەکان/کلدانییەکان/سریانییەکان: ئــەم پێکهاتــە مەسـیحییە دێرینانـە لـە عێراقـدا زۆر جار تووشـی پەراوێزخسـتن و ســەرکوتکردن بوونەتــەوە. هەوڵــدراوە زمانــی ئارامــی و کلتووریــان لاواز بکرێــت و لــە چوارچێــوەی شــوناس یەکــی «عەرەبــی مەســیحی»دا داتاشرێــن.

- گروپــە ئاینیەکانــی وەك کاکەیــی وئیزیدییــەکان و شــەبەك: ئــەم کەمینــە ئایینییانــە، جگــە لــە تووشــبوون بــە شــوناس ی داتــاشراو، تووشــی کۆمەڵکــوژی و جینۆســایدیش بوونەتــەوە. هەوڵـدراوە شـوناس ی ئایینـی و کلتوورییـان لەنـاو ببرێـت یـان لــە چوارچێــوەی ئایینــە باڵادەســتەکاندا (ســوننە یــان شــیعە) بتوێنرێنــەوە.

لە سووریا:

- کــورد: کــورد لــە ســووریا ماوەیەکــی زۆر نکۆڵییــان لێکــراوە و هاوڵاتینامەیــان لێســەندراوەتەوە. زمانــی کــوردی قەدەغــە بــووە و هەوڵــدراوە بــە تــەواوی لەنــاو شــوناس ی عەرەبیــدا بتوێنرێنــەوە (سیاســەتی تەعریــب).

- ئاشــوورییەکان/سریانییەکان: وەك عێــراق، ئــەم گروپــە مەسـیحییانەش تووشـی پەراوێزخسـتن بوونەتـەوە و هەوڵـدراوە شــوناس ی زمــان و کلتوورییــان لاواز بکرێــت.

- درۆزەکان، درۆزەکان شــوناس یەکــی ئایینــی و کلتــووری

تایبەتیـان هەیـە کـە لـە چوارچێـوەی شـوناس ی عەرەبیـدا هەوڵـدراوە سـنووردار بکرێـت.

- تورکـمان: وەك لـە عێـراق، تورکمانەکانـی سـووریاش تووشـی سیاسـەتی تەعریـب بوونەتـەوە.

لە ئێران:

- کـورد: کـورد لـە ئێرانـدا، وەك لـە وڵاتانـی تـر، تووشـی سیاسـەتی داتاشـین و توندوتیـژی بووەتـەوە. هەوڵـدراوە شـوناس ی کـوردی لـە چوارچێـوەی شـوناس ی فارسـیدا بتوێنرێتـەوە (قەدەغەکردنـی زمانـی کـوردی لـە خوێندنـی فەرمـی، سـەرکوتکردنی بزووتنـەوە کوردییـەکان).

- ئازەرییـەکان (تورکەکانـی ئێران): سـەرەڕای ئـەوەی ژمارەیەکی زۆریـان هەیـە و زۆر کاریگـەر بـوون لـە مێـژووی ئێرانـدا، بـەڵام لـە دوای هاتنـە سـەرکاری شانشـینی پەهلەوییـەوە، هەوڵێکـی زۆر دراوە بـۆ فارسـیکردنیان، بـە قەدەغەکردنـی زمانـی ئـازەری لـە خوێندنـگا و دامـەزراوە فەرمییەکانـدا.

- بەلـوچ و عـەرەب و تورکـمان: ئـەم کەمینانـەش لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا تووشـی سیاسـەتی داتاشـین بوونەتـەوە، بـە تایبـەت لـە ڕووی زمـان و کلتـوورەوە. هەوڵـدراوە زمانی فارسـی زاڵ بکرێـت و شـوناس ی کلتـووری ئـەوان کـەم بکرێتـەوە.

لـە کۆتاییـدا، دەتوانیـن بڵێیـن نـەك تەنهـا نەتـەوەی کـورد، بەڵکـو زۆرێـك لـە گروپـە ئیتنیکـی و ئایینییەکانـی تـری ناوچەکە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام ڕووبـەڕووی سـتەم بونەتـەوەو لـە خەباتـدا بـوون بـۆ پاراسـتنی شـوناس ی خۆیـان.

# بەعس و شووناس و جینۆساید

* لێرەدا بۆچوون یان بیرۆکەیەکی «مشیل ئەفلەق» کە دامەزرێنەری حیزبی بەعسە دێتەوە ناو باس یان گفتوگۆکە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ «بۆ ئەوەی نیشتمانی عەرەبی لەمەترسی دوور بخرێتەوە پێویستە کورد لەسوریاو عێراق و ئەمازیغ لەجەزائیر» لەناو ببرێن؛ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەمان فەلسەفەو فیکرو بیرۆکە لەناو زیهنیەتی ڕژێمە عەرەبیەکان و دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکاندا بۆ ڕەوایەتیدان بۆ خۆی ناگەڕێ؟ ئەمە تا چەند پەیوەندی جەدەلی بە کولتووری شووناسی زاڵ و کوولتووری شووناسی ژێردەستەوە هەیە؟

دکتۆر ئاریان: ئەم پرسیارە چەندین لایەنی ئاڵۆزی مێژوویی وسیاسی لەخۆدەگرێت و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قووڵ هەیە.

سەبارەت بە بۆچوونەکەی میشیل ئەفلەق، بە دڵنیاییەوە ئەمە نموونەیەکی زۆر ڕوون و توندە لەو شێوازە بیرکردنەوە ناسیۆنالیستییە توندڕەوەی کە نەتەوەیەکی دیاریکراو بە سەرووی هەموو نەتەوەکانی ترەوە دەبینێت و هەڕەشە

لـە بوونـی نەتەوەکانـی تـر دەکات. ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە لەســەر بنەمــای قڕکردنــی ئەوانــی تــر بنیــات نــراوە، نــەك پێکەوەژیـان و فرەڕەنگـی. ئەمـە تێفکرینێکـی مەترسـیدار بـوو کـە بنەماکـەی ڕەوایەتـی دەدات بـە پاکتاوکردنـی ئێتنیکـی وەك چـۆن ڕێژێمـی بەعـس بـە سـەرۆکایەتی سـەدام حسـین دژ بـە کـورد ئەنجامـی دا.

زۆرێـك لـە ڕژێمـە عەرەبییـەکان، بـە تایبەتـی ئەوانـەی کـە لەســەر بنەمــای فیکــری بەعــس دامــەزران، هەمــان ئــەو بۆچوونـەی ئەفلەقیـان پەیـڕەو کـردووە کـە دەبێـت هەمـوو جیاوازییـە نەتەوەییـەکان بتوێنرێنـەوە لـە پێنـاو نەتەوەیەکـی عەرەبـی یەکگرتـوودا. ئەمـە ڕەوایەتـی داوە بـە سیاسـەتەکانی تەعریـب، و راگۆاسـتن و کۆمەڵکـوژی و نکۆڵیکردن لـە مافەکانی کەمینـە نەتەوەییـەکان (وەك کـورد لـە عێـراق و سـوریا، ئەمازیغ لـە جەزائیـر و مەغریـب)، و سـەپاندنی شوناسـی عروبەبەسـەر هەمووانـدا.

ئـەم بابەتـە پەیوەندییەکـی زۆر قـووڵ و جەدەلـی هەیـە بـە هــەردوو کولتــووری شووناســی زاڵ و کولتــووری شووناســی ژێردەســتەوە. کولتــووری شووناســی زاڵ هەوڵــدەدات ناسـنامەیەکی «بـاڵا» دروسـت بـکات کـە خـۆی بـە ناوەنـد و پێـوەر بزانێـت و ئەوانـی تـر بـە «جیـاواز»، «کەمـتر» یـان «هەڕەشــە» ســەیر بــکات. فیکــری ئەفلــەق نموونەیەکــی کلاسـیکییە لـەم جـۆرە. هەربۆیـە بـۆ ئـەوەی ناسـنامەی خـۆی بەهێــز بــکات، ناســنامەی زاڵ پێویســتی بــە دروســتکردنی «دوژمــن» یـان «هەڕەشــە» هەیـە. لـەم حاڵەتـەدا، کـورد و

ئەمازیــغ وەك «هەڕەشــە» بــۆ ســەر «نیشــتمانی عەرەبــی» دەستنیشــان کــراون، ئەمــەش پاســاوێکە بــۆ لەناوبردنیــان.
لـە بەرامبـەر ئـەم سیاسـەتە لەناوبـەرەدا، گرووپە ژێردەسـتەکان (وەك کـورد و ئەمازیـغ) ناچـارن هــەوڵ بـدەن بـۆ پاراسـتنی ناسـنامە، زمـان، کولتـوور، و بوونـی خۆیـان. ئەمـە زۆرجـار بوتـە هــۆی ســەرهەڵدانی بزووتنــەوە نەتەوەیــی و ئازادیخــوازەکان. ئەمــە جەنگێکــە تەنهــا ســەربازی نییــە، بەڵکــو جەنگێکــی قووڵــی کولتــووری و فیکرییــە کــە تێیــدا گرووپــی ژێردەســتە هەوڵــدەدات خــۆی لــە تواندنــەوە و ســڕینەوە بپارێزێــت و ناسـنامەی خـۆی بسـەلمێنێت.
بــە گشــتی، فیکــری ئەفلــەق و هاوشــێوەکانی، نموونەیەکــی مەترســیداری ناســیۆنالیزمی توندڕەون کــە بــە شــێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە هەژموونـی کولتـووری ناسـنامەی زاڵ و هەوڵدانــی بــۆ ســڕینەوەی ناســنامەی ژێردەســتەوە هەیــە. ئــەم جــۆرە بیرکردنەوەیــە لــە مێــژوودا کارەســات و خوێنڕێــژی زۆری لێکەوتووەتـەوە و هێشـتاش لـەم وڵاتانـەی لەمـەر خۆمـان کاریگەرییەکانــی بەردەوامــە.
* لەســۆنگەی لێکدانەوەکــەی مشــیل ئەفلــەق و بەپێــی لێکدانەوەکــەی ئێوەبــێ ( لــەم حاڵەتــەدا، کــورد و ئەمازیــغ وەك «هەڕەشــە» بــۆ ســەر «نیشــتمانی عەرەبــی» دەستنیشــان کــراون، ئەمــەش پاســاوێکە بــۆ لەناوبردنیــان) ئایــا بەڕاســتی کــورد لەعێــراق و ســوریاو ئەمازیــغ لەجەزائیــرو مەغریــب هەڕەشــە بــوون بــۆ ســەر نیشــتمان یــان یەکێتــی نەتەوەیــی عــەرەب؟ یـان ئەمـە تەنیـا پاسـاوو هۆکارێکـە بـۆ لەنێوبـردن تـا

دەگاتــە جینۆســاید؟
دکتــۆر ئاریــان: بزوتنــەوە ناسیونالیســتە نەتەوەپەرســتە توونــدڕەوەکان هەڵگــری کێشــەن بــۆ ئــەوەی خۆیــان بســەپێنن هەمیشــە بــەدوای دوژمــن دروســتکردندا دەگەڕێــن, لــەو چوارچێوەشــدا میشــل ئەفلــەق وە ك تیۆریســتی و بیریــاری بەعسیەکان , کــورد و ئەمازیغــەکان بــە لەمپــەر لەبــەردەم ئــەو بیــرە ناسیۆنالیســتە زانیــوە کــە دەیەوێــت (یــەك نەتــەوە و یــەك دەوڵــەت) بنیــات بنێــت, ئەمــە لــە کاتێکــدا کــورد و ئەمازیــغ لەجوگرافیــا خۆیانــدان و نیشــتمانی عەرەبیــان نــەك داگیــر نەکــردوە بەڵکــو داگیرکــراون. کاتێــك گروپێــك وەك «هەڕەشــە» و «خائیــن» وەســف دەکرێــت، ئــەوا دەســەڵاتدارەکان بــە ئاسـانی دەتوانـن پاسـاو بـۆ سـەرکوتکردنی تونـد، زیندانیکـردن، ئەشــکەنجەدان، قەدەغەکردنــی زمــان و کلتــوور، و تەنانــەت جینۆسـاید (وەك جینوسـایدکردنی کـورد و پاکتاوکردنـی کلتووری ئەمازیــغ) بهێننــەوە.

## بەعس ئەنجامە

* ئێـوە لەتوێژینەوەکەتانـدا باسـی ڕۆڵـی بەعـس دەکـەن لەسـەپاندنی شووناسـی عەرەبـی لەژێرنـاوی شووناسـی نیشـتمانی؛ پێتـان وانیـە «بەعـس» ئەنجامـەو ئـەم فەلسـەفەیە لەڕابـردوو و ئێسـتاوو داهاتووشـدا ئامادەبوونـی هەبـوەو هەیـەو دەشـبێ؟

دکتـۆر ئاریـان: پرسـیارێکی گرنـگ خسـتە روو کـە ئەتوانـم بڵێـم بنەمـای سـەرەکی توێژینەوەکەمانـە چونکـە لـە توێژینەوەکـە ئاماژەمـان بـە گیـروگازە کـردوە ئەگـەر بەعسیەکان چ لە سـوریا و عێـراق هەوڵـی سـەپاندنی شوناسـی عروبەیـان داوە کەچـی دوای روخانـی دەسـەڵاتی بەعـس لـە هـەردوو وڵات بەردەوامـی هەیـە بـەڵام لـە فۆرمێکـی تـر و بـە ئامـرازی جیاوازتـر کـە ئەویـش (شوناسـی داتاشـێنراوە ). بـۆ ئـەوەی ئەمـە رونـتر بکەمـەوە بـە باشـی ئەزانـم پێناسـەی (شوناسـی سـەپێنراو و شوناسـی داتاشـێنراو) بخەمـە روو کـە لـە وێژینەوەکەمـان خسـتومانەتە روو:

شوناسـی سـەپێنراو بریتیـە لـە هەوڵـی دەسـەڵاتە ناسیونالیسـتەکان بـۆ کۆنترۆڵکـردن و لـە قاڵبـدان و تواندنـەوەی شوناسـی گروپـە ئیتنیـە جیاوازەکانـە لـە شوناسـی زاڵ

لەدەوڵەتەکەدا بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەژادی یەك ئیتنی یان شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دروست بکەن لەسەر حسابی گرۆپە ئیتنیەکانی تر بە ئامراز و رێکاری جیاواز کە لە چەند حاڵەتێکدا ئەو رێکارانە سیمایەکی شەڕانگێزانە و سەرکوتکارانەیان هەیە، لەوانەش تواندنەوە (ئاسمیلەکردنی) زۆرەملێ ولە ناوبردنی بەکۆمەڵ، بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامە کولتوورییەکانیان بن و ناسنامەی نەتەوەیی باڵادەست وەربگرن.
بەگشتی دەتوانین بڵێین لە قۆناغی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە عێراق و سوریا پرۆسەی سەپاندنی شوناسی عەرەبیان گرتە بەر چ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیونالیستی لەم هەنگاوەشیاندا چەندین ئامراز و رێکاری جیاوازیان گرتە بەر بۆ سەپاندنی شوناسەکەیان. بەڵام لە دوای روخانی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە هەردوو وت ئەو دەسەڵاتانەی کە هاتنە شوێنیان درێژەیان بە سەپاندنی شوناسی عروبەدا لە فۆرمێکی تر کە ئەویش وەك ئاماژەمان پێکرد کە شوناسی داتاشێنراوە, کە بریتیە لەو پرۆسیسیەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتەوە کە ناچاری ئەندامانی گروپێکی ئیتنی دەکات کە پابەند وابەستە بن بەو وێناکردنە شوناسیەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە پێش وەخت بۆیان داتاشێنراوە، ئەگەر چی ئەو وێناکردنە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەسی یان کولتووری خۆیان نیە بەڵکو پێچەوانەیەتی و تەناتەن دژیەکیشە، بەڵام دەبێت بەوشێوەی بناسرێ، و لەو چوارچێوەی ئەو شوناسەی کە

دامەزراوەکانــی دەوڵـەت بۆیانــی داتاشـیوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت. هەربۆیـە شوناسـی داتاشـێنراو رەهەندنـی ئیختیـاری نیـە بەڵکـو جۆرێکـە لـە پرۆسـەی سـەپاندنی شـوناس بـەڵام لـە بەرگێکـی تـر و بەئامـرازی جیاوازتـر کـە تارادەیـەك رێکارەکانـی نەرمـترە، و ئەگـەر شـەرانگێزیش بێـت هـەوڵ ئـەدات لـە رێگـە بریکارەکانیــەوە پیــادەی بــکات.

## کۆڵۆنیالیزم و پرۆسەی شێواندنی شووناس

* با لێرەدا ئاراستەی پرسیارەکان بگۆڕین بۆ شێوازێکی تر؛ ئەویش ئەوەیە سیاسەتی کۆڵۆنیالیزم و پرۆسەی شێواندنی شووناس تاچەند لەگەڵ سیاسەتی جێنۆساید یەك دەگرنەوە یان لەبنەڕەتدا کۆڵۆنیالیزم و سیاسەتی زاڵکردنی شووناسی کۆڵۆنیالیزم، بەشێك لەسیاسەتی جینۆسایدکردن؟

دکتۆر ئاریان: پەیوەندی نێوان کۆڵۆنیالیزم، شێواندنی ناسنامە، و جینۆساید پەیوەندییەکی ئەندامی و سیستەماتیکییە. کۆڵۆنیالیزم بە سروشتی خۆی هەڵگری ئەو بیرۆکەیە کە پێویستە ناسنامەی گرووپی ژێردەستە کەم بکرێتەوە یان بسڕدرێتەوە بۆ ئەوەی ناسنامەی گرووپی زاڵ جێگەی بگرێتەوە. ئەمەش دەتوانێت لە جینۆسایدی کولتوورییەوە دەست پێبکات و بەرەو جینۆسایدی فیزیکی بڕوات.

لە ڕاستیدا، ئەگەر مەبەستی لەناوبردنی گرووپێك «بەشێوەیەکی تەواو یان بەشێکی» بێت، ئەوا لەناوبردنی کولتووری و ناسنامەیی ئەوان بە یەکێك لە ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە دادەنرێت. چونکە گرووپێك کاتێك ناسنامەی نامێنێت، لە ڕووی بوونەوە زۆر لاواز دەبێت و مەترسی لەناوچوونی فیزیکیشی زیاتر دەبێت. بۆیە،

بەڵـێ، سیاسـەتی کۆڵۆنیالیـزم و سـەپاندنی ناسـنامەی زاڵ بـە شـێوەیەکی قـووڵ بەشـێکن لـە سـتراتیژییەتی جینۆسـایدکردن.
* تـەواوی توێژینەوەکـەی ئێـوە؛ مەترسـییەگەورەکەی ئەوەیـە، سـەرباری ڕووخانـی ڕژێمـە دکتاتۆرییـەکان لەعێـراق، کەچـی هێشـتاو بەمەودایەکـی زۆر گرنکـی بەپاراسـتنی ناسـنامەی گروپـی ئیتنـی زاڵ دەدات، دەتانـەوێ لێـرەوەو بـەم ئەنجـام بڵێـن پێویسـتە کـوردو تـەواوی پێکهاتـە کۆڵۆنیالکـراوەکان کەشووناسـی بوونیـان تێـك شـکێنراوە یـان بـەردەوام تێـك دەشـکێنرێ، چـی بکـەن؟
دکتـۆر ئاریـان: تێبینییەکـەی بەڕێزتـان زۆر ورد و گرنگـە، بەتایبەتـی کاتێـك دەڵێـت «سـەرباری ڕووخانـی ڕژێمـە دیکتاتۆرییـەکان لـە عێـراق، کەچـی هێشـتا و بـە مەودایەکـی زۆر گرنگـی بـە پاراسـتنی ناسـنامەی گرووپـی ئێتنیکـی زاڵ دەدات.» ئەمـە دڵـی کێشـەکە و مەترسـییە درێژخایەنەکەیـە. ڕووخانـی ڕژێمێـك بـە مانـای لەناوچوونـی تـەواوی فەلسـەفە و کولتـووری زاڵ نییـە کـە چەندیـن سـاڵە لەنـاو کۆمەڵگـەدا ڕەگـی داکوتـاوە.
ئـەو مەترسـییەی ئێـوە ئامـاژەی پێـدەدەن ڕاسـتییەکە و لـە زۆرێـك لـە وڵاتانـی دوای ململانـێ یـان دوای ڕووخانـی دیکتاتۆرییەتـەکان بـەدی دەکرێـت. ئـەو چوارچێـوە فیکرییـەی کـە دەوڵەتـی لەسـەر بنیـات نـراوە، یـان ئـەو ناسـنامەیەی کـە دەوڵـەت هەوڵـی داوە بیخاتـە نـاو قاڵبـی «نیشـتمانی»یەوە، زۆرجـار بـە ڕووخانـی ڕژێمـەکان نامرێـت. بەڵکـو لـە ڕێگـەی دەزگاکانـی دەوڵـەت، سیسـتەمی پـەروەردە، میدیـا، و تەنانـەت

لـە ڕێگـەی بیرکردنـەوەی بەشـێکی زۆری خەڵکـەوە بـەردەوام دەبێـت.

مەترسـییەکە لەوەدایـە کـە هەتاکـوو دەوڵەتێـك بـە شـێوازی «یــەك ناســنامە، یــەك زمــان، یــەك کولتــوور» بیربکاتــەوە، هەمیشــە هەڕەشــە لەســەر بوونــی ناســنامە جیــاوازەکان دەبێـت. تەنانـەت ئەگـەر گۆڕانـکاری ڕژێمیـش ڕووبـدات، ئـەو فەلسـەفەیە لەنـاو دەزگاکانـی دەوڵـەت و کۆمەڵگـەدا بـەردەوام دەبێـت.

لێرەدا، وەك کورد تەنها دو بژاردەی لەبەردەمدایە:

١. لـە بـەر ئەوەی کـورد خاوەنی دەوڵەت نیە و کارلێکراوەکەشـە هەربۆیـە دەبێـت تێروانـی گروپـی زاڵ بـۆ کـورد بگۆڕێـت, واتـە ئـەو وێناکـردن و داتاشـینی شوناسـە بـۆ کـورد لەلایـەن گروپـی ئیتنــی زاڵــەوە بگۆڕێــت و بــەو شــێوەیە مامەڵــە لــە گــەڵ شوناسـی کـورددا بـکات وەك ئـەوەی کـە هەڵگریەتـی.

٢. جیابونـەوەی کـورد لـەو دەوڵەتانـە و دروسـتکردنی دەوڵـەت بـۆ کـورد.

# تەوەری سێهەم:
# بڕیاری ٦٨٨؛ ڕامان و گفتوگۆ

# بڕیاری ٦٨٨؛ ڕامان و گفتوگۆ

(ڕابردوو، ئێستاو ئاینده، پەیوەندی بەتاوانی جینۆسایدەوە)

ئـەم بڕیارنامەیـە (٦٨٨ی ئەنجومەنـی ئاسـایش)لە ٥ی نیسـانی ١٩٩١ و دوای گەشـتنی نامـەی وڵاتانـی فەڕەنسـا و ئێـران و تورکیـا بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە نیگەرانی خۆیـان لەبارەی ڕووداوە ترسـناکە سیاسـییەکانی عێـراق بەتایبـەت (کـۆڕەوە مەزنەکـەی ١٩٩١) بەرامبـەر گەلـی (کـورد)، کـە داوایـان دەکـرد عێـراق لـە زیانگەیانـدن بـە گەلـی کـورد لەکوردسـتانی عێـراق دەسـت هەڵبگرێـت و ڕێگـری بکرێـت لـە گەیشـتنی دەسـتی حکومەتـی بەعـس بـۆ هاوڵاتیانـی کوردسـتان.

ئەنجوومەنـی ئاسـایش سـووربوو لەسـەر ئـەوەی عێـراق ڕێـگا بـدات ڕێکخـراوە مرۆڤایەتییـە نێودەوڵەتییـەکان بگەنـە ناوچـە زیانلێکەوتووەکانـی کوردسـتانی باشـوور، و داواش لـە سـکرتێری گشـتی کـرا کـە داواکـە بگەیەنـێ بـە تـەواوی گەلـی کـوردی زیانلێکەوتـوو لـە دەسـتی حکومەتـی عێـراق و تـەواوی کارەکانـی حیزبـی بەعـس دژی گەلـی خـۆی بـە ڕاپۆرتێـك ئامـادە بـکات بـۆ لێکۆڵینـەوە لـەو تاوانانـە.

بڕیارەکـە بـە ١٠ دەنـگ دەرچـوو، و سێ دەنگیـش نەخێریـش

هەبـوون کـە (یەمـەن، زیمبابـۆی، کوبـا) بـوون و دوو لـە وڵاتانیــش خۆیــان بەدوورگــرت لــە دەنگــدان کــە ( چیــن و هیندســتان) بـوون.
فەڕەنسـا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بڕیارنامـەی ٦٨٨ـــیان بەکارهێنـا بـۆ ڕێگـری لـە فڕینـی فڕۆکـە بەسـەر باکـووری عێراقـدا بـۆ پاراسـتنی ئـەو کەسـانەی لـەو ناوچانـە ئـاوارە بووبـوون بـۆ ڕێگـری لـە زیانـی زیاتـر، بەهـۆی ناوچـەی دژەفڕینـەوە کۆتایـی هێـنرا بـە شـاڵاوی هێرشـی حکومەتـی بەعـس بـۆ کـورد لەباشـووری کوردسـتان.
ئەگەرچـی لەڕابـردوودا ( گفتوگـۆی جیاجیـا، ووتـارو نووسـینی جیاجیـا، لێکدانـەوەو هەڵسـەنگاندنی جیاجیـا) لەسـەر ئاسـتی عێـراق و کوردسـتان و هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی لەبـارەی ئـەم بڕیـارە (٦٨٨) وەکـراوە، بـەڵام ئێستاشـی پێوەبـێ نەتوانراوە تێکـڕای لایەنـە یاسـایی و سیاسـی و مرۆییەکانـی بڕیارەکـە لەئاسـتی پێویسـت شرۆڤـە بکـرێ.
لـەم گفتوگۆیـەدا لەگـەڵ پرۆفیسـۆری یاریـدەر «دکتـۆر ئاریـان ڕووف» کـە لەهەمانکاتـدا مامۆسـتای زانسـتە سیاسـییەکانە، لەڕێگـەی کۆمەڵێـك پرسـیارەوە گفتوگۆیەکـی فـراوان و وردی زۆربــەی لایــەن و ڕەهەندەکانــی بڕیارەکەمــان کــردوەو لەچوارچێـوەی گفتوگۆکانیشـماندا ئەوەمـان پشڕاسـتکردوەتەوە، بڕیــاری (٦٨٨) تــا ڕادەیەکــی زۆر پەیوەنــدی بەتاوانــی جینۆسـایدو کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـەو تاوانـی جینۆسـایدی ئەنفالـەوە هەبـوەو هەیـەو ئەوەشـی جێـی نیگەرانیمانـە، کـورد نەیتوانیـوە ئـەم لایەنـە گرنگـەی بڕیارەکـە بجوڵێنـێ و کاری

لەسەربکات، بەتایبەت لەناساندنی تاوانەکانی جینۆسایدو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا. لەکاتی خوێندنەوەی گفتوگۆکە زۆر زانیاری گرنگ و نەبیستراو، دێنە پێشت و گرنگە بەوردی لەسەریان ڕابوەستی.

## هۆکارە سەرەکیەکانی بڕیارەکە؟

تەها سلێمان: بڕیاری ٦٨٨کەی دەرچوو، هۆکارە سەرەکی و گشتییەکانی پشت ئەم بڕیارە چیبوون؟

دکتۆر ئاریان: بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ دەرچوو. ئەتوانین بڵێین هۆکارە سەرەکی و گشتییەکانی پشت ئەم بڕیارە بریتی بوون لە:

١. ئەنجامدانی تاوانی پێش وەختە لە لایەن رژێمی سەدام حسین: ئەو کۆمەڵکوژیەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە چوارچێوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال, یەکێك بوو لە هۆکارەکانی پشت ئەم بریارە.

٢. سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی لە کوردستان و باشووری عێراق: دوای کۆتایی هاتنی جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، ڕاپەڕینێکی بەرفراوان دژی حکومەتی سەدام حسێن لە کوردستان (هەرێمی کوردستان) و باشووری عێراق سەریهەڵدا. حکومەتی عێراق بە توندی و بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی زۆر و چەکی قەدەغەکراو کەوتە وێژەی دانیشتوانی مەدەنی ، ئەمەش بووە هۆی کوشتارێکی زۆر و ئاوارەبوونی ملیۆنان هاوڵاتی، بەتایبەتی کورد بۆ ناوچە

سـنوریەکانی ئێـران و تورکیـا .
٣. قەیرانـی مرۆیـی گـەورە: سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـەکان بـووە هـۆی دروسـتبوونی قەیرانێکـی مرۆیـی گـەورە و لەسـەریەك، بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی کوردسـتان. سـەدان هـەزار کـەس، زۆربەیـان ژن و منـداڵ، بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا هەڵاتـن بـۆ ناوچـە شـاخاویەکان، بـێ خـواردن و ئـاو و شـوێنی حەوانـەوە لـە کەشـوهەوایەکی زۆر سـەختدا.
٤. هەڕەشـە بـۆ ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی: نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نیگـەران بـوون کـە ئـەم قەیرانـە مرۆییـە و ناجێگیـری ناوخۆیـی عێـراق دەکرێـت ببێتـە هەڕەشـەیەك بـۆ ئاشـتی و ئاسایشـی ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی. ئاوارەبوونێکـی زۆری خەڵـك بـۆ وڵاتانـی دراوسـێ، بارگرانییەکـی گـەورەی دروسـت کـرد.
٥. پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ: بڕیارەکـە بـە تونـدی ئیدانـەی سـەرکوتکردنی دڕندانـەی خەڵکـی مەدەنـی کـرد و بـە پێشـێلکردنێکی گـەورەی مافەکانـی مرۆڤـی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە زانـی.

لـە ئەنجامـی ئـەم بڕیـارەدا، ناوچـەی دژە فڕیـن (No-Fly Zone) لـە باکوور(ناوچـەی کوردسـتان ) و باشـووری عێـراق دروسـت کـرا، بەتایبەتـی لـە کوردسـتان بـۆ پاراسـتنی کـورد لـە هێرشـەکانی ڕژێمـی سـەدام. ئـەم بڕیـارە ڕێگـەی خۆشـکرد بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکانی وەك «دابینکردنـی ئاسـایش» (Operation Provide Comfort) کـە ئامانجیـان گەیاندنـی یارمەتـی مرۆیـی و پاراسـتنی ئاسایشـی ئاوارەکانـی کوردسـتان بـوو.

## پاراستن و کۆمەکی مرۆیی

* وەك ئەنجام ئێوە پێتان وایە (لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا، ناوچەی دژە فڕین (No-Fly Zone) لە باکوور(ناوچەی کوردستان ) و باشووری عێراق دروست کرا، بەتایبەتی لە کوردستان بۆ پاراستنی کورد لە هێرشەکانی ڕژێمی سەدام. ئەم بڕیارە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی وەك «دابینکردنی ئاسایش» (Operation Provide Comfort) کە ئامانجیان گەیاندنی یارمەتی مرۆیی و پاراستنی ئاسایشی ئاوارەکانی کوردستان بوو) کەواتە لەناوەڕۆکدا بڕیارەکە هەم پاراستن و هەمیش گەیاندنی کۆمەکی مرۆیی بوو؛ جیا لەکۆمەکی مرۆیی با لەسەر چەمکی پاراستن ڕاوەستین و بزانین تا کوێ کورد لەهەڕەشەکان پارێزراوە؟ پاشان دەمەوێ لەدۆخی ململانێکانی کاتی دەرچوونی بڕیارەکە ورد بینەوە چۆن تێپەڕیوەو چی لەدوو توێی ململانێکان گوزەراوە؛ بەتایبەت بەریەك کەوتنی بەرژەوەندییەکان؟

دکتۆر ئاریان: بە دروستی، بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٦٨٨ (١٩٩١) دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو: یەکەم، گەیاندنی یارمەتی مرۆیی بە قوربانییانی سەرکوتکردنی

ڕژێمـی سـەدام، و دووەم، پاراسـتنی ژیانـی مەدەنییـەکان، بەتایبەتـی کـورد لـە ناوچـەی کوردسـتانی عێـراق.
- سـەبارەت بـە چەمکـی پاراسـتن، ناوچـەی دژە فڕیـن (No-Fly Zone) لـە باشـوور و کوردسـتانی عێـراق، کـە لـە سـاڵی ١٩٩١ دامـەزرا، بـە تایبەتـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە بـە ئۆپەراسـیۆنی «دابینکردنـی ئاسـایش» (Operation Provide Comfort): دەنـاسرا. ئـەم ئۆپەراسـیۆنە، کـە تێیـدا هێزەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا و فەرەنسـا بەشـدار بـوون، ئامانجـی سـەرەکی گەیاندنـی یارمەتـی مرۆیـی بـە پەنابەرانـی کـورد بـوو. لەگـەڵ ئەمەشـدا، بوونـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە ناوچەکـەدا (لـە تورکیـا) و فڕینـی فڕۆکەکانیـان بەسـەر ئاسـمانی کوردسـتاندا، وەك چەترێکـی پارێـزەر بـۆ کـورد کاری دەکـرد. بەگشـتی ئۆپەراسـیۆنەکە ڕۆڵێکـی گرنگـی بینـی لـە پاراسـتنی کـورد لـە هێرشـە ئاسـمانییەکانی ڕژێمـی سـەدام. ئـەم ناوچەیـە ڕێگـەی بـە فڕۆکەکانـی عێـراق نـەدەدا بەسـەر ئـەو ناوچانـەدا بفـڕن و بەمـەش مەترسـی بۆسـەر ژیانـی خەڵکـی مەدەنـی کەم کـردەوە. ناوچـەی دژە فڕینەکـە ڕێگربـوو لـە هێرشـی ئاسـمانی ڕژێمـی بەعـس، کـە پێشـتر بـە چەکـی کیمیایـی و بۆمبارانـی دڕندانـە پەلامـاری هەڵەبجـە و چەنـد ناوچەیەکـی تـری دابـوو. ئەمـە هەناسـەیەکی دایـە خەڵکـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی بتوانـن کەمێـك سـەقامگیر بـن و ژیانێکـی ئاسـایی بژیـن.
- بڕیـاری ٦٨٨ لـە دۆخێکـی زۆر ئاڵـۆز و پـڕ لـە ململانێـی بەرژەوەنـدی نێودەوڵەتیـدا دەرچـوو. دوای شـەڕی کەنـداو لـە سـاڵی ١٩٩١، ڕژێمـی سـەدام هێشـتا بەهێـز بـوو، هەرچەنـدە

شکستی هێنابوو. ڕاپەڕینی گەلی عێراق (شیعەکان لە باشوور و کورد لەکوردستان) لە دژی سەدام، کاردانەوەی جۆراوجۆری هەبوو:
١-وڵاتانی هاوپەیمانان (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا): سەرەتا ویستیان سەدام بڕووخێنن، بەڵام دواتر لە ترسی شێواندنی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە و سەرهەڵدانی هێزێکی دیکە (وەك ئێران)، بڕیاریان دا تەنها فشار بخەنە سەر سەدام، نەك ڕووخاندنی تەواوی. ململانێی سەرەکی لێرەدا لە نێوان پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە و پەرەپێدانی دیموکراسی بوو. ئەوان نەیاندەویست عێراق بە تەواوی دابەش بێت، چونکە ئەمە دەیتوانی کاریگەری خراپی لەسەر تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەبێت.
٢-پرۆژە پێشنیازەکەی فەرەنسا و ناکۆکییە سەرەتاییەکان: فەرەنسا، بە سەرۆکایەتی فرانسوا میتێران هەروەها دانیاڵ میتەرانی هاوسەری، ڕۆڵێکی پێشەنگ بوو لە هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کاردانەوە بەرامبەر بە سەرکوتکردنی کورد و شیعەکان لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە. پرۆژە پێشنیازەکەی فەرەنسا لە بنەڕەتدا توندتر بوو و داوای ڕاستەوخۆی کردبوو کە «سەروەری ناوخۆی» عێراق چیتر ناتوانرێت وەك پاساوێك بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو، چونکە پرەنسیپی «سەروەری ناوخۆیی» هەمیشە وەك قەڵغانێك لەلایەن دەوڵەتانەوە بەکاردەهات بۆ ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی دەرەکی.

بەڵام، ئەم پرۆژە پێشنیازە ڕووبەڕووی ناکۆکی و ناڕەزایەتی بووەوە لەلایەن چەند وڵاتێکەوە، بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەت و چین.

-یەکێتی سۆڤیەت: یەکێتی سۆڤیەت، هەرچەندە لەو کاتەدا لە قۆناغی لاوازبوون و هەڵوەشانەوەدا بوو، بەڵام هێشتا وەك زلهێزێك کاریگەری خۆی هەبوو و هەستیار بوو بەرامبەر بە پرەنسیپی «دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان». سۆڤیەت و چین ترسیان لەوە هەبوو کە دروستکردنی پێشینەیەکی لەو شێوەیە (کە ڕێگە بە دەستێوەردان بدات بە پاساوی مافەکانی مرۆڤ)، لە داهاتوودا بۆ دۆسییەکانی خۆیان بەکاربهێنرێت. ئەوان داوای گۆڕانکاری و هەمموارکردنیان دەکرد کە وشە و زاراوەکانی پرۆژەکە کەمتر ڕاستەوخۆ و توند بن لەسەر دەستێوەردان.

- چین: هەمان نیگەرانی سۆڤیەتی هەبوو و هەوڵیدا وشەسازییەکە نەرمتر بێت و کەمتر جەخت لەسەر «کاروباری ناوخۆیی» بکاتەوە وەك پاساوێك بۆ دەستێوەردان.

- وڵاتانی عەرەبی: هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی، لەوانەش یەمەن (کە ئەندامی کاتیی ئەنجومەنی ئاسایش بوو)، دژی پرۆژە پێشنیازەکە بوون یان نیگەرانییان هەبوو، چونکە بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی عەرەبییان دەزانی و ترسیان لەوە هەبوو کە ئەمەش ببێتە پێشینەیەك بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا. ئەوان زیاتر جەختیان لەسەر سەروەریی عێراق دەکردەوە.

لەکۆتاییدا، بەهۆی گوشاری زۆر و گفتوگۆی چڕوپڕ،

هەندێـك گۆڕانـكاری لەسـەر پـرۆژە پێشـنیازەكەی فەرەنسا كـرا بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن پشـتیوانی بەدەسـت بهێنێـت. ئـەم گۆڕانكارییانـە وایانكـرد كـە بڕیارەكـە نەرمـتر بێـت لـەو ئاسـتەی فەرەنسـا سـەرەتا ویسـتی. وشـە و زاراوەكانـی بڕیارەكـە بـە شـێوەیەك دانـران كـە كەمـتر ڕاسـتەوخۆ بـاس لـە «دەسـتێوەردانی سـەربازی» یـان «فراوانكردنـی ناوچـەی دژە فڕیـن» بكـەن. لەجیاتـی ئـەوە، جەختـی لەسـەر «نارەزایەتـی دەربڕیـن» و «داواكـردن» لـە عێـراق دەكـردەوە كـە كۆتایـی بـە سـەركوتكردنی خەڵـك بهێنێـت و ڕێگـە بـە گەیاندنـی یارمەتـی مرۆیـی بـدات. بـۆ تێپەڕاندنـی نیگەرانییەكانـی سـۆڤیەت و چیـن سـەبارەت بـە دەسـتێوەردان لـە كاروبـاری ناوخۆیـی، بڕیارەكـە بەنـد كـرا بـە بەشـی ٧ی جاڕنامـەی نەتـەوە یەكگرتووەكانـەوە, كـە ڕێگـە بـە ئەنجومەنـی ئاسـایش دەدات بـۆ پاراسـتنی «ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی» ڕێوشـوێن بگرێتەبـەر. بەمـەش، بڕیارەكـە جەختـی لـەوە دەكـردەوە كـە سـەركوتكردنی خەڵـك لـە عێـراق، مەترسـییە بۆسـەر ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی، نـەك تەنهـا كێشـەیەكی ناوخۆیـی. ئەمـە پاسـاوێكی یاسـایی دایـە پـاڵ بڕیارەكـە.

دەرئەنجـام، بڕیـاری ٦٨٨ بـە ١٠ دەنگـی بەڵـێ، ٣ دەنگـی نەخێـر (چیـن، كوبـا، یەمـەن)، و ٢ دەنگـی بێلایـەن (زیمبابـۆی، ئیكـوادۆر) دەرچـوو. ئەمـەش نیشـانەی ئـەو ناكۆكییانـە بـوو كـە لەسـەری هەبـوون. هەرچەنـدە چیـن دژی بـوو، بـەڵام مافـی ڤیتـۆی بەكارنەهێنـا، كـە ئەمـەش نیشـانەی گوشـاری نێودەوڵەتـی بـوو.

خاڵێـك لێـرەدا جێگـەی سـەرنجە پراکتیزەکردنـی ناوچـەی دژە فریـن و دابینکردنـی ناوچـەی ئـارام بـۆ کـورد, کـە ویسـتی فەرەنسـا و هاوپەیمانەکانی بـوو بـە ئەنجـام گەیشـت , ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە پـرۆژە بریارەکـەدا نەهاتبـوو, ئەمـەش دەرخەری ئەوەیـە کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی جـدی لـە پاراسـتنی کـورد. چونکـە قەیرانـە مرۆیەکـە (کـۆڕەو) پاشـخانی جینۆسـایدکردن ، وێنەیەکـی قورسـی دروسـتکرد کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نەیدەتوانـی چاوپۆشـی لـێ بـکات. گوشـاری ڕای گشـتی جیهانی (لـە ڕێگـەی میدیاکانـەوە) ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو. فەرەنسـا لـەم ڕووەوە ڕۆڵێکـی کاریگـەری گێـڕا لـە بەرزکردنـەوەی ئـەم دۆسـێیە و نیشـاندانی مەترسـییە مرۆییـەکان. ئەمـە نیشـاندەری ئەوەیـە کـە کاتێـك ئاسـتی پێشـێلکاریی مافەکانـی مـرۆڤ دەگاتـە قۆناغێکـی کارەسـاتبار، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ناچـارە کاردانـەوەی هەبێـت، تەنانـەت ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی بڕیارنامـەی فەرمیـش ڕێوشـوێنەکان ڕاسـتەوخۆ نەبـن.

بـە گشـتی، دەرچوونـی بڕیـاری ٦٨٨ پرۆسـەیەکی ئاسـان نەبـوو و ڕەنگدانـەوەی ململانێـی بەرژەوەندییـەکان و تێڕوانینـە جیاوازەکانـی ئەندامانـی ئەنجومەنـی ئاسـایش بـوو لەسـەر پرەنسـیپی سـەروەریی دەوڵـەت و مافەکانـی مـرۆڤ.

خاڵێکـی تـر کـە جێگـەی سـەرنجە لـە بریارەکـە, ئەویـش خاڵـی ٢ لـە بریارنامـەی ٦٨٨ کـە لـە بەشـێکیدا «داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکات کـە گفتوگـۆی کـراوە ئەنجـام بـدات لـە پێنـاو زامنکردنـی مافەکانـی مـرۆڤ و مافـە سیاسـییەکانی سـەرجەم هاوڵاتیانـی عێـراق.» هەرچەنـدە ڕژێمـی سـەدام هەرگیـز

پابەنـدی ئـەم داوایـەی ئەنجومەنـی ئاسـایش نەبـوو، بـەڵام بوونـی ئـەم مادەیـە لـە بڕیارەکـەدا، بنەمایەکـی یاسـایی و سیاسـی بەخشـی بـە کـورد بـۆ ئـەوەی هەوڵـی زیاتـر بـدات بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانـی. داواکردنـی گفتوگـۆ و زامنکردنـی مافـە سیاسـییەکان وایکـرد کـە دروسـتبوونی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان لـە باشـوور و هەڵبژاردنەکانـی ١٩٩٢، شـەرعییەتێکی نێودەوڵەتـی زیاتـری پێببەخشرێـت و عێراقیـش نەتوانێـت هێرشـی بکاتـە سـەر.

# پێش کۆڕەوی ١٩٩١ و تاوانی جینۆساید

* پێــش کــۆڕەوی ١٩٩١ تاوانــی جینۆســایدو کیمیابارانکردنــی هەڵەبجــەو تاوانــی جێنۆســایدی ئەنفــال و پێــش ئــەم دووتاوانــەش تاوانــی جێنۆســایدی بارزانیــەکان و تاوانــی جینۆســایدی فەیلیــەکان لەلایــەن عێــراق ئەنجــام دەدرێ، بــەڵام کــۆڕەوی ١٩٩١ دەبێتــە هــۆکاری ســەرەکی بڕیارەکــە وەك بــاس دەکــرێ؛ ئایــا ئەمــە پەیوەنــدی بــە بەریەککەوتنــی بەرژەوەندییەکانــی وڵاتــە زلهێــزەکان و وڵاتانــی ناوچەکــەوە نەبــوو لەگــەڵ دەوڵەتــی عێــراق؟

دکتــۆر ئاریــان: بەڵــێ، ئــەم پرســیارە زۆر گرنــگ و وردبینانەیــە و ئامــاژە بــە لایەنێکــی قووڵــی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان دەکات. وەك ئامــاژەت پێــدا، پێــش کــۆڕەوی ١٩٩١ چەندیــن تاوانــی گــەورەی جینۆســاید و دڕندایەتــی لەلایــەن ڕژێمــی عێراقــەوە ئەنجامدرابــوون، وەك )جینۆســایدی بارزانییــەکان ١٩٨٣ و جینۆســایدی کــوردە فەیلییــەکان لــە حەفتاکانــەوە تــا هەشــتاکان و کیمیابارانــی هەڵەبجــە ١٩٨٨ و جینۆســایدی ئەنفــال١٩٨٨ ) ســەرەڕای ئــەم تاوانــە گەورانــەش، کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی و وڵاتــە زلهێــزەکان کاردانەوەیەکــی ئەوتۆیــان نەبــوو یــان کاردانەوەکانیــان لاواز بــوو. بــەڵام لەگــەڵ کــۆڕەوی

١٩٩١، بڕیـاری ٦٨٨ دەرچـوو و ناوچـەی دژە فڕینیـش دامـەزرا. ئـەم جیاوازییـە لـە کاردانەوەکانـدا کۆمەڵێـك هـۆکار لـە پشـتی بـوون لەوانـەش:

- بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پەیوەنـدی بـە بەرژەوەندییە سیاسـی و ئابوورییەکانــی وڵاتــە زلهێــزەکان و وڵاتانــی ناوچەکــەوە هەیــە. بــەدەر لــەوەش دژ یەکــی لــە پرنســیپە گشــتیەکانی نەتــەوە یەکگرتــوەکان هەیــە ,ئەگــەر بــە تێروانینێکــی وردەوە لــە چارتــی (میپــاق) نەتــەوە یەکگرتــوەکان بروانیــن زۆر بــە روونــی پرەنســیپی دژ بــە یــەك لــە خــۆ دەگرێــت، دیاریتریــن ئــەو پرنســیپانەش (دەســتێوەرنەدانە لــە کاروبــاری وڵاتــان و پرەنســیپەکانی پاراســتنی مافەکانــی مرۆڤــە ). لـە برگـەی (٢)ی مـاددەی (٧) ی بەلگەنامەکـە ریگەنـادات ریکخراوەکـە دەسـت وەربداتـە ئـەو بابەتانـەوە لەچوارچیـوەی تایبەتمەنـدی ناوخویی ولاتانــی ئەندامــدان پرنســیپی( دەســتوەرنەدان لەکاروبــاری ناوخــۆی ولاتــان) بەواتایەکــی تــر بابەتــی ناکۆکــی و ململانــی ناوخوییەکانـی ولاتـان ملکەچـی تایبەتمەنـدی ناوخویـی ولاتانـن ، ئەمـەش پـی دەووتریـت ( بـواری پاریـزراوی سـەروەری ولات ). کەچـی لـە دیباجـەی چارتەکـە و مادەکانـی (١و ١٣ و ٥٥ و ٦٢و ٦٨ و ٧٦) جەخـت لـە سـەر پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و مافـە بنەرەتیەکانـی ئەکاتـەوە. ئەمـەش وای لـە وڵاتانـی جیهـان کـردوە بـە گوێـرەی بەرژەوەندیەکانـی خۆیـان هـەرکات پرسـی پێشـێلکردنی مافەکانــی مـرۆڤ لەبەرژەوەندیـان نەبـوو پرسـی دەســتێوەرنەدان بۆکاروبــاری وڵاتــان بکــەن بــە پاســاو, یــان بەپێچەوانەکـەی پرسـی پێشـڵکردنی مافەکانـی مـرۆڤ بکەنـە

پاساو بۆ دەستێوەردان.

- گۆڕانی سیستەمی جیهانی لە دوو جەمسەرییەوە (سۆڤیەت و ئەمریکا) بۆ تاك جەمسەری (بە سەرۆکایەتی ئەمریکا) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە کاردانەوەی نێودەوڵەتی بۆ کۆڕەوی ١٩٩١ . جینوسایدی (بارزانیەکان و فەیلیەکان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال )لە ساتەوەختێکدا رویاندا، جەنگی سارد هێشتا بەردەوام بوو و یەکێتی سۆڤیەت هێشتا وەك جەمسەرێکی بەهێز لە بەرامبەر ئەمریکا و بلۆکی ڕۆژاوا مابووەوە. لەو کاتەدا، زۆرێك لە وڵاتانی جیهان لە چوارچێوەی هەژموونی یەکێك لەم دوو جەمسەرەدا بوون. هەرچەندە عێراق، هاوپەیمانێکی ڕاستەوخۆی هیچ کام لە جەمسەرەکان نەبوو، بەڵام هاوسەنگییەکی سیاسی لەنێوانیاندا ڕاگرتبوو. یەکێتی سۆڤیەت فرۆشیاری چەك بوو بۆ عێراق و پەیوەندی دیپلۆماسی بەهێزی لەگەڵیدا هەبوو. ئەمە وا دەکات هەر بڕیارێکی دژ بە عێراق لە ئەنجومەنی ئاسایش ڕووبەڕووی ڤیتۆی سۆڤیەت یان بەرەنگاربوونەوەی سیاسی ببێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و ڕۆژاوا بەپێی بەرژەوەندییەکانیان پشتیوانی عێراقیان دەکرد دژی ئێران، نەیاندەویست عێراق زۆر نزیك بێتەوە لە سۆڤیەت و هاوسەنگی ناوچەیی تێکبدات. ئەم دۆخە دوو جەمسەرییە، ڕێگر بوو لە کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی بەهێز دژی تاوانەکانی سەدام حسێن دژ بە کورد. لەم چوارچێوەیەدا، زۆرێك لەو تاوانانەی ئاماژەمان پێدان

کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـە گشـتی چاوپۆشـی لێکـردن یـان بـە لاوازی کاردانـەوەی نوانـد، بـەڵام ڕوودانـی کـۆرەوی لـە سـاڵی ١٩٩١ ، لەکاتێکـدا بـوو یەکێتـی سـۆڤیەت لـە لێـواری داڕمانـدا بـوو و کاریگەریـی جیهانیـی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لاواز ببـوو. زۆربـەی وڵاتانـی بلۆکـی ڕۆژهـەڵات ڕزگاریـان ببـوو و بـەرەو دیموکراسـی و بـازاڕی ئـازاد دەچـوون. ئیـدی ئەمریـکا وەك تاکـە زلهێـزی جیهـان سـەریهەڵدا. ئەمـە بـە واتـای ئـەوە بـوو کـە ئیـتر هیـچ لایەنێـك نەمـا کـە بتوانێـت بـە شـێوەیەکی کاریگـەر ڕێگـر بێـت لـە بڕیارەکانـی ئەنجومەنـی ئاسـایش کـە لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانییـەوە (فەرەنسـا و بەریتانیـا) دەردەکـران. ڤیتـۆ یـان ئاسـتەنگە سیاسـییەکان کـە پێشـتر لەلایـەن سـۆڤیەتەوە دروسـت دەکـران، نەمـان.

- کاتێـك سـەدام حسـێن لـە ئابـی ١٩٩٠ کوێتـی داگیـر کـرد، دۆخەکـە بـە تـەواوی گـۆڕا و دواتریـش دوای شکسـتی سـەربازی عێـراق لـە جەنگـی کەنـداو، کـۆڕەوی ١٩٩١ و دروسـتبوونی قەیرانێکـی مرۆیـی گـەورە وێنەیەکـی نێودەوڵەتی زۆر کارەسـتابار دروسـتبوو. میدیـای جیهانـی بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان ڕووداوەکانـی کـۆڕەو و ئاوارەبـوون و مەینەتیەکانـی خەڵکـی کوردیـان دەگواسـتەوە. ئـەم وێنانـە فشـارێکی گـەورەی دروسـت کـرد لەسـەر حکومەتەکانـی ڕۆژاوا بـۆ ئـەوەی کاردانـەوە بنوێنـن. لێـرەدا، بەرژەوەندییەکانـی ڕۆژاوا (کە بریتی بـوون لـە پاراسـتنی وێنـەی خۆیـان وەك پارێزەرانـی مافەکانـی مـرۆڤ و نەهێشـتنی ناسـەقامگیری زیاتـر لـە ناوچـەی نـەوت) لەگـەڵ پێویسـتیی مرۆیـی جـووت بـوون.

## بەرژەوەندی و دەست وەردان

* (هــەرکات پرســی پێشــێلکردنی مافەکانــی مــرۆڤ لەبەرژەوەندیــان نەبــوو پرســی دەســتێوەرنەدان بۆکاروبــاری وڵاتــان بکــەن بــە پاســاو) ئەمــە بەشــێکە لەڕوانینــی ئێــوە؛ کەوابــوو ئەمــە جۆرێکــی ڕوون و ئاشــکرا نیــە لەمامەڵــەی دوو ڕووانــە هــەم لەلایــەن نەتــەوە یەکگرتــوەکان و هەمیشــە لەلایــەن وڵاتانــی ئەنــدام لەڕێکخراوەکــە، چونکــە بەرژەوەنــدی نــەك پرســی مرۆیــی دەکەنــە چوارچێــوەو بڕیــاری مەمەڵەکردن؟ دکتــۆر ئاریــان: خــودی رێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــوەکان دەوڵەتــان دروســتیان کــردووە, پــرس و کێشــە جیهانیــەکان هەردەوڵەتــان دەیەنــە ســەر مێــزی گفتوگــۆ لــە رێکخراوەکــەدا, وەك پێشــتر ئاماژەمــان پێــداوە بەڵــێ وڵاتــان بەرژەوەنــدی وڵاتەکانیــان پیــش پرســە ئەخلاقــی و مرۆیــەکان دەخــەن, دەرئەنجــام بــە دوو رووی وڵاتــان دەیخوێنینــەوە. ئــەم پرســە ئاڵــوزە قســەکردن لەســەر لــە وەڵامێکــی وەهــادا چونکــە بــەدەر لــەوەی ئاڵــۆزە و رەهەندێکــی فیکــری و سیاســی قوڵــی هەیــە. تەنهــا ئەمەوێــت ئامــاژە بــەوە بکــەم لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا هێشــتا ئێمــە نەگەیشــتوینەتە ئاســتی (ســەروەری یاســا) بەڵکــۆ لــە ئاســتی (حوکــم کــردن بــە یاســا) و هەندێــك جاریــش دەگەرێینــەوە بــۆ ســەر پرنســیپی (یاســایی جەنــگ).

## تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفال

* مـن لەئێـوە تێدەگـەم؛ بـەڵام تاوانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە یـان جینۆسـایدی ئەنفـال لـەدوای جینۆسـایدی فەیلییـەکان و بەرزانیـەکان بەپێشـچاوی دنیـاوە ڕوویانـداو هەڵەبجـەی لێبکـەدەرەوە، کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی نەبڕیـارو نەهەڵوێسـتێکی وای نەنوانـد، بـۆ ئـەوەی زیاتـر گفتوگۆبکەیـن، چـۆن ئـەم هاوکێشـە یـان ئیزدواجییەتـە لەسیاسـەتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـدا بخوێنێنـەوە؟

دکتـۆر ئاریـان: لەوەڵامـی پرسـیاری پێشـووتر بەشـێکی ئـەم پرسـیارەم ڕونکردۆتـەوە بەگشـتی دەتوانیـن بڵێـن وڵاتـان لـە پەیوەندیـە نێودەوڵەتیەکانـدا ئەوەنـدەی وێڵـن بـەدوای بەرژەوەندیەکانـی خۆیـان هێنـدە وابەسـتە نیـن بـە پرسـە ئەخلاقیـەکان و یاسـایی نێودەوڵەتـی ئەمـەش پەیوەنـدی بـە سروشـتی ئانارکـی- فـەوزا لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی هەیـە( مەبەسـتم لـە سروشـتی ئانارکـی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا ئاماژەیـە بـۆ نەبوونـی دەسـەڵاتێکی بـاڵا یـان حکومەتێکـی جیهانـی کـە بتوانێـت دەسـەڵات بەسـەر دەوڵەتـە خـاوەن سـەروەریەکاندا بسـەپێنێت. لـەم چوارچێوەیـەدا، «ئانارکـی»

بـە واتـای فـەوزا یـان بێسـەروبەری نایـەت، بەڵکـو بـە واتـای نەبوونـی دامەزراوەیەکـی ناوەنـدی دێـت کـە یاسـا و ڕێسـاکان جێبەجـێ بـکات و کێشـەکان یەکلایـی بکاتەوە). وەك پێشـتریش ئامـاژەم پێکـرد خـودی چارتـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان دژ یەکـی لـە پرنسـیپەکانیدا هەیـە, چونکـە خـودی چارتەکـەش لـە لایـەن نوێنەرانـــی دەوڵەتانـــەوە نوسراوەتـــەوە زەمانەتـــی ســـەروەری وڵاتانـی تێـدا فەراهیمکـراوە، واتـە دەوڵـەت دەسـەڵاتی بـاڵای هەیـە بەسـەر خـاك و هاوڵاتییەکانـی خۆیـدا. هیـچ دەوڵەتێـك یـان ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی ناتوانێـت بـە زۆر بڕیـار بەسـەر دەوڵەتێکـــی تـــردا بســـەپێنێت. هەربۆیـــە ئـــەو ئیزدواجیەتیـــە بەرهەمـــی ئـــەم ئاڵۆزیـــەی ڕێکخســـتنی نێودەوڵەتـــی.

# عێراق و جەنگ لەگەڵ ئێران

* عێـراق لـەدوای دەسـتبەرداربوونی لەجەنگـی لەگـەڵ ئێـران، تاوانـی جینۆسـایدی ئەنفـال ئەنجـام دەدات کـە هەمـوو پێوەرێـك تاوانـی جینۆسـایدە ، کەچـی هێشـتا نەکۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و نەدەوڵەتەکانـی ناوچەکـە بەتایبـەت وڵاتـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکان، دەنـگ هەڵنابـڕن! بـەڵام کاتێـك پەلامـاری وڵاتـی کوێـت دەدات کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی لێـی دێنـە دەنـگ و ڕاپەڕیـن و کـۆڕەوی ١٩٩١ ی بـەدوادێ، ئەوکاتـە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی دەسـت بەجوڵـە دەکـەن، ئایـا ئـەم جوڵەیـە بـۆ کـۆڕەوە یـان دەوڵەتـی کوێـت و بەرژەوەنـدی زلهێـزەکان؟

دکتـۆر ئاریان:لـە راسـتیدا لـە دۆخـی دوو جەمسـەری و فـرە جەمسـەری وڵاتـان کەمـتر پابەنـد ئەبـن بـە یاسـا و رێسـا نێودەوڵەتیـەکان, وەك ئاشـکرایە تاوانەکانـی (بارزانیـەکان و فەیلیـەکان و کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە و شاڵاوەکانی ئەنفال ) جیهـان لـە دۆخـی دوو جەمسـەری بـوو زیاتـر بەرژەوەندیەکانی وڵاتـان جەختـی لێدەکرێتـەوە بـەڵام لـە دۆخـی تـاك جەمسـەری لـە دوای ١٩٩١ کـە ئەمریـکا هەژموونـی بەسـەر

ڕێکخستنی نێودەوڵەتی هەیە تارادەیەکیش بانگەشەی بۆ دیمکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکرد کە کە هاوئاهەنگی بەرژەوەندیەکانی بوو و یەکێك بوو لە بنەما گرنگەکانی سیستەمی نوێی جیهانی کە بۆشی باوك لەوکاتەدا ڕایگەیاند. سەبارەت بەهەڵوێستی بەوڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی ئەوە پرسەکە روونە چونکە ئەوان کورد بە هەرەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەبینی بە ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەمان بۆچونیان هەیە هەربۆیە هەر هێزێك هێرش بکاتە سەرکورد بێ دەنگ ئەبن ئەگەر نەبنە هاوکاریشی.

# پەیوەندی نێوان جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفال و بڕیاری ٦٨٨

* چـۆن بتوانیـن ڕەگـی پێوەندییەکانـی نێـوان تاوانـی جینۆسـایدو کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـەو بڕیـاری ٦٨٨ دەسـت نیشـان بکەیـن و بدۆزینـەوە یـان لەبنەڕەتـدا ئـەم دووبابەتـە پەیوەندییـان بەیەکـەوە نیـە؟

دکتـۆر ئاریـان: بـەدەر لەوخاڵانـەی کـە لـە پرسـیارەکانی پیشـوو خسـتمانە روو , پەیوەندیەکـی ناراسـتەخۆ لـە نێـوان کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە و بریـاری ٦٨٨ هەیـە, ئـەم پەیوەندیەمـان لـە پرۆپۆزەڵـی توێژینەوەیەکمانـدا خسـتوەتە روو هـەوڵ ئـەدەم لـەم چەنـد خاڵـەی لای خـوارەوە روونـی بکەمـەوە:

- بریـاری ٦٨٨ ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی یەکەمیـن دەسـتێوەردانی نێودەوڵەتیـە بـە پشـت بەسـتن بـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتی, هۆکاری راسـتەوخۆی دەرچوانی بریارەکە ئـەو تاوانانەیـە کـە ڕژێمـی سـەدام حسـین دژ بە گەلانـی عێراق و بەتایبـەت کـورد لـە ناوچـەی کوردسـتان دەرکـراوە , بـەڵام لـە رووی جێبەجێکردنـەوە لـە سروشـتی بریارەکـە بروانیـن ئـەوا

بەتایبەت بۆ کورد جیاواتر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە لەوەی لەگەڵ باشوری عێراق (شیعەکان), چونکە ناوچەی ئارام بۆ کورد لە سێ پارێزگای (دهۆك و هەولێر و سلیمانی) دروستکرا, هەروەها ناوچەی دژە فرین وەك پراکتیکی زیاتر لە ناوچەی کوردستان جێبەجێکرا. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەراوردی لە کوردستان لەگەڵ باشوور بکەین لەو دۆخەی کە بریاری ٦٨٨ بۆ دەرچوو (راپەرینەکانی باشووری عێراق و کوردستان)ژمارەی قوربانیەکان لە کوردستان کەمتربوو لە چاو ئەو کوشتارەی سوپای عێراق دژ بە ناوچەکانی باشوور ئەنجامیدان. بە تێروانیمان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی تر ئەویش ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨ هەمان رژێم کردەیی جیۆسایدی بەرامبەر کورد ئەنجام داوە هەربۆیە لایەنی پراکتیکی بریاری ٦٨٨ بۆ کورد کاراتر بوو لەوەی شیعەکان. لێرەدا پەیوەندی ناراستەخۆ دەبینین لە نێوان کیمیابارانی هەڵەبجەو شاڵوەکانی ئەنفال و بریاری ٦٨٨ , رەنگە پرسیاری ئەوە بکرێت بۆچی راستەوخۆ باسی کیمیابارانی هەڵەبجە نەهاتووە , هۆکاری سەرەکی ئەگەرێنینەوە بۆ ناکۆکی لەسەر دارشتنەوەی بریارەکە بەتایبەت نیگەرانی یەکێتی سۆڤیەت و چین بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانیەش رۆژێك پیش دەرکردنی بریارەکە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبونەوەیەکی نافەرمی ئەنجام ئەدەن بۆ دارشتنەوەی بریارەکە کە نیگەرانیەکان برەوێننەوە, کە یەکێك لە خاڵەکان بریتیە لە جەخت کردنەوە لە یەکپارچەی خاکی عێراق.

- سـەرکوتکردنی ڕاپەڕیـن و کـۆڕەوی ملیۆنـی کـورد، یادەوەریـی تاوانەکانـی پێشـووی ڕژێمـی بەعسـی دژی گەلـی کـورد (لەوانـەش کیمیابارانـی هەڵەبجـە و شاڵاوەکانی ئەنفال) زیندووکـردەوە و جیهانـی تووشـی شـۆك کـرد. کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ترسـی ئـەوەی هەبـوو کـە جینۆسـایدێکی دیکـە بەڕێـوە بێـت.

- دەرئەنجامـی کنـەو پشـکنینمان لـە نـاو دۆکۆمێنتەکانـی بریـاری ٦٨٨ ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان, بەتایبـەت پرۆتۆکۆلـی دانیشـتنی بڕیارەکـە کـە خـۆی لـە ٩٢ لاپـەرە ئەبینێتـەوە لـە ئەرشـیفی نەتـەوە یەکگرتـوەکان بـە دەسـتمان خسـتوە, زیاتـر لـە ٨ جـار باسـی کیمیابـاران و تاوانەکانـی رژیمـی سـەدام حسـین دژ بـە گەلـی کـورد لە سـالی ١٩٨٨ کـراوە کـە هـۆکار دەرکردنـی بڕیارەکـە دەگەرێننـەوە بـۆ تاوانانـە و تـرس لـە دووبـارە بونەوەیـان لـە کاتـی کـۆرەو.

- خاڵێکـی تریـش کـە دەکرێـت وەك بەڵگـە بیهێنینـەوە بـۆ گریمانەکەمـان , بەردەوامـی دانـە بـە هێشـتنەوەی ناوچـەی ئـارام بۆکـورد و پاڵپشـتی کردنـی ئـەو حکومەتـە خۆجێییـە لـە کوردسـتان ( هەرێمـی کوردسـتان) لـە چوارچێـوەی سـەروەری عێـراق بـۆ کـورد دروسـت بـوو لـە کاتێکـدا رژێمـی سـەدام حسـین هیـچ رەزامەنـد نەبـوو لەسـەری, کەچـی ئـەم حکومەتەیـە بەردەوامـی هەبـوو تاکـوو روخانـی رژێمـی سـەدام حسـین و دواتـر لـە دەسـتوری ٢٠٠٥ لـە چوارچێـوەی دەسـتوری عیراقـی دانـی پێدانـرا.

دەرئەنجـام بروامـان وایـە و لـە توێژینەوەکەمـان ئـەو

گریمانەمـان سـەلماندوە کـە بریـاری ٦٨٨ ئەنجومەنـی ئاسـایش تەنهـا پەیوەسـت نیـە بـە کـۆرەوی کـورد و رووداوەکانـی باشـووری عێـراق بەڵکـۆ وابەسـتەیە بـۆ مێـژووی تاوانەکانـی جینوسـایدکردنی گەلـی کـورد , بـەڵام دۆخـی بەرژەوەنـدی و جیـاوازی بۆچـون وەهـای کـردوە کـە راسـتەوخۆ ئـەو تاوانانـە لـە بریارەکـەدا رەنـگ نەدەنـەوە. بـە مانایەکـی تـر بڕیـاری ٦٨٨ ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـت نەبێت بـە تاوانەکانی پێشـوو ئەوا ناراسـتەوخۆ ئـەو ترسـەی کـە لـە دووبارەبوونـەوەی جینۆسـاید هەبـوو زیندوکـردەوە. ئەگـەر جینۆسـاید و تاوانەکانـی دیکـە (وەك هەڵەبجـە و ئەنفـال) نەبوایـەن، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نەدەگەیشـتە ئـەو قەناعەتـەی کـە پێویسـتە دەستوەردانێك بـۆ پاراسـتنی کـورد بکرێـت و بڕیارێکـی لـەو شـێوەیە دەربـکات. بڕیارەکـە کاردانەوەیـەك بـوو بـۆ مێژوویەکـی درێـژی چەوسـاندنەوە و تاوانـی دڕندانـە، کـە کیمیابارانـی هەڵەبجـە بەشـێکی سـەرەکی و هێمایەکـی دیـاری ئـەو مێژووەیـە.

# کوێت و هەڕەشە لەچەند وڵاتێکی تر

* ئێـوە وای نابینـن کـە پەلامـاردن و داگیرکردنـی کوێـت و هەڕەشـە لەچەنـد وڵاتێکـی تـری ناوچەکـە (عەرەبییـەکان) لەلایـەن (عێراق-بەعـس) وە هـۆکاری جوڵەکانـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و کەمێـك لاکردنەوەبـێ بـەلای کـوردو تاوانـەکان لـەدژی لەعێراقـدا؟

دکتـۆر ئاریان:لـە روداوە جیهانیـەکان زۆر جـار کات و جوگرافیـا ڕۆڵـی گرنگیـان هەیـە , لـە پرسیارەکانپێشـوتر بەشـێکی ئەوەمـان خسـتە روو کـە ئـەو تاوانـەی سـەدام حسـین چ لـە ناوخـۆی عێـراق و هەروەهـا ئـەو هێرشـانەی کردبویـە سـەر دراوسـێیەکان, ڕۆڵـی هەبـوو لـە ناشریـن کردنـی ڕژێمەکـەی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی بـە حوکمـی ئـەوەی سیسـتەمی جیهانیـش ببـوە تاکجەمسـەری کـە سـەرەتایی کۆتایهێنـان یـان پاڵپشـتی نەکردنـی دەسـەڵاتە سـتەمکارەکان بـوو, و هەروەهـا نەمانـی ڕۆڵـی ڕژێمەکـە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندنـی وڵاتـە ئیقلیمـی و زلهێـزەکان هەموویـان هۆکاربـوون کـە پرسـی کـورد بهێننـەوە وەك پاسـاو بـۆ سـەرکوتکردنی سـەدام حسـین و ڕژێمەکـەی بەکورتـی هەمـوو ئـەو روداوانـە لـە بەرژەوەنـدی کـوردا .

کەوتنـەوە. بڕیارەکـە وەك میکانیزمێـك بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی کـورد لـە هەڕەشـەی جینۆسـایدێکی دیکـە هاتـە ئـاراوە، کـە بەشـێکی زۆری ئـەم هەڕەشـەیە لەسـەر بنەمـای مێـژووی ڕابـردووی تاوانـەکان (وەك کیمیابارانـی هەڵەبجـە) بـوو

## کورد لەکوێی پێشهاتەکاندا بوو

* با ئاراستەی گفتوگۆکەمان بگۆڕین بۆ دیویێکی تر؛ کورد خۆی لەکوێی ئەم پێشهات و ڕووداوانەدا بوو؟ بۆ ئەوکات و ئێستاش توانیویەتی ناوەڕۆکی بڕیاری ٦٨٨ وەك خۆی ببینێ؟
دکتۆر ئاریان: بڕیارەکە قەوارەی هەرێمی کوردستانی دروست نەکرد، بەڵکو تەنها ناوچەیەکی پارێزراوی دامەزراند. بەڵام هێزە کوردیەکان (بەرەی کوردستانی) بە باشی توانی سود لە بڕیاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش وەربگرێت و لە جوگرافیەکی دیاریکراوە حوکمرانیەکی دیفاکتۆ بۆ خۆی بنیات بنێت و پەرلەمان هەڵبژێرێت و کابینەی وەزاری پێکبهێنێت, بەڵام دواتر خوی بەدەستی خۆی بەهۆی شەری ناوخۆ و بەرژەوەندی سەرکردەکانەوە هەرێمی کوردستانی لاواز کرد. چونکە ئەمە بووە هۆی لاوازبوونی قەوارە نوێیەکە و لە دەستدانی کاریگەریی بڕیارەکە. لە ئێستاشدا کورد نەیتوانیوە بە تەواوی ناوەڕۆکی بڕیارەکە وەك «پارێزگارییەکی تەواو» یان «گارانتییەکی هەتاهەتایی» ببینێت، ئەگەرچی بڕیارەکە بۆدۆخێك بوو کە ڕژێمێکی ستەمکار هەبوو لە عێراق بەڵام بە کۆتاییهاتنی

لێکەوتەانــی بریارەکــە کۆتایــی نایــەت چونکــە هەمــان هەرەشــەکانی پیشــوتر لەســەر کــورد و قەوارەکــەی بەردەوامیــان هەیــە یــان بــە مانایەکــی تــر زەمانەتــی قــەوارەی هەرێمــی کوردســتان( ئەگــەر چــی دیفاکتۆبــوو) لــە دۆخــی رژێمــی ســەدام حســێن زیاتــر بــووە ئەگــەر بــەراورد بکرێــت بــە ئێســتا کــە چوارچێوەیەکــی دەستوریشــی هەیــە, هەربۆیــە گرنگــە هەرێمــی کوردســتان ئــەم پرســە بــە زیندویەتــی بهێڵێتــەوەو کاری دیپلۆماســی لەســەر بــکات.

## داننان بەتاوانی جینۆسایَد

* ئێـوە باوەڕتـان وایـە بڕیـاری ٦٨٨ بەشـێوەیەك لەشـێوەکان داننانـە بەتاوانەکانـی جینۆسـاید لـەدژی کـوردو لەلایـەن دەوڵەتـی (عێراق-بەعـس) وە بەتایبـەت تاوانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە؟ ئەگەروایـە بۆچـی هێشـتا دۆسـییەی تاوانەکانـی جینۆسـاید دژی کـورد لەباشـووری کوردسـتان بەگشـتی و هەڵەبجـە بەتایبـەت هێشـتا لەسـەرمێزی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی یەکێکـە لەدۆسـییە هـەژارو پەراوێزخـراوەکان؟ دکتـۆر ئاریـان: پرسـیارێکی زۆر ورد و گرنگـە، چونکـە ڕووناکـی دەخاتـە سـەر لایەنـە ئاڵۆزەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی و سیاسـەتی نێودەوڵەتـی. ئایـا بڕیـاری ٦٨٨ بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان داننانـە بـە تاوانەکانـی جینۆسـاید لـە دژی کـورد؟ بـە گشـتی، بەڵـی، بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بڕیـاری ٦٨٨ داننانێکـی نێودەوڵەتـی بـوو بـە ڕادەی کارەسـاتەکانی سـەر کـورد، کـە لـە بنەڕەتـدا هۆکارەکـەی تاوانەکانـی جینۆسـاید بـوون. دەرکردنـی بڕیارێکـی لـەو شـێوەیە لەلایـەن ئەنجومەنـی ئاسایشـەوە (کـە بەرزتریـن دەسـەڵاتی یاسـادانانی جیهانییـە) و دانانـی ناوچـەی دژەفڕیـن، نیشـانەی ئـەوە بـوو کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دۆخـی کـوردی بـە زۆر مەترسـیدار زانیبـوو، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە پێویسـتی بـە دەسـتوەردانێکی پارێزەرانـە

هەبـوو. ئـەم دەسـتوەردانەش لـە ترسـی دووبارەبوونـەوەی کارەسـاتەکانی ڕابـردوو (وەك هەڵەبجـە و ئەنفـال) بـوو، کـە لـە بنەڕەتـدا تاوانـی جینۆسـاید بـوون, وەك ئاشکراشـە دەستێوەردانی لـە کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتـان تەنهـا لەوکاتانـەدا ئەبێـت کـە کۆمەڵکـوژی رویدابێـت ئەمـەش مانـای ئـەوە بـوو کـە پێشـهاتەکان زۆر جـدی بـوون چونکـە دەسـایۆەردان واتـە سـنوردارکردنی سـەروەری دەوڵـەت. لەلایەکـی تریشـەوە بڕیارەکـە لەژێـر فەسـڵی حەوتەمـی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەرکـرا، کـە ڕێگـە بـە بەکارهێنانـی هێـز دەدات بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی. کەواتـە، هەرچەنـدە بڕیـاری ٦٨٨ بـە ڕاشـکاوی باسـی جینۆسـایدی نەکـرد، بـەڵام هۆکارەکـەی دەرئەنجامـی تاوانەکانـی جینۆسـاید بـوو و داننانێکـی نێودەوڵەتـی بـوو بـەوەی کـە خەڵکـی کـورد لـە مەترسـییەکی زۆری لەناوبـردن یـان چەوسـانەوەی سیسـتەماتیکدان، کـە دەگاتـە ئاسـتی جینۆسـاید. لەسـونگەی ئـەوەی ئاماژەمـان پێـدا بروامـان وایـە دوسـێیەی جینوسـاید گەلـی کـورد دۆسـیەیەکی هـەژار و پەراوێزخـراو نیـە لەسـەر مێـزی گفتوگـۆی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەڵکـو هەڵـە خوێندنەوەمانـە بـە گرنگـی بریـاری ٦٨٨ و بـێ بایەخکردنـی بریارێکـی گرنگـی وەهـا, رەنگـە ئەگـەر زیـادەرەوی نەبێـت تەنهـا تویژەربـم ئـەم بۆچنـەم هەبێـت. بـا بەڵگەیەکـی زیاتریـش بهێنینـەوە لـە راسـتیدا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لەکاتـی جینۆسـایدکردنی شـەنگال و هێرشـەکانی داعـش بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان جارێکـی تـر دەسـتێوەردانی کـرد

بـۆ پاراسـتنی کـورد, کەوابێـت ئێمـە پرسـێکی پربایەخیـن لـە ئاسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی. هۆکارێکـی راسـتەوخۆ بـۆ بـێ بایـەخ خۆیندنـەوەی بریـاری ٦٨٨ و بەدەمـەوە هاتنـی پرسـی کـورد لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەگەرینمـەوە بۆئـەوەی تاکـو ئێسـتا توێژەرانـی ئێمـە لەروانگەیەکـی یاسایی پەیتیـەوە خوێندنـەوە بـۆ بریارەکـە (٦٨٨) دەکـەن و بـێ ئـاگان لـەوەی خوێندنـەوەی یاسـایی بـۆ بریـارە نێودەوڵەتیـەکان هەڵەیەکـی گەورەیـە بەبـێ خوێندنـەوەی لـە روانگـەی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی, چونکـە ئێمـە لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا ئـەوەی کاریگـەری هەیـە بەسـەر روداوەکان زیاتـر سیاسـەتی نێودەوڵەتیـە لـەوەی کـە یاسـایی نێودەوڵەتـی بێـت. ئـەم تێڕوانینـە بنەمایەکـی زانسـتیی قووڵی هەیە. یاسای نێودەوڵەتی خـۆی لـە خۆیـدا هەمیشـە بە تـەواوی جێبەجـێ ناکرێـت ئەگەر بەرژەوەندیـی سیاسـیی وڵاتانـی زلهێـز لـە پشـتیدا نەبێـت. بڕیـارە نێودەوڵەتییـەکان، بـە تایبـەت ئەوانـەی ئەنجومەنـی ئاسایش، بەرهەمـی گفتوگـۆ و سـازانی سیاسیی نێـوان ئەندامـە هەمیشـەییەکانی ئەنجومەنەکـەن، نـەك تەنهـا لێکدانەوەیەکـی یاسـایی وشـك. هەربۆیـە، خوێندنـەوەی بڕیـاری ٦٨٨ تەنهـا وەك «دەقێکـی یاسـایی» هەڵەیەکـی سـتراتیژییە. دەبێـت وەك «بەرهەمێکـی سیاسـی» سـەیری بکەیـن کـە لەسـەر بنەمـای مەترسـیی گـەورەی یاسـایی (جینۆسـاید) دەرکـراوە، و لایەنـی سیاسـیی ئـەم بڕیـارە (وەك لادان لـە سـەروەریی عێـراق و دروسـتکردنی ناوچـەی دژەفڕیـن) گرنگییەکـی زۆری هەیـە. ئەمانـەی ئاژەمـان پێـدان مانایـی ئـەوە نیـە ئێمـە بـێ خـەم

ئـەم پرسـە پشـتگوێ بخەیـن بـە پاسـاوی ئـەوەی دانـراوە بـە جینۆسـایدی کـورد, بـە پێچەوانـەوە ئەزمونـی حوکمرانـی لـە عێـراق لـە دوای ٢٠٠٥ ەوە ئـەوەی بۆمـان رونکردۆتـەوە, ئێمـە لەهەمـوو کات پێویسـترە ئـەم پرسـە دووبـارە دەمـەزەرد بکەینـەوە لـە ئاسـتی دیپلۆماسـی و سیاسـی و یاسـاییەوە کاری لەسـەر بکەیـن, خوێندنـەوەی نوێـی بۆبکەیـن, چونکـە هەرەشـەکان بەردەوامیـان هەیـە و سیسـتەمی جیهانیـش بـەرەو گۆرانـکاری دەروات. هەربۆیـە گرنگـە لـە ئیسـتا بـەدواوە جەخـت لەسـەر ئـەوە بکەینـەوە کـە بڕیارەکـە دانانـە بـە جینۆسـایدی گەلـی کـورد و جەخـت بکەینـەوە لـە بەردەوامـی ئـەو زەمانەتـە یاسـاییە بـۆ پاراسـتنمان لـە رێگـەی:

١-یەکڕیزیـی سیاسـی: نەبونـی یەکڕیزییەکـی سیاسـیی بەهێـز لەنـاو ماڵـی کـورد خۆیـدا (بـە تایبـەت لـە هەرێمی کوردسـتان)، کاریگەریـی لۆبـی کـوردی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لاواز کـردووە. کاتێـك لایەنـە کوردییـەکان پەیامێکـی یەکگرتوویـان نییـە، قورسـە بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـە دۆسـییەکانیان بـە جـدی وەربگـرن.

٢-سـەرنج خسـتنە سـەر کێشـەکانی ئێسـتا: سـەرکردایەتی کـورد لـە دوای ٢٠٠٣ زیاتـر سـەرنجی خسـتووەتە سـەر بنیاتنانـەوەی هەرێـم، مامەڵەکـردن لەگـەڵ بەغـدا، و ڕووبەڕووبوونـەوەی هەڕەشـەکانی وەك داعـش. ئەمـەش وایکـردووە کـە پرسـی جینۆسـاید وەك دۆسـیەیەکی کارای سیاسـی لەسـەر ئاسـتی جیهانـی کەمـتر کاری لەسـەر بکرێـت, هەربۆیـە گرنگـە لـە ئێسـتا بـەدواوە بایـەخ بـەم پرسـە بـدات دوای نزیکـەی ٢٠ سـاڵ

ئەزمونـی حوکمرانـی لەگـەڵ هێـزە سیاسـیەکان دوای رژێمـی سـەدام کەچـی هێشـتا بنەمـا سـەرەکیەکانی دەسـتور نـەك جێبەجێنەکـران بەڵکـو بەتەواوەتـی پەراوێزخـراوان.

٣-پاڵپشـتیی لۆبیسـت: بـە بـەراورد بـە لۆبیـی گروپـە قوربانییەکانـی دیکـە (وەك جولەکـەکان و ئەرمەنـەکان)، لۆبـی کـوردی هێشـتا لاوازە و پێویسـتی بـە سـەرچاوەی زیاتـر و هەماهەنگیـی باشـتر هەیـە بـۆ گەیاندنـی دەنگـی قوربانییـەکان بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی.

٤- ئـەدەب و هونـەر و سـینەما: بەرهەمهێنانـی کاری هونـەری، ئەدەبـی و سـینەمایی ئاسـت بـەرز کـە گوزارشـت لـە جینۆسـاید بـکات، کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر ویژدانـی گشـتیی جیهـان دەبێـت.

لەکۆتایـدا دەتوانیـن بڵێیـن هەرچەنـدە بڕیـاری ٦٨٨ ئاماژەیەکی گرنـگ بـوو لـە داننانـی نێودەوڵەتـی بـە کارەسـاتی سـەر کـورد، بـەڵام نەتوانـراوە وەکـوو بناغەیـەك بـۆ دانپێدانانێکـی تـەواو بـە جینۆسـاید و کاریگەریـی یاسـایی گـەورە لەسـەر ئاسـتی جیهانی بەکاربهێنرێـت. هۆکارەکانیـش زیاتـر سیاسـی، دیبلۆماسـی ، لەگـەڵ لاوازیـی لۆبـی کـوردی لەسـەر گۆڕەپانـی نێودەوڵەتـی. گۆڕانکاریـی سیسـتەمی جیهانـی و بەردەوامیـی هەڕەشـەکان، پێویسـتی بـەوە هەیـە کـە کـورد بـە جـددی خوێندنەوەیەکـی نـوێ بـۆ بڕیـاری ٦٨٨ و کاریگەرییەکانـی بـکات، نـەك تەنهـا وەك ڕووداوێکـی مێژوویـی، بەڵکـو وەك بنەمایەکـی یاسـایی- سیاسـی کـە دەکرێـت لـە داهاتـوودا کەڵکـی لێوەرگیرێـت

# کوردو بڕیاری ٦٨٨

* کـورد خـۆی لەکوێـی خوێندنـەوەو ڕاڤەکردنـی ناوەڕۆکـی بڕیـاری ٦٨٨ بـوەو چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ کـردوە؟ یـان بەپێچەوانـەوە تـا ئێسـتاش نەیتوانیـوە لەئاسـتی پێویسـت و گرنگـی مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات؟

دکتـۆر ئاریـان: لـە ڕاسـتیدا، خوێندنـەوە و مامەڵەکردنـی کـورد لەگـەڵ بڕیـاری ٦٨٨ لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە و هەمیشـە لـە ئاسـتی پێویسـت و گرنگیـی بڕیارەکـەدا نەبـووە.

١. خوێندنـەوەی سـەرەتایی (١٩٩١-٢٠٠٣): ڕزگاربـوون و ئومێدێـك بـۆ ژیـان: لـە سـەرەتادا، خوێندنـەوەی کـورد بـۆ بڕیـاری ٦٨٨ وەك «هەڵمەتێکـی ڕزگارکـردن و پاراسـتن» بـوو. دوای دڕندەییەکانـی ڕژێـم و کـۆڕەوی ملیۆنـی، بڕیارەکـە وەك چـرا گەشـایەوە، دەروازەیـەك بـۆ ژیـان و مانـەوە. لایەنـە سیاسـییەکانی کـورد و خەڵکـی ئاسـایی، بـە تایبـەت ئەوانـەی لـە ناوچـە دژە فڕینەکانـدا دەژیـان، هەسـتیان بـە ئاسـایش و دڵنیایـی زیاتـر دەکـرد.

• مامەڵەکردن:

١. کەڵـك وەرگرتـن لـە بۆشـایی دەسـەڵات: لایەنـە کوردییـەکان توانییـان کەڵـك لـەو بۆشـایی دەسـەڵاتە وەربگـرن کـە بڕیارەکـە

دروستی کرد (لە ئەنجامی پاشەکشەی ڕژێم لەو ناوچانە) و دەست بکەن بە دامەزراندنی ئیدارەی خۆیان. ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢. هەوڵدان بۆ بەنێودەوڵەتیکردن: هەندێک هەوڵ هەبوو بۆ ئەوەی دۆزی کورد زیاتر بە نێودەوڵەتی بکرێت و پاڵپشتیی زیاتر بۆ قەوارەی هەرێم کۆبکرێتەوە.

٣. لاوازیی و نەبوونی ستراتیژێکی گشتگیر: هەرچەندە بڕیارەکە دەرفەتێکی زێڕین بوو، بەڵام نەبوونی ستراتیژێکی گشتگیر و یەکگرتوو لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا کێشەی گەورەی دروست کرد.

٤. شەڕی ناوخۆ: گەورەترین هەڵەی کورد، شەڕی ناوخۆیی بوو. ئەم شەڕە جگە لەوەی خوێنی زۆری ڕشت و ژێرخانی ئابووریی تێکدا، وایکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی متمانەی بە سەرکردایەتی کورد کەم بێتەوە و تێڕوانین بۆ بڕیاری ٦٨٨ وەك پرۆژەیەکی سەرکەوتوو لاواز بکات.

٥. کەمیی تێگەیشتن لە لایەنی یاسایی: تێگەیشتنێکی قووڵ لە لایەنی یاسایی بڕیارەکە وەك «چوارچێوەیەکی کاتیی» یان «میکانیزمێکی پاراستن» نەك «دانپێدانانێکی دەوڵەتی»، کەم بوو. زیاتر وەك دەرفەتێك بۆ بنیاتنانەوەی ژیان سەیر دەکرا نەك وەك دەرفەتێك بۆ بەهێزکردنی بنەما یاساییەکانی داهاتووی هەرێم.

٢. خوێندنەوەی دوای ٢٠٠٣ (ڕووخانی سەدام و دواتر): دوای ڕووخانی سەدام و نووسینەوەی دەستووری عێراق، بڕیاری

٦٨٨ بـە شـێوەیەکی کـرداری «کۆتایـی» هـات. نورۆڵـی ئـەم بڕیـارە گوازرایـەوە بـۆ دەسـتووری عێراقـی نـوێ. لێـرەدا، کـورد زیاتـر گرنگـی بـە جێگیرکردنـی پێگـەی خـۆی لەنـاو عێراقێکـی فیدراڵیـدا دا.

• مامەڵەکردن:

١. گرنگیـدان بـە دەسـتووری عێـراق: لایەنـە کوردییـەکان هەوڵیانـدا لـە ڕێگـەی دەسـتوورەوە مـاف و ئیمتیـازات بـۆ هەرێـم بەدەسـت بهێنـن، بـەڵام لـە جێبەجێکردنـی مـاددە گرنگەکانـدا وەك مـاددەی ١٤٠ و دابەشـکردنی سـامانی سروشـتی، سـەرکەوتوو نەبـوون.

٢. لەبیرچوونـەوەی ڕۆڵـی ٦٨٨: لـە ڕێژەیەکـی زۆری گفتوگـۆ سیاسـییەکاندا، گرنگیـی مێژوویـی بڕیـاری ٦٨٨ تـا ڕادەیـەك کاڵ بـووە. وەك دەسـتکەوتێك سـەیر دەکـرا کـە کاتیـی بـوو و ئێسـتا قۆناغێکـی نـوێ هاتووەتـە پێـش و ئـەو بایەخـەی نەمـا.

بـە گشـتی، لـە دوای روخانـی رژێمـی بەعـس کـورد نەیتوانیـوە لـە ئاسـتی پێویسـت و گرنگیـی ڕاسـتەقینەی بڕیـاری ٦٨٨ مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات.

هۆکارەکانی:

١. نەبوونـی دیدگایەکـی سـتراتیژیی درێژخایـەن: هەرێمـی کوردسـتان لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا زیاتـر کاردانـەوەی هەبـووە نـەك پلانێکـی درێژخایەنـی تۆکمـە بـۆ چۆنیەتیـی گەشـەپێدانی دەسـتکەوتەکانی ٦٨٨.

٢. لاوازیی دیپلۆماسـی و یاسـایی: تیمێکی دیپلۆماسـی و یاسـایی بەهێـز و شـارەزا لـە یاسـای نێودەوڵەتـی و دیپلۆماسـییەت،

کـە بـە بەردەوامـی کاریـان لەسـەر بەنێودەوڵەتیکردنـی دۆزی جینۆسـاید و بەهێزکردنـی پێگـەی یاسـایی هەرێـم بکردایـە، نەبـووە.

٣. کەمیـی ڕۆشـنبیریی یاسـایی و سیاسـی: لەنـاو خەڵـك و تەنانـەت لەنـاو زۆرێـك لـە سیاسـییەکاندا، تێگەیشـتنێکی قـووڵ لـە لایەنـە یاسـایی و سیاسـی ٦٨٨ کەمـە. زیاتـر وەك «هەڵمەتێـك بـۆ پاراسـتنی کـورد» سـەیر دەکرێـت نـەك وەك دەسـتکەوتێکی سیاسـی و یاسـایی کـە دەتوانـرا زیاتـر کاری لەسـەر بکرێـت.

٤. پشـت بەسـتن بـە دەوڵەتانـی دیکـە: زۆرجـار کـورد زیاتـر چـاوی لـە دەسـتوەردان و پشـتیوانیی دەرەکـی بـووە، نـەك لەسـەر دروسـتکردنی هێـزی ناوخۆیـی و پشتبەسـتن بـە توانـا یاسـایی و دیپلۆماسـییەکانی خـۆی.

٥. نەبوونـی لۆبییەکـی بەهێـز بـۆ جینۆسـاید: هەرچەنـدە تاوانەکانـی جینۆسـاید (هەڵەبجـە و ئەنفـال) وەك دۆسـیەی ناوخۆیـی ناسـێنران، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، نەتوانـرا بـە شـێوەیەکی کارا و بەردەوام فشـاری پێویسـت بـۆ دانپێدانانی جیهانـی( لـە ئاسـتی دەوڵەتـەکان) و قەرەبووکردنـەوە بکرێـت. بڕیـاری ٦٨٨ دەرفەتێکـی مێژوویـی نـاوازە بـوو، بـەڵام نەبوونـی سـتراتیژییەکی یەکگرتـوو و قـووڵ، کێشـە ناوخۆییـەکان، و تێگەیشـتنی کـەم لـە چوارچێـوە یاسـایی و دیپلۆماسـییەکەی، وایکـرد کـە کـورد نەتوانێـت بـە تـەواوی کەڵـك لەم دەسـتکەوتە وەربگرێـت و بیکاتـە بناغەیـەك بـۆ پێگەیەکـی بەهێزتـر لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی.

# چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی
# بڕیاری ٦٨٨ و کورد

* ناوەڕۆکی بڕیاری ٦٨٨ و چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی؛ لەکوێدا یەکیان گرتوەتەوەو لەبەرژەوەندی کورد لەباشووری کوردستان بوون و نەتوانراوە تا ئێستاش سوودیان لێ ببینرێ؟

دکتۆر ئاریان: ئەم پرسیارە زۆر بنچینەییە و تیشك دەخاتە سەر گرنگترین لایەنی بڕیاری ٦٨٨ و کاریگەرییەکانی لەسەر دۆزی کورد. بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، کە لە ساڵی ١٩٩١ دەرچوو، و چەمکی «دەستێوەردانی مرۆیی» (Humanitarian Intervention) یان بە شێوەیەکی فراوانتر، «بەرپرسیارێتیی پاراستن» (Responsibility to Protect - R٢P)، لە چەند خاڵێکدا یەکیان گرتووەتەوە:

١. بنەمای پاراستنی ژیانی مرۆیی:

o بڕیاری ٦٨٨: لە ناوەڕۆکیدا، بڕیارەکە ئیدانەی سەرکوتکردنی توندی خەڵکی سڤیل لە عێراقدا کرد (بە تایبەت کورد) کە بووە هۆی کۆچی ملیۆنان کەس و «هەڕەشەیەك بوو بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی». ئەمە بە ڕوونی ئاماژە بە

پێویستیی پاراستنی ژیانی مرۆیی دەکات.

o چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی / R٢P: بنەمای سەرەکیی ئەم چەمکانە ئەوەیە کە دەوڵەت یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە پاراستنی خەڵکی سڤیل لە تاوانکاریی دڕندانە (جینۆساید، تاوانی جەنگ، پاکتاوی ڕەگەزی، تاوان دژی مرۆڤایەتی) تەنانەت ئەگەر ئەمە پێویستی بە دەستێوەردان لە سەروەریی دەوڵەتێکیش هەبێت.

o خاڵی یەکگرتنەوە: بڕیاری ٦٨٨ بە کردەوە، نموونەیەکی سەرەتایی و پێشینەیەکی گرنگ بوو بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستێوەردانی مرۆیی، تەنانەت پێش ئەوەی چەمکی R٢P بە فەرمی لە ساڵی ٢٠٠٥دا قبووڵ بکرێت. دەرکردنی بڕیارەکە لەژێر فەسڵی حەوتەمی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز دەدات، بە ڕوونی نیشانەی دەستێوەردانێکی مرۆیی بوو.

٢. دەستێوەردان لە سەروەریی دەوڵەت:

- بڕیاری ٦٨٨: ئەنجومەنی ئاسایش لەم بڕیارەدا، بە ڕاستەوخۆیی، دەستوەردانی لە سەروەریی عێراقدا کرد بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل. دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین (No-Fly Zone) وەك میکانیزمێکی پاراستن، نیشانەی ئەو دەستێوەردانە بوو.

- چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی / R٢P: ئەم چەمکانە ڕێگە بە دەستێوەردان دەدەن لە سەروەریی دەوڵەتێکدا کاتێك پێشلکاری توندی مافەکانی مرۆڤ بکات وە یان نەتوانێت

یـان نەیویسـت خەڵکەکـەی خـۆی بپارێزێـت.
- خاڵـی یەکگرتنـەوە: بڕیـاری ٦٨٨ یەکێـك بـوو لـەو بڕیـارە مێژووییانـەی کـە تێیـدا سـەروەریی دەوڵـەت لـە پێنـاوی پاراسـتنی ژیانـی مرۆیـی، خرانـە ژێـر پرسیارەوە یـان سنووردار کـران.

بڕیارەکـە لـە بەرژەوەنـدی کـورد بـوون، کۆمەڵێـك دەسـتکەوتی گرنگیـان بـۆ کـورد بـە دەسـتهێنا:

١. پاراسـتنی ژیـان و ڕزگاربـوون لـە جینۆسـاید: بڕیـاری ٦٨٨ و دەسـتێوەردانی مرۆیـی (ناوچـەی دژەفڕیـن) ژیانـی ملیۆنـان کـوردی پاراسـت لـە دووبارەبوونـەوەی تاوانەکانـی ئەنفـال و هەڵەبجـە. ئەمـە گەورەتریـن دەسـتکەوتی مرۆیـی بـوو.

٢. دروسـتبوونی قـەوارەی سیاسـی (هەرێمـی کوردسـتان): ناوچـەی ئـارام بۆشـاییەکی ئەمنـی و سیاسـی دروسـت کـرد کـە ڕێگـەی دا بـە کـورد بـۆ دروسـتکردنی ئیـدارەی خۆجێیـی، پەرلەمـان، و حکومەتـی هەرێـم. ئەمـە بناغـەی قـەوارەی ئێسـتای هەرێمـە.

٣. پێشـینەیەکی یاسایی-سیاسـی: بڕیارەکـە بـوو بـە بەڵگەیەکـی نێودەوڵەتـی کـە دانـی بەوەدانـا کـە کـورد لەژێـر هەڕەشـەیەکی گەورەدایـە و پێویسـتی بـە پاراسـتن هەیـە. ئەمـە دەتوانرێـت وەك خاڵێکـی سـەرەکی لـە دیپلۆماسـییەتدا بەکاربهێنرێـت.

٤. پرسـی کـوردی سـەرلەنوێ هێنایـە سـەر شـانۆی نێودەوڵەتـی, کـردی بـە ئاکتەرێکـی نادەوڵەتـی.

بڕیـاری ٦٨٨ و چەمکـی دەسـتێوەردانی مرۆیـی بـە ڕوونـی لـە بەرژەوەندیـی کـورد بـوون و ڕێگەیـان بـە دروسـتبوونی

قەوارەیەکی سیاسی دا. بەڵام نەبوونی ستراتیژێکی درێژخایەن، لاوازیی دیپلۆماسییەت، نەبوونی یەکڕیزیی ناوخۆیی، و نەتوانینی گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکان، وایکردووە کە تا ئێستا بە تەواوی سوود لە توانای ئەم بنەمایە یاسایی-سیاسییە وەربگیرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بڕیاری ٦٨٨ دەتوانێت وەك بەڵگەیەکی بەهێز لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکاندا بەکاربهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە مەترسییەکانی سەر کورد و پێویستی بەردەوامیی پاراستنیان.

## بڕیاری ٦٨٨و دەریچەی ناساندنی تاوانەکان

* دەمـەوێ گفتوگـۆی ئەوەبکەیـن؛ ئایـا هێشـتا بڕیـاری ٦٨٨ دەریچەیەکـە بـۆ ناسـاندنی تاوانەکانـی جینۆسـای دەوڵەتـی (عێراق-بەعس) یـان بەپێچەوانـەوە دەکـرێ کـورد لەڕێگایەکـی تـرەوە پرسـەکە بباتـەوە سـەر مێـزی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و کاری لەسـەربکات؟

دکتـۆر ئاریـان: لەراسـتیدا ئێمـە پێویسـتمان بـە خوێندنەوەیەکی نـوێ هەیـە لـە گۆشـەیەکی تـر بـۆ بریارەکـە کـە جیاوازبێـت لـە خوێندنەوەکانـی پێشـوتر, ئەمـەش لەبەرچەنـد هۆیـەك کـە بەشـێکیمان لـە وەڵامەکانـی پێشـوتر باسـکردوە (خۆیندنـەوەی یاسـای پەتـی, کوتایهاتنـی دۆخـی بریارەکـە ...هتـد), بـەڵام هـۆکاری نـۆێ ئەوەیـە ئەزمونـی حوکمرانـی لـەدوای سـەدام حسـین ئەوەمـان بـۆ دەرئەخـات کـورد لـە عێراقـدا هێشـتا هەرەشـەکانی جینۆسـایدی لەسـەر نەڕەویوەتـەوە و بەڵکـو جینۆسـایدی نەرمـی بەرامبـەر پیـادە ئەکرێـت, هەربۆیـە دوور نیـە لـە گۆرانکاریەکـی سیاسـی خێـرادا بەهۆیـی نائارامیـە سیاسـیە بەردەمەکـەی عێـراق کـورد رووبـەرووی جینۆسـاید ببێتـەوە, ئەمـە ئەبێـت بـە روونـی بـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی

و وڵاتانــی جیهــان بڵێــت لەرێگــەی کەناڵــە دیبلۆماســی و ئەکادیمیەکانــەوە. لێــرەدا رۆڵــی ناوەنــدە ئەکادیمیــەکان گرنگــە بــە بــە زمانــە جیهانیــەکان پــەرە بــە تویژینــەوە لــەم بابەتــە بــدەن ئەرکــی دامــەزراوە فەرمیەکانــە هاندانــی ئــەم کارە بــکات و ناوەنــدی ئەکادیمــی ســەربەخۆیان بــۆ بکاتــەوە.

لەسـۆنگەی ئەمــە باســمان کــرد دەتوانــم وەڵامــی پرســیارەکە بدەمــەوە, بەڵــێ، بڕیــاری ٦٨٨ هێشــتا دەتوانێــت وەك دەریچەیــەك یــان بەلایەنــی کەمــەوە وەك «خولگەیەکــی مێژوویــی و یاسایی-سیاســی» بەکاربهێنرێــت بــۆ ناســاندنی تاوانەکانــی جینۆســاید و رێگــری کــردن لــە روودانیــان لــە ئاینــدەدا

هۆکارەکانی:

١. پایــەی یاسایی-سیاســی: وەك پێشــتر باســمان کــرد، بڕیــاری ٦٨٨ لەژێــر فەســڵی حەوتەمــی جاڕنامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەرچــووە، کــە دەســتێوەردان لــە کاروبارەکانــی دەوڵەتێکــدا ڕێگەپێــدراو دەکات لــە کاتــی هەڕەشــە بــۆ ســەر ئاشــتی و ئاسایشــی نێودەوڵەتــی. ئــەم دەســتێوەردانە لەســەر بنەمــای مەترســیی «کارەســاتی مرۆیــی» بــوو کــە پەیوەنــدی بــە تاوانەکانــی جینۆســایدەوە هەبــوو. ئەمــە دەتوانێــت وەك بەڵگەیەکــی قــورس و ناڕاســتەوخۆ بەکاربهێنرێــت کــە ئەنجومەنــی ئاســایش لــەو کاتــەدا دۆخەکــەی بــە پێچەوانــەی یاســاکانی قڕکــردن (جینۆســاید) زانیــوە، تەنانــەت ئەگــەر وشــەی جینۆســایدی بەکارنەهێنابێــت.

٢. پێشــینەیەکی مێژوویــی: بڕیارەکــە پێشــینەیەکی گرنگــە

کـە نیشـان دەدات کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نەیویسـتووە «دووبارەبوونـەوەی تاوانکاری»یەکـەی وەك هەڵەبجـە و ئەنفـال قبـووڵ بـکات. ئەمـە دەتوانرێـت وەك خاڵێکـی دەسـتپێك بـۆ دەسـتەبەرکردنی دانپێدانانـی زیاتـر بەکاربهێنرێـت.

٣. پەیوەنـدی بـە چەمکـی بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن (R٢P): هەرچەنـدە بڕیـاری ٦٨٨ پێـش بەفەرمیکردنـی چەمکـی R٢P لـە سـاڵی ٢٠٠٥ دەرچـوو، بـەڵام بنەماکـەی (پاراسـتنی خەڵکـی سـڤیل لـە تاوانکاریـی دڕندانـە لەلایـەن حکومەتەکـەی خۆیانـەوە) زۆر هاوشـێوەی ئـەم چەمکەیـە. دەتوانرێـت بڕیاری ٦٨٨ وەك یەکێـك لـە نموونـە سـەرەتاییەکانی جێبەجێکردنـی ئـەو بنەمایـە بەکاربهێنرێـت.

دەرئەنجـام ئەتوانیـن بڵێیـن کـورد پرسـێکی پربایەخـە لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا هەیـە، بـەڵام پێویسـتی بـە سـتراتیژێکی بەهێزتـر، یەکڕیزیـی زیاتـر، و توانـای دیپلۆماسـیی کاراتـر هەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەم بایەخـە بکاتـە دانپێدانانێکـی فەرمـی و قەرەبووکردنـەوەی شایسـتە.کەواتە، بەکارنەهێنانـی بڕیـاری ٦٨٨ وەك دەریچەیەکـی یاسایی-سیاسـی، لـە ڕاسـتیدا لـە دەسـتدانی دەرفەتێکـە و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی مەترسـیەکانی روودانیەتـی لـە ئاینـدەدا.

## فاشیزم وەك مەترسی بەردەوام

* بـا وەك گریمانــە وەری بگریــن (تــا ئــەم کاتــە باشــووری کوردســتان لەبــەردەم بیــری فاشــیزم و داگیرکاریــدا، مەترســی لەسـەرە بەشـێوازی جیاجیـا، لەڕووکەشـدا نـا بـەڵام لەناوەڕۆکـدا فاشــیزم لەعێراقــدا بــۆ ڕەوایەتیــدان بەخــۆی دەگــەڕێ و کوردیــش یەکێــك لەئامانجــە ســەرەکیەکانێتی، بەبــڕوای ئێـوە ئەمـە پێویسـتی دەسـتێوەردانی سیاسـی و مرۆیـی نیـە لەئاســتی کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی بەتایبــەت ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتــوەکان؟

دکتــۆر ئاریــان: بــە روانیــن لــە دۆخــی ئێســتای عێــراق ئــەو هەرەشــەیەی کــە وەك گریمانــە ئاماژەتــان پێکــرد لەواقیعــدا بونـی هەیـە, فاشـیزم بەردەوامـی هەیـە لـە عێـراق, چونکـە ئەو پـەروەدە ناسیونالیسـتیە توندرەویـەی کـە بەعـس لـە رێگـەی پـەروەردە و میدیـا وە چاندویەتـی لـە بیـری خەڵکـی عێراقـی عەرەبــی (ســونە و شــیعە) بەردەوامــی هەیــە, رۆژانــە لــە گوتـاری حیزبـە سیاسـیەکان و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و میدیـا و گوتـاری گشـتی لـە سوشـیال میدیـا بـەدی ئەکەیـن کـە کـورد بـە هەرەشـە بـۆ سـەر عێـراق دەزانـن, ئـەو مـادە دەسـتوریانەی

کـە بنەمایـی گرنگـی ئـەو گریبەسـتەیە کـە کـورد لـە دوای ٢٠٠٥ بۆمانـەوە لـە عێـراق لە دەسـتوردا بـۆی نوسرایەوە (مـادەی ١٤٠ و مـادەی ٦٥ ئەنجومەنـی فیدراڵـی و هتـد) پشـتگۆێ خـراون, ڕۆژانـە بـە درون هێـرش دەکرێـت سـەر هەرێمـی کوردسـتان ئەگـەر فشـاری ئەمریـکا نەبوایـە بـە ئێستەشـەوە ئـەو هێرشـانە بەردەوامیـان هەبـوو, کەوابێـت ئێمـە لـە دۆخێکـی خراپدایـن , لـە تویژنەوەیەکـمان بەنـاوی (شوناسـی داتاشـێنراو) ئەوەمـان ڕونکردۆتـەوە, هەربۆیـە لـە وەڵامـی پرسـیارەکانی بەرێزتـان پیشـنیاری ئەوەمـان کـرد , دەبێـت ئێمـە سـەرلەنوێ خوێندنـەوە بـۆ بریـاری ٦٨٨ ئەنجومەنـی ئاسـایش بکەیـن ئـەم مەترسـیانە بــە جیهــان بگەیەنیــن کــە ئێمــە لــە قۆناغــی جینۆســایدی نەرمدایـن, هەربۆیـە پێویسـتمان بـە کاراکردنـی دەسـتێوەردان هەیـە لـە هـەر سـەرهەڵدانێکی توندوتیـژی لـە عێراقـدا, چونکە ڕەنگـە سەربکێشـێت بـۆ جینۆسـاید, چونکـە ئەمجـارە دەوڵـەت جینوسـاید نـاکات بەڵکـو بریکارەکانـی بـەم کارە هەڵئەسـتن.

# کورد سەرقاڵی چیە

* کـورد خـۆی سـەرقاڵی چیـە لـەم ئاسـتەو ئایـا ئاسـۆیەك لەناوخـۆی خۆیـدا بـۆ کارکـردن هەیـە یـان سـتراتیژێکی ناڕوونی هەیـە؟

دکتـۆر ئاریـان: وەك روونـە دامـەزراوە فەرمیەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ئـەم پرسـەیان پشـتگوێ خسـتوە وبەهەنـدی وەرناگـرن, و هیـچ شـتراتیژێکی روونیـان بـۆم ئـەم پرسـە نیـە, ئەگـەر لـە رابـردوودا لـە خەیاڵاتـی سیاسـی دەژیـان, بـەڵام خـۆ دەبێـت لـە دوای شـۆکی روداوەکانـی ٢٠١٧ ەوە ئەبێـت جـدی لـەم پرسـە بیربکرێتـەوە چونکـە دەرچەیەکـی تـر لەبـەردەم هەرێمیـدا نیـە , وگۆرانکاریـە نۆییەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەراسـتیش ئەوەنـدەی تـر مەترسـیەکان خێراتـر ئەکـەن لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم دۆخـەی کـە باسـکرا، پێشـنیار بـۆ خوێندنـەوەی نـوێ بـۆ بڕیـاری ٦٨٨ و گەیاندنـی مەترسـیی «جینۆسـایدی نـەرم» بـە جیهـان، زۆر جێگـەی خۆیەتـی و پێویسـتە:

١. خوێندنەوەی ستراتیژی بۆ ٦٨٨:

- دەبێـت کـورد بڕیـاری ٦٨٨ وەك «سـەلمێنەرێك» بەکاربهێنێـت

کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی پێشـتر دانـی بەوەدانـاوە کـە ژیانـی کـورد لەژێـر مەترسـیدایە. ئەمـە پێشـینەیەکی یاسـایی-سیاسـی بەهێـزە.
- دەبێـت جەخـت لەسـەر ئـەوە بکرێتـەوە کـە بارودۆخـی ١٩٩١ (کـە بـووە هـۆی ٦٨٨) هێشـتا ڕەگ و ڕیشـەی لـە عێراقـدا مـاوە و ڕەنگـە لـە شـێوازێکی نوێـدا دووبـارە بێتـەوە.
٢. گەیاندنی مەترسیی «جینۆسایدی نەرم» بە جیهان:
- پێویسـتە لۆبـی کـوردی و دیپلۆماسـییەت بـە ڕوونـی بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ڕوون بکاتـەوە کـە جینۆسـاید تەنهـا بە چەکـی کیمیایـی و کۆمەڵکـوژی ڕاسـتەوخۆ نابێـت. داتاشـینی شـوناس، پێشـێلکردنی مافـە دەسـتوورییەکان، سـەرکوتکردنی کولتـووری، و هێرشـکردنە سـەر هەرێـم بـە شـێوازی جۆراوجـۆر، هەمـووی دەتوانـن ببنـە سـەرەتایەك بـۆ جینۆسـایدێکی فراوانتر.
- پێویسـتە بـە بەڵگـەی بەهێـزەوە ئـەم مەترسـییانە نمایـش بکرێـن (وەك نموونـەی گوتـارە ناسیۆنالیسـتییەکان، بڕیارەکانـی دادگای فیدراڵـی، هێرشـی درۆن، و هتـد).
٣. کاراکردنـی دەسـتێوەردان بـۆ هـەر سـەر هەڵدانێکـی توندوتیـژی:
- داواکارییەکـە دەبێـت ئـەوە بێـت کـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی چاودێرییەکـی بـەردەوام و چـڕی دۆخەکـە بکات.
- پێویسـتە میکانیزمێکـی خێـرا بـۆ دەسـتوەردانی نێودەوڵەتـی هەبێـت لـە هـەر حاڵەتێکـی توندوتیژیـدا، بەپێـی چەمکـی R٢P. ئەمـە دەتوانێـت ناردنـی هێـزی چاودێـر، یـان تەنانـەت ئامادەیـی بـۆ دەسـتوەردانی سـەربازی (ئەگـەر پێویسـت

بــكات) لەخــۆ بگرێــت.
لــە کۆتایــدا بــەو دەرئەنجامــە دەگەیــن ئــەو مەترســییانەی کــە ئاماژەمــان پێکــرد پێویســتی بــە ســتراتیژێکی نــوێ و چوســت و چالاکانــەی کــورد هەیــە. بڕیــاری ٦٨٨ هێشــتا دەتوانێــت وەك بنەمایەکــی مێژوویــی و یاســایی بەکاربهێنرێــت بــۆ گەیاندنــی ئــەم مەترســییە جددیانــە بــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی، بــەڵام ئەمجــارە بــە خوێندنەوەیەکــی سیاســیی قووڵــتر و بــە پەیامێکــی یەکگرتــووی نیشــتمانییەوە. پێویســتە جیهــان لــەوە تێبگەیەنرێــت کــە کاتێــك فاشــیزم بــەردەوام دەبێــت و مــاددە دەســتوورییەکان پێشــێل دەکرێــن و هێرشــەکان دەکرێنــە ســەر هەرێــم، ئــەوا «جینۆســایدی نــەرم» دەکرێــت ڕێگــە خــۆش بــکات بــۆ جینۆســایدێکی ڕاســتەقینە، تەنانــەت ئەگــەر لــە ڕێگــەی «بریکارەکان»یشــەوە بێــت.

# کۆتایی و تێهەڵچوونەوە

* لەکۆتایـدا دەتـەوێ پێـمان بڵێـی جارێکـی تـر پێویسـتمان بـە تێهەڵچوونەوەیـە لەبڕیـاری ٦٨٨و دەتوانیـن لەئێسـتاو داهاتووشـدا سـوودی لـێ ببینیـن؟

دکتـۆر ئاریـان: بـە روانیـن لـە دۆخـی ئێسـتا عێـراق و ناوچەکـە خوێندنـەوەی نـوێ بـۆ بریارەکـە گرنگـە بـۆ پرسـی کـورد و هەرێمـی کوردسـتان لەبـەر چەنـد هۆیـەك:

- قووڵکردنـەوەی شـەرعییەتی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان: بڕیـاری ٦٨٨ وەك بنەمایەکـی سـەرەتایی نێودەوڵەتـی بـۆ دروسـتبوونی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان دەبینرێـت. دەتوانرێـت بـەردەوام ئامـاژەی پێبدرێـت و وەك بەڵگەیـەك بـۆ پشـتگیری نێودەوڵەتـی.

- چوارچێوەیەکـی یاسـایی بـۆ پاراسـتن: لـە کاتـی هـەر هەڕەشـەیەکی داهاتـوودا بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان، دەتوانرێـت ئامـاژە بـە ڕۆحـی بڕیـاری ٦٨٨ بکرێـت بـۆ داواکردنـی پشـتیوانی و پاراسـتنی نێودەوڵەتـی، بەتایبەتـی لەژێـر پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ و (R٢P).

- هاندانـی دیپلۆماسـیی چـالاك: بڕیارەکـە نیشـانی دەدات

کـە چـۆن دیپلۆماسـیی چـالاك (وەك ئـەوەی فەرەنسـا کـردی) دەتوانێــت کاریگــەری گــەورەی هەبێــت لەســەر بڕیارەکانــی ئەنجومەنـی ئاسـایش. کـورد دەتوانێـت وانـە لەمـە وەربگرێـت بـۆ بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ وڵاتانـی زلهێـز.

# تەوەری چوارەم:
# پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی

لەسێ تەوەری یەکەم و دووەم و سێیەم؛ گفتوگۆمان لەسەر « جینۆسایدی «نەرم، شووناس، بڕیاری ٦٨٨»کردو بەدیاریکراوی لەساڵی ٢٠٢٥ ئەنجام دران. لەچوارچێوەی گفتوگۆکانماندا، لەسەر زۆر وێستگەی تایبەت بەجینۆسایدی نەرم و قوورس، شووناس و ئەو پەیوەندییەکانی نێوان بڕیاری ٦٨٨ و جینۆسایدو فاشیزم و ڕۆڵی کۆلۆنیالیزم و نەتەوەی سەردەست و فەلسەفەی فاشی لەپرسی جینۆساید ڕاوەستاین. کوردو کوردستان و جینۆسایدکردنی لەڕابردوو، گریمانەکانی دووبارە بوونەوەی جینۆسایدکردنی، ئەمەش زۆرێك لەمەوداکانی گفتوگۆکانمانی لەخۆگرتبوو.
لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٦ پێش ئەوەی گفتوگۆکانمان وەك کتێب چاپ بکەین؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریاو ڕۆژئاوای کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بەکۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕین و بەشێکی زۆریان بەتایبەت لەسووریاوڕۆژئاوای کوردستان سەلماندنی گریمانەکانی گفتوگۆکانمان بوون، بۆیە بەپێویستمان زانی تەوەری چوارەم زیادبکەین و ئەم گفتۆگۆیەیی لێبەرهەم هات و مەبەستمان بوو وەك فاکت ناوی لێبنەین «پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی».

## جینۆساید لەگریمانەوە بۆ بەردەومبوون

تەها سلێمان: پێشووتر وەك گریمانە باسمان لەدووبارە بوونەوەی جینۆسایدکرد؛ بەڵام ڕووداوەکانی دەوڵەتی سووریای عەرەبی دژی دروزو عەلەوییەکان بەگشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بەتایبەت، سەلماندیان جینۆساید بەردەوامە؛ ئێوە چۆن ئەم پرسە لەگریمانەوە بۆ فاکت شرۆڤە دەکەن؟

ئاریان رەئوف : کاتێك لە بەشەکانی تری ئەم گفتوگۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٥ و هەروەها لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانماندا هۆشداریمان لە مەترسیی «جینۆسایدی نەرم» و ئەگەری وەرچەرخانی بۆ «جینۆسایدی قورس» دەدا، مەبەستمان تەنها پێشبینییەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو خوێندنەوەی ئەو ژێرخانە ئایدیۆلۆژی و سیاسییە بوو کە لە سوریادا خەریکی چەکەرەکردن بوو. ڕووداوە خوێناوییەکانی ساڵی ٢٠٢٥ لە سووریا، بەتایبەت دژ بە پێکهاتەکانی دروز، عەلەوی و دواتریش لە ڕۆژئاوا دژ بە کورد، سەلماندیان کە جینۆساید نەك هەر کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو وەك پرۆسەیەکی داینامیکی و بەردەوام لە فۆرمێکی

نوێدا سەری هەڵداوەتەوە. بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەم پرسە لە «گریمانە»وە بوو بە «فاکت»، پێویستە لەسەر سێ ئاست شیکاری بۆ بکەین:

یەکەم: بەپێی پۆلێنەکەی (گریگۆری ستانتۆن)، جینۆساید بە قۆناغی «پۆلێنکردن» و «شەیتانکردن» دەست پێدەکات. ئەوەی ئێمە پێشتر وەك «جینۆسایدی نەرم» ناومان دەبرد، لە واقیعدا قۆناغەکانی ئامادەکاری بوون. دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع، لە ڕێگەی گوتاری نەتەوەیی-ئایینی توندڕەوەوە، پێکهاتە ناعەرەب و نائیسلامییەکانی لە ناسنامەی نیشتمانی داماڵی. کاتێك لە ساڵی ٢٠٢٥ میلیشیاکان دەستیان کرد بە کۆمەڵکوژی دروزەکان و عەلەوییەکان، «گریمانە» گۆڕا بۆ «فاکتی فیزیکی». ئەمە نیشانیدا کە جینۆسایدی نەرم (پەراوێزخستن و لە مرۆڤخستن و سڕینەوەی ناسنامە) تەنها پێشەکییەك بووە بۆ جینۆسایدی قورس (لەناوبردنی جەستەیی).

دووەم: تەڵەی سیاسی و ڕێککەوتنامە تاکتیکییەکان : ڕێککەوتنامە ١٠ خاڵییەکەی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلۆم عەبدی، کە زۆرێك بە هەنگاوێکی ئاشتییان دەبینی، لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەی جینۆسایدەوە تەنها قۆناغی «ئامادەکاری و جەمسەرگیری» بوو. شەرع پێویستی بەوە بوو کات بەدەست بهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی (دروز و عەلەوی)، تا دواتر بە هێزێکی یەکگرتووەوە پەلاماری ڕۆژئاوا بدات. شکاندنی ئەم ڕێککەوتنە لە سەرەتای ٢٠٢٦ و هێرشکردنە سەر گەڕەکەکانی شێخ

مەقسـود و ئەشرەفیـە لـە حەلـەب، سـەلمێنەری ئـەو فاکتـە بـوو کـە سیسـتەمە تۆتالیتێـرەکان «پەیماننامـە» وەك ئامرازێکـی فریـودان بەکاردەهێنـن نـەك وەك چارەسـەر. سـوکایەتی کـردن بـە کـورد شـوبهاندنی بـە خەنزیـر و سـەگی قەندیـل وئاوارەکردنـی هـەزاران کـورد و سـوکایەتیکردن بـە تەرمـەکان کوشـتنی دیلـەکان و برینـی کـەزی شـەرڤانەکان، نیشـانەی «قۆناغـی لەناوبـردن- Extermination » بـوو کـە بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگرە لەسـەر جێبەجێکردنـی تاوانـی جینۆسـاید.

سێیەم: جوگرافیای تاوان و شکستی پاراستنی نێودەوڵەتی

ئێمـە پێشـتر ئاماژەمـان بـەوە کردبـوو کـە پێویسـتە (ڕاوێـژکاری تایبەتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ جینۆسـاید) ئـاگادار بکرێتـەوە، چونکـە جوگرافیـای تـاوان لـە سـووریا و عێراقـدا تێکەڵـە. کاتێـك دەبینیـن تەنهـا قامیشـلۆ، حەسـەکە و کۆبانـێ بەهـۆی بەرگرییـەوە ماونەتـەوە، ئەمـە فاکتێکـی تـاڵ دەخاتـە ڕوو: «جینۆسـاید تەنهـا کاتێـك دەوەسـتێت کـە هێزێکـی بەرگریـی فیزیکـی هەبێـت، نـەك بـە یاسـا نێودەوڵەتییـەکان». فاکتەکـە ئەوەیـە کـە دەوڵەتـی نوێـی سـووریا، بـە هەمـان میتـۆدی ڕژێمـە پێشـووەکان بـەڵام بـە ئایدیۆلۆژیایەکـی توندتر، پرۆسـەی «جینۆسـایدکردن» و «تەهجیـر»ی کـردە ئامانجێکـی سـتراتیژی.

دەرئەنجـام دەتوانـن بڵێیـن گۆڕانـی ئـەم پرسـە لـە گریمانـەوە بـۆ فاکـت، پێمـان دەڵێـت کـە جینۆسـایدی کـورد و پێکهاتەکانی تـری ناوچەکـە، ڕووداوێکـی مێژوویـی کۆتاییهاتـوو نییـە، بەڵکـو مەترسـییەکی «هەمیشـەیی»یە (Perpetual Threat).

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٢٦ سەلماندیان کە گۆڕانی دەسەڵات لە دیمەشق، ئەگەر لەسەر بنەمای دانپێدانان بە فرەیی و دیموکراسی نەبێت، تەنها گۆڕینی جەلادەکانە. پاراستنی ئەو ناوچانەی کە ماونەتەوە (قامیشلۆ و حەسەکە و کۆبانێ) تەنها ئەرکێکی سەربازی نییە، بەڵکو تاکە ڕێگەیە بۆ ڕێگریکردن لە تەواوکردنی ئەو زنجیرە جینۆسایدەی کە لە سوەیداوە دەستی پێکرد و لە حەلەب گەیشتە لووتکە. لەلایەکی تریشەوە ئەم واقیعە نوێیە ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەر شانی ناوەندە ئەکادیمی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە چیتر سەیری جینۆساید وەك «ئەگەر» نەکەن، بەڵکو وەك «واقیعێکی بەردەوام» مامەڵەی لەگەڵ بکەن کە پێویستی بە دەستێوەردان یان کراکردنی پرنسیپی « بەرپرسیاریەتی پاراستن -R2P» هەیە.

## پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی

تەهــا ســلێمان: لەڕابــردوو و ئێســتادا لەبــەردەم تاوانەکانــدا بەتایبــەت تاوانــی جینۆســایدو تاوانــی جەنــگ و تاوانــی دژی مرۆیــی؛ بابەتێکــی گرنــگ جێــگای ســەرنجە ئەویــش دەســتێوەردانی مرۆییــە؛ مەبەســتمە پێــش هەمــوو شــت بــاس لەکرۆکــی دەســتێوەردانی مرۆیــی لەسەرئاســتی گشــتی بکەیــن و کــێ بــەم کارە هەڵدەســتێ؟

ئاریــان رەئــوف : بــۆ وەڵامــی پرســیارەکە پێویســە دوو چەمکــی ســەرەکی رون بکەینــەوە لــە گــەڵ فورمــە جیاوازەکانــی دەســتێوەردانی مرۆیــی

١. دەستێوەردانی مرۆیی لە رووی تیۆریەوە

دەســتێوەردانی مرۆیــی لــە بنەرەتــدا بریتیــە لــە بەکارهێنانــی هێــزی ســەربازی یــان فشــارە نێودەوڵەتییــەکان دژ بــە دەوڵەتێك ، بــە مەبەســتی ڕێگریکــردن یــان کۆتاییهێنــان بــە پێشــێلکارییە گــەورە و سیســتماتیکییەکانی مافــی مــرۆڤ، وەك جینۆســاید، تاوانــی جەنــگ، و تاوانــی دژی مرۆیــی کــە ئەودەوڵەتــە دژ بــە گروپێکــی ئیتنــی لــە ناوخــۆی وڵاتەکەیــدا یــان لــە دەرەوەی جوگرافیایــی دەوڵەتــی خۆیــی پیــادەی ئــەکات .

دەستێوەردانی مرۆیی لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی ڕاوەستاوە:

١. ڕەهەندی ئەخلاقی: پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان لە سەرووی سنووره سیاسی و نەتەوەییەکانەوەیە. بە مانایەکی تر مرۆڤایەتی دەبێتە تاکە پێوەر.

٢. ڕەهەندی یاسایی: کاتێك دەوڵەتێك دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر گەلی خۆی، شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەدەست دەدات. لێرەدا دەستێوەردان نەك وەك پێشێلکاری سەروەریی ڕەهای دەوڵەت، بەڵکو وەك جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان دەبینرێت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٣. ڕەهەندی ئاسایش: لە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکاندا هاتووە کە جینۆساید و ناسەقامگیری لە وڵاتێکدا، دەبێتە هۆی شڵەژان و نائارامی ئاسایشی هەرێمی و جیهانی (ئاوارەبوون، تیرۆر، بڵاوبوونەوەی چەك). کەواتە دەستێوەردان پاراستنی ئاسایشی گشتییە.

دووەم : دەستێوەردانی مرۆیی لە رووی پراکتیکیەوە

لە دوای کۆنگرەی وستڤالیا لە ساڵی ١٦٤٨ ، بنەمای «سەروەریی ڕەهای دەوڵەت» ڕێگر بوو لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتەکە خەریکی کۆمەڵکوژی هاوڵاتیانی خۆشی بوایە. لە دوای دروستبونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٤٥ و هەروەها لە دوای دەرچونی ڕێککەوتنامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید ١٩٤٦ بەلام بەشێك لە دەوڵەتە ستەمکارەکان بە پاساوی

جیاجیا جینۆسایدی گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکرد, کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ ڕێکارێکی نەدەگرتەبەر, تاوانەکانی (جینۆسایدکردنی فەیلیەکان و بارزانیەکان و شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە) دیاریترین ئەو تاوانانەبوون وەك لە بەشەکانی تر بە وردی ئاماژەمان پێکردون, بەڵام دوای کۆرەوە ساڵی ١٩٩١ کارەساتەکانی ڕواندا و بۆسنە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ویژدانی مرۆیی و سیستەمی نێودەوڵەتی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە «سەروەریی ماف نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییە» هەربۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١ یەکەم بڕیاری دەستێوەردانی مرۆیی(بڕیاری ٦٨٨) بۆ پاراستنی کورد لە عێراق دەرکرد. دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٥ چەمکی بەرپرسیارێتیی پاراستن - Responsibility to Protect - R٢P لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك بنەمایەك بۆ جێگرەوەی دەستێوەردانی مرۆیی پەسند کرا.

بۆ ئەوەی دەستێوەردانی مرۆیی لە داگیرکاری جیا بکرێتەوە، چەمکی R٢P سێ کۆڵەکەی دیاری کردووە:

١. بەرپرسیارێتی دەوڵەت: هەر دەوڵەتێك بەرپرسە لە پاراستنی گەلی خۆی لە چوار تاوانە گەورەکە (جینۆساید، تاوانی جەنگ، پاکتاوی ڕەگەزی، تاوانی دژی مرۆیی).

٢. هاوکاری نێودەوڵەتی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت هاوکاری دەوڵەتەکان بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرپرسیارێتییە.

٣. ئەگەر دەوڵەتێك شکستی هێنا لە پاراستنی گەلەکەی،

یان خۆی بوو بە جەلاد (وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٦ لە سووریا لەژێر دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع ڕوویدا)، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکیەتی «دەستێوەردانی بەکۆمەڵ» بکات، بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیشەوە ئەگەر پێویست بکات.

سێیەم: کێ بەم کارە هەڵدەستێت؟

ئەمە ئاڵۆزترین بەشی پرسەکەیە، چونکە بڕیاری دەستێوەردان پێویستی بە «شەرعیەتی یاسایی» و «توانای سەربازی» هەیە, لەو تاوانانەی کە لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد و دووجەمسەری, بە چەند شێوازێك دەستێوەردانی مرۆیی کراوە کە فۆرمی هەریەکێکیان جیاوزاترە لەوی تریان, لە خوارەوە هەندێك نمونە دەخەینە روو:

أ. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەپێی بەندی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش تاقە دەسەڵاتی شەرعییە کە دەتوانێت بڕیاری دەستێوەردانی سەربازی بدات وەك چۆن بینیمان ئەنجومەنی ئاسایش بریاری ٦٨٨ لە ساڵی ١٩٩١ دەرکرد. بەڵام ئەم ئۆرگانە زۆرجار بەهۆی «مافی ڤیتۆ»وە، ناتوانێت بریاری یەکلاکەرەوە دەربکات (وەك ئەوەی لە پرسی سووریادا لە ساڵانی ڕابردوودا بینیمان). ئەم پەککەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی جینۆساید لەبەردەم چاوی جیهاندا بەردەوام بێت.

ب. ڕێکخراوە هەرێمییەکان:

کاتێك ئەنجومەنی ئاسایش شکستی دەهێنێت، ڕێکخراوە

هەرێمییــەكان (وەك ناتــۆ NATO، یەكێتــی ئەوروپــا، یــان یەكێتــی ئەفریقــا) دەبنــە كارەكتــەری ســەرەكی. بــۆ نموونــە، دەستێوەردانی ناتـۆ لە كۆسـۆڤۆ (١٩٩٩) بەبێ بڕیاری ڕاشـكاوی ئەنجومەنــی ئاســایش بــوو، بــەڵام وەك «دەســتێوەردانێكی شــەرعی مرۆیــی» ناســێنرا بــۆ ڕێگــری لــە كۆمەڵكــوژی.

ج. هاوپەیمانێتییــە نێودەوڵەتییــەكان (Coalitions of the Willing):

كۆمەڵێـك دەوڵـەت كـە بەرژەوەندی یان پرەنسـیپی هاوبەشـیان هەیــە، هاوپەیمانێتییــەك پێكدەهێنــن بــۆ دەســتێوەردان (وەك هاوپەیمانــی نێودەوڵەتــی دژ بــە داعــش) كــە لــە دوای جینوسـایدی ئێزیدیـەكان لـە شـەنگال دەسـتێوەردان كـرا بـۆ پاراسـتنی كـورد.

د. زلهێزەكان:

ئەگەرچــی دەوڵەتــە زلهێــزەكان بــەدوای بەرژەوەندیــە تایبەتیەكانــی خۆیــان وێڵــن لــە پەیوەندیــە نێودەوڵەتیــەكان, بــەڵام هەندێـك جـار لـە ژێـر فشـاری رای گشـتی ناچارئەبـن رەچــاوی بنەمــا ئەخلاقیــەكان بكــەن ودەســتێوەردان بكــەن, ئەمــەش شــەرت نیــە لــە رێگــەی دەســتێوەردانی راســتەوخۆ بێــت بەڵكــو لــە رێگــە راســپاردە دەركــرن یــان ئامــۆژگاری وڵاتــەكان ناچــار ئەكــەن پێشــێلكاریەكان مافــی مــرۆڤ رابگــرن. رەنگــە باشــترین نمونــە بــۆ ئــەم فۆرمــە لــە دەســتێوەردانی مرۆیــی ئــەو ئــەو هەوڵانــە بــوو كــە ئەمریــكا و فەرەنســا و پەرلەمانــی ئەوروپــا و ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتــی بــۆ پاراســتنی كــورد لــە رۆژئــاوا پێــی هەڵســان لــەدوای تاوانەكانــی

ئەحمـەد شـەرع دژ بـە کـورد لـە سـوریا. چونکـە لـە مانگـی شـوباتی ٢٠٢٦چەنـد جەمسـەری بڕیاردانـی جیهانـی (پەرلەمانی یەکێتـی ئەوروپـا وئەنجومەنـی ئاسـایش وکۆنگرێـس و هەوڵـە دیپلۆماسـیەکانی فەرەنسـا) بـە جیـا و لـە کاتێکـی هەماهەنگدا، (قەڵغانێکـی یاسـایی و سیاسـی) یـان بـۆ پاراسـتنی کـورد بـە تایبــەت و پێکهاتەکانــی ســوریا بەگشــتی دروســت کــرد. بــە پێویسـتی ئەزانـم لەسـەر بەشـێك لـەو هەڵوێسـتانە هەڵوەسـتە بکەیـن بـۆ ئـەوەی گرنگیـان بخەینـە روو :

یەکــەم : رێکەوتــی ٢٠٢٦/٢/١٢ پەرلەمانــی ئەورووپــا بــە زۆرینــەی دەنــگ هۆشــداری دا کــە پێشــێلکارییەکان و ئــەو تاوانانــەی کــە ســوپای سوریای عەرەبــی و میلیشــیا چەکدارەکانـی سـەر بـە احمـد شـەرع ئەنجامیـان داوە دژ بـە کـورد لـە رۆژئـاوا دەگەنـە ئاسـتی تاوانـی جەنـگ. لێـرەدا ئـەم بڕیـارە گرنگییەکـە لـەوەدا نییـە کـە بڕیارەکـە ئیلزامییـە یـان نـا، بەڵکـو لەوەدایـە کـە پێناسـەیەکی یاسـایی بـۆ تاوانـەکان و پێشــلکاریەکان دروســت کــردوە. کاتێــك دامەزراوەیەکــی وا گـەورە چەمکـی (تاوانـی جەنـگ) بەکاردێنێـت، حکومەتـە ئەورووپییــەکان لــە ڕووی سیاســییەوە ئیلتزامێکیــان دەکەوێتــە ســەر کــە ناتوانــن هــاوکاری ســەربازی و ئابــووری لایەنــی تۆمەتبـار بکـەن، چونکـە ڕووبـەڕووی لێپرسـینەوەی پەرلەمـان و ڕای گشــتی دەبنــەوە.

دووەم: بەیاننامـەی ئەنجوومەنـی ئاسـایش لـە ٢٠٢٦/٢/١٢ کـە پێشـوازی لـە ڕێککەوتنـی (هەسـەدە و دیمەشـق) کـرد، تەنهـا ئاماژەیەکـی هاندەرانـە نیـە بـۆ پرۆسـەی ئاشـتی و سـەقامگیری

لـە سـوریا ، بەڵکـو جەختکردنــەوە بـوو لەسـەر پرەنسـیپی (بەرپرسـیارێتی پاراسـتن- (R2P لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا، کاتێـك ئەنجوومەنـی ئاسـایش دەڵێـت (بەرپرسـیارێتی حکومەتـە کـورد بپارێزێـت)، ئەمـە ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە مـەرج بـۆ سـەروەریی ئـەو دەوڵەتـە. لـە هەمانکاتـدا ئـەم ڕاسـپاردەیە دەبێتـە بنەمایـەك بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا هـەر پێشـێلکارییەك دژی کـورد وەك (هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاشـتی و ئاسایشـی جیهانـی) هەژمـار بکرێـت. خاڵێـك لێـرەدا کـە گرنگـە ئامـاژەی پـێ بکەین ئەوەیـە ئـەم بڕیـارە بـە ناڕاسـتەوخۆ بەربەسـت بـۆ تورکیـا دروسـت دەکات؛ چونکـە هـەر هێرشـێکی تورکیـا بـۆ سـەر کـورد کـە ئێسـتا لـە ژێـر چەتـری ڕێککەوتنێکـی دانپێدانـراوی نێودەوڵەتیـدان، وەك هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاشـتی و ئاسایشـی جیهانـی هەژمـار دەکرێـت.

سـێیەم: دانیشـتنی لیژنـەی کاروبـاری دەرەوەی کۆنگرێـس لـە ٢٠٢٦/٢/١٠ تەنهـا گفتوگۆیـی سیاسـی ئاسـایی نەبـوو، بەڵکـو ڕاگەیاندنـی فشـارێکی جـدی بـوو بـۆ سـەر دەسـەڵاتەکەی احمـد شـەرع لەسـوریا. لێدوانەکـەی برایـان ماسـت کـە لابردنـی سـزاکانی (یاسـای قەیسـەر) ی مەرجدارکـرد بـە پاراسـتنی کـورد، ئاماژەیەکـی روونـە کـە پشـتگوێ خسـتنی ڕاسـپاردەکانی کۆنگرێـس وابەسـتەن بـە سـزادانی دارایـی.

هەروەهـا هۆشـدارییەکانی نادیـن مایـنزا بۆئەگـەری ڕوودانـی جینۆسـاید، وای کـرد کـە دۆسـیەی ڕۆژئـاوا لـە کێشـەیەکی ناوخۆیـی و هەرێمیـەوە ببێتـە دۆسـیەیەکی نێودەوڵەتـی. هەروەهـا ئاماژەکـردن بـە ڕۆڵـی خراپـی میلیشـیاکانی سـەر بـە

تورکیا ئەمە گەورەترین فشاری سیاسییە بۆ سەر ئەنقەرە.
چوارەم: پڕۆژەیاسای (پاراستنی کورد- Save the Kurds Act
)ە، کە سیناتۆر لیندسی گراهام لە ٢٠٢٦/١/٢٩ پێشکەشی کردوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی کورد، چونکە ئەم پڕۆژەیاسایە دەیەوێت (ئیلتزامێکی یاسایی) ناوخۆیی لە ئەمریکا دروست بکات کە سزای توند بسەپێنێت بەسەر هەر لایەنێك (حکومەت یان گروپ) کە بەشداری بکات لە کردەوەی دوژمنکارانە دژی کورد.
ئاماژەدان بە ڕۆڵی خراپی تورکیا لەلایەن گراهام و کۆنگرێس و پەرلەمانی ئەورووپاوە، کۆتایی بەو قۆناغە هێنا کە تورکیا دەیتوانی لە ژێر پەردەی ئاسایشی نەتەوەییدا هێرش بکات. ئیتر تورکیا وەك لایەنێکی تێکدەر و هەڕەشە بۆ سەر کەمینەکان ناوی هێنراوە.
هەرچەندە ئەم هەنگاوانە (بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەورووپا و بەیاننامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش گفتوگۆکانی لیژنەی دەرەوەی کۆنگرێس) لە ڕووی کاریگەری یاساییەوە وەك (ڕاسپاردە-توصیات - Recommendations ) پۆلێن دەکرێن، بەڵام لە ناواخنیاندا هەڵگری ئیلتزامێکی سیاسی و ئەخلاقیی کاریگەرن کە ڕێگەیان بۆ لێکەوتەی یاسایی سیاسیی کاریگەر خۆشکرد. چونکە هەموویان دەسەڵاتەکەی ئەحمەد شەرعیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شەرمەزار کرد و وەك قەوارەیەکی دەرچوو لە یاسا (شەرعیەتداماڵین) ناساندیان. لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕاسپاردانە وەك کارتی سوور وابوون بۆ دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع، کە هەر هەنگاوێکی تری

بـەرەو جینۆسـاید، رەنگـە ببێتـە هـۆی گۆڕینـی ئـەم ڕاسـپاردانە بـۆ دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆ.

## بنەما بۆ ڕێگریکردن لەدووبارەبوونەوەی تاوان

تەها سلێمان: وەك دەبینین لەپرسی کۆڕەوی ١٩٩١، جینۆسایدی ئێزدییەکان، هەوڵی جینۆسایدی ڕۆژئاوای کوردستان، بەڕوونی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و زۆرێك لەدەوڵەتەکانەوە دەستێوەردانی مرۆیی دەکرێ؛ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا دەتوانرێ ئەمە بکرێتە بنەما بۆ ڕێگری لەدووبارە بوونەوەی تاوانەکان؟

ئاریان رەئوف : پرسیارەکەی جەنابتان دەمانباتە سەر ئەو ڕاستییەی کە «دۆزی کورد» لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە «کێشەیەکی ناوخۆیی دەوڵەتان»ەوە گۆڕاوە بۆ «پێوەرێکی ویژدانی و ئاسایشی جیهانی». هەوڵ ئەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا چڕ بکەمەوە:

تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی دەستێوەردانی مرۆیی بۆ کورد

لەبەشەکانی تردا ئەوەمان رونکردەوە کە بۆچی لە (جینۆسایدکردنی فەیلیەکان و بارزانیەکان و شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە) کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

نەهاتە وەڵام, لە هەمانکاتدا دەتوانین بپرسین بۆچی لە ساڵانی ١٩٩١، ٢٠١٤ و ٢٠١٧ دواجار لە ساڵی ٢٠٢٦، جیهان ناچار بوو دەستێوەردان بکات؟ ئەمە بۆ چەند هۆکارێکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە:

١. گۆڕانی کورد لە قوربانییەوە بۆ کارەکتەری ستراتیژی:

لە ساڵی ١٩٩١، جیهان کورد تەنها وەك ئاوارە و قوربانی دەبینی. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ (شەڕی داعش) و ساڵی ٢٠٢٦ (بەرەنگاربوونەوەی میلیشیاکانی سەربە ئەحمەد شەرع)، کورد وەك تاکە هێزی عەلمانی و دیموکراسی لە مەیدانەکەدا دەرکەوت کە بەرگری لە بەها گەردوونییەکان دەکات. دەوڵەتە زلهێزەکان تێگەیشتن کە ڕێگریکردن لە جینۆسایدی کورد تەنها کارێکی مرۆیی نییە، بەڵکو پاراستنی هاوبەشێکی باوەڕپێکراوە کە ئاسایشی ناوچەکە لە توندڕەوی دەپارێزێت.

٢. فشارەکانی ڕای گشتی و دیپلۆماسیی وێنە:

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە توانیویەتی کارەساتی خۆی بگەیەنێتە ناو ویژدانی مرۆڤی ڕۆژئاوا. دیمەنەکانی کۆڕەوی ١٩٩١، کارەساتی شنگال لە ٢٠١٤، و دواتر دیمەنەکانی بەرگریی کۆبانێ و شێخ مەقسود و ئەشرەفیەوە لە ٢٠٢٦، گوشارێکی ئەخلاقیی گەورەیان لەسەر حکومەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دروست کرد. لە سیستمە دیموکراسییەکاندا، کاتێك وێنەی جینۆساید دەبێتە «ترێند»ی جیهانی، بڕیار بەدەستە سیاسییەکان ناچارن ڕەچاوی بنەما ئەخلاقییەکان بکەن بۆ پاراستنی شەرعیەتی ناوخۆیی خۆیان.

٣. ڕێگریکردن له هەرەسی ئاسایشی هەرێمی:
زلهێـزەکان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و ئەنجومەنـی ئاسـایش تێگەیشـتوون کـە جینۆسـایدی کـورد یـان ئاوارەبوونـی میلیۆنییـان، دەبێتـە هـۆی ناسـەقامگیرکردنی دەوڵەتانـی دراوسـێ و کۆچـی بەکۆمـەڵ بـەرەو ئەوروپـا. بـۆ نموونـە، بڕیـاری ٦٨٨ی سـاڵی ١٩٩١ بناغەیـەك بـوو کـە سـەلماندی پاراسـتنی کـورد یەکسـانە بـە سـەقامگیری ناوچەکـە.
تـەوەرەی دووەم: ئایـا دەتوانرێـت ئەمـە بکرێتـە بنەمایـەك بـۆ ڕێگـری لـە دووبارەبوونـەوەی تاوانـەکان؟
لـە دۆخـی شـڵەژاوی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و هەروەهـا بونی دژ یەکـی لـە بنەماکانـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـوەکان ( پرسـی پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ لـە لایـەك و پرسـی پاراسـتنی سـەروەری وڵاتـان لەلایەکـی تـر ) و هەروەهـا سروشـتی ئانارکـی پەیوەندیـە نێودەوڵەتیـەکان و بونـی ململانـێ و گۆڕانی بـەردەوام لـە هەیکەلـی سروشـتی سیسـتەمی نێودەوڵەتـی کـە ماوەیـەك دووجەمسـەری بـوو دواتـر تـاك جەمسـەری و لـە ئێستاشـدا فـرە جەمسـەری یـان رونـتر هێشـتا ملامحێکـی رونـی نیـە واتـە سروشـتێکی ناجـۆری لـە جەمسـەر گیـری هەیـە هەربۆیـە مەحاڵـە وەڵامێکـی رەهـا یـان وەڵامـی پراوپـر بدەینـەوە و بڵێـن  بەڵـێ دەکرێـت ئێمـە ئـەو دەستێوەردانانەی کـە لەرابـردوودا بـە فۆرمـی جیـاواز کـراوە بـۆ پاراسـتی کـورد ببنـە بنەمایـەك و ڕێگـری بکـەن لـە دوبارەنەبونـەوەی هەرەشـەی کۆمەڵکوژکردنـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوەراسـت. بـۆ رونکردنـەوەی زیاتـر دەبێـت لـە نێـوان دوو دیـدگای

جیـاوازدا گفتۆگـۆ بکەیـن : دیـدگای کەڵەکەبوونـی پێشـینە یاسـایی و سیاسـییەکان بـۆ پاراسـتنی کـورد کـە گەشـبینە، و دیـدگای ڕیالیزمـی سیاسـی کـە گومانـکار و ڕەشـبینیە.

١. لایەنـی ئەرێنـی: کەڵەکەبوونـی «پێشـینە یاسـایی و سیا سـییە کا ن »

لـە ڕووی تیۆرییـەوە، دەسـتێوەردانە یـەك لـە دوای یەکـەکان بـۆ پاراسـتنی کـورد، چەمکێـك دروسـت دەکـەن کـە پێـی دەوترێـت «پێشـینەی یـان عورفـی یاسـایی, بۆنمونـە چەنـد فۆرمێکـی جیـاواز لـە دەسـتێوەردان بـۆ پاراسـتنی کـورد لـە دوای سـاڵی ١٩٩١ بـەدی دەکەیـن

١٩٩١بڕیـاری (٦٨٨): بـۆ یەکەمجـار چەمکـی «سـەروەریی دەوڵـەت» لەبـەردەم «کارەسـاتی مرۆیـی» شـکا.

٢٠١٤ (شـنگال و کۆبانـێ): لـە شـەری دژ بـە داعشـدا شـەرعیەتی دەسـتێوەردان بەسـتراوەوە بـە شـەڕی تیـرۆر و پاراسـتنی کەمینـە ئایینییـەکان.

٢٠٢٦ (قەڵغانـی سیاسـی دژ بـە ئەحمـەد شـەرع): ئـەو راسـپاردە و ئامۆژگاریانـەی کـە ئاراسـتەی ئەحمـەد شـەرع کـران , جۆرێـك لـە پابەندێتیـان دروسـتکرد وەك دەزانیـن یاسـا کاتێـك خاوەنـی سـیفەتی پابەندکـرە کـە بتوانێـت ڕەفتاری ئەکتـەرەکان بگۆڕێـت. بـۆ نموونـە، کاتێـك ئەحمـەد شـەرع سـڵ دەکاتـەوە لـە هێرشـی هەمەلایەنـە بـۆ سـەر رۆژئاڤـا بـە تایبـەت کۆبانـی و قامیشـلۆ و حەسـەکە، ئەمـە بەهـۆی ئەوەیـە کـە نۆرمـە نێودەوڵەتییـەکان فشـارێکی وەهایـان دروسـت کـردووە کـە تێچـووی سـەرپێچیکردنی ئـەو نۆرمـە زۆر گرانـە. هەربۆیـە

لێرەدا نۆرم بووەتە هێزێکی ڕێگرلە جینۆسایدکردن. کەواتە ئەو جەمسەرانەی کە رۆڵیان هەبوو لە پاراستنی کورد لە رۆژئاڤا لە ساڵی ٢٠٢٦ فۆرمێکی نوێی لە دەستێوەردانی پێشوەختەیان دروست کرد.

هەربۆیە دەتوانین بڵێن کۆی ئەم ڕووداوانە، پرسی کوردیان لە «کێشەیەکی ناوخۆیی» ناو چوارچێوەی دەوڵەتەکانەوە دەرهێناوە و کردوویانە بە پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی. لێرەوە دەتوانین بڵێین بنەمایەکی ئەخلاقی و سیاسی دروست بووە کە وای کردووە بێدەنگی جیهانی لە ئاست جینۆسایدی کورددا چیتر ئاسان نەبێت کە بە نەتیجە بوە بە عورفێکی یاسایی.

٢. بەربەستی سروشتی ئانارکی سیستەمی جیهانی و ململانێی جەمسەرەکان

ئەگەر لە رووی واقعی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە لە پرسەکە بڕوانین ئەوا ناتوانین ئەم دەستێوەردانانە وەك «بنەمایەکی ڕەها و گەرەنتی کراو» تەماشا بکەین، ئەمەش بەهۆی سێ هۆکاری سەرەکی:

• سروشتی ئانارکی سیستەمی جیهانی: بەهۆی ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی باڵای جیهانی نییە بۆ ناچارکردنی دەوڵەتەکان بە جێبەجێکردنی یاسا، بۆیە هەر دەستێوەردانێك بەستراوەتەوە بە «باری نائاسایی» نەك «یاسای جێگیر». ئەو دەستێوەردانەی کە لە ٢٠٢٦ ڕوویدا، گەرەنتی نییە دووبارە بێتەوە ئەگەر هاوسەنگی هێز بگۆڕێت.

• ململانێی جەمسەرەکان: لە سیستەمێکی فرەجەمسەریی

یـان ناجـۆردا، زۆرجـار مافەکانـی مـرۆڤ دەبنـە قوربانـی ڤیتـۆ یـان ڕێککەوتنـی ژێـر بـە ژێـری زلهێـزەکان. ئەگـەر جینۆسـایدی کـورد لــە بەرژەوەندیــی جەمســەرێکی بەهێــز بێــت بــۆ لاوازکردنــی جەمســەرێکی تــر، ئــەوا بنەمــا ئەخلاقییــەکان بــە خێرایــی دەخرێنــە پەراوێــزەوە.

• دووفاقــی لــە بنەماکانــی UN :ململانێــی نێــوان بنەمایــی پاراســتنی ســەروەریی دەوڵــەت و بنەمــای بەرپرســیارێتی پاراســتن» (R٢P) هێشــتا یەکلایــی نەکراوەتــەوە. زلهێــزەکان کاتێـك لـە بەرژەوەندییـان بێـت سـەروەری دەکـەن بـە پاسـاو بــۆ دەســتێوەرنەدان و کاتێکیــش پێویســتیان بێــت پەنــا بــۆ پاراســتنی مرۆیــی دەبــەن.

بـە مانایەکـی تـر دەتوانیـن بڵێـن، ئـەم دەستێوەردانانە نابنـە بنەمایەکـی جێگیـر بـۆ مامەڵەکـردن لـەو هەرەشـانەی لەسـەر کـورد هــەن لــە رۆژهەڵاتــی ناوەراســت. هەربۆیــە ڕێگــری لــە دووبارەبوونــەوەی تاوانــەکان لــە ڕێگــەی ئەم دەستێوەردانانەوە تەنهـا کاتێـك مومکینـە کە کورد خـۆی وەك ئەکتەرێکـی کاریگەر بمێنێتــەوە, چونکــە جیهــان تەنهــا کاتێــك دەســتێوەردان دەکات کــە قوربانییەکــە بایەخێکــی ســتراتیژی هەبێــت یــان هێزێکــی بەرگـری هەبێـت کـە پاراسـتنی تێچـووی سیاسـی کـەم بکاتـەوە. بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە ، دەبێـت سـەرەتا ئامـاژە بـەوە بکەیـن کە دۆسـیەی ئێزدییـەکان (٢٠١٤) و ڕۆژئـاوا (٢٠٢٦) دوو مۆدێلــی جیــاوازی دەســتێوەردان بــوون؛ یەکەمیــان (ســەربازیی ڕاســتەوخۆ) بــوو، دووەمیــان (دیپلۆماســی و یاســایی) بــوو. بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەزموونانـە بگشـتێنرێن و ببنـە میکانیزمێکـی

گشـتگیر بـۆ ڕێگـری لـە تاوانەکانـی داهاتـوو، پێویسـتە لـە کاردانـەوەی کاتیـەوە بگۆردرێـت بـۆ سیسـتەمی جێگیـر بـۆ ئەمـەش دەبێـت کار لەسـەر ئـەم سـێ ئاسـتە بکرێـت:

١. میکانیزمی قەڵغانی پێشوەختە (مۆدێلی رۆژئاڤا ٢٠٢٦)

لـە سـاڵی ٢٠٢٦ لـە ڕۆژئاڤـا بینیـمان کـە بـەر لـەوەی کۆمەڵکوژییەکـی گـەورە و فـراوان ڕووبـدات، «قەڵغانێکـی سیاسـی» دروسـت بـوو. بـۆ گشـتاندنی ئەمـە پێویسـتە ناوەندێکـی نێودەوڵەتیـی هەبێـت کـە بـەردەوام چاودێریـی ئـەو وڵاتانـە بـکات کـە مێژوویەکـی ڕەشـیان لەگـەڵ پێکهاتەکان هەیـە. هەروەهـا دەبێـت دانپێدانانـی نێودەوڵەتـی بـە هـەر حکومەتێکـی نـوێ، مەرجـدار بێـت بـە پاراسـتنی کەمینـەکان. ئەگـەر شـەرع پێشـوەختە بیزانیایـە کـە پەلاماردانـی کـورد یەکسـانە بـە دانپێدانەنـان بـە دەسـەڵاتەکەی، ڕەنگـە سـڵبوایەتەوە لـەو تاوانانـەی دژ بـە کـورد کـردی.

٢. میکانیزمـی دەسـتێوەردانی خێـرا (مۆدێلـی ئێزدییەکانـی ٢٠١٤)

کەیسـی ئێزدییـەکان سـەلماندی کـە کاتێـك جینۆسـاید دەسـت پێـدەکات، تەنهـا هێـزی سـەربازی دەتوانێـت ژیـان ڕزگار بکات. بـۆ گشـتاندنی ئەمـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی پێویسـتی بـە دروسـتکردنی هێزێکـی ئامادەبـاش (هێـزی ئەرکـی مرۆیـی) هەیـە (نـەك تەنهـا کڵاو شـینەکان) کـە بتوانێـت بەبـێ چاوەڕوانیکردنـی ڤیتـۆی زلهێـزەکان، لـە کاتـی کۆمەڵکوژیـی حەتمـی دا دەسـتوەردان بـکات. هەروەهـا دەبێـت بنەمـای (بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن- R2P) لـە دروشـمەوە ببێتـە

ئیلتزامێکـی یاسـایی؛ واتـە ئەگـەر جیهـان دەسـتوەردان نـەکات، خـۆی وەك هاوبـەش تـاوان لـە قەڵـەم بدرێـت.

٣. میکانیزمی دادگاییکردن

هـۆکاری دووبارەبوونـەوەی تاوانـەکان ئەوەیـە کـە تاوانبـاران وا هەسـت دەکـەن لـە سـزا دەربازیـان دەبێـت. بـۆ گشـتاندنی ڕێگـری، دەبێـت هـەر دەسـتێوەردانێکی مرۆیـی «بەشـێکی دادوەری» لەگـەڵ بێـت. وەك چـۆن بـۆ ئێزدییـەکان هەوڵـی دادگاییکردنـی چەکدارانـی داعـش درا، دەبێـت بـۆ هەمـوو تاوانێکـی تریـش (وەك ئەوانـەی ئەحمـەد شـەرع) دادگایەکـی تایبـەت یـان ICC ڕاسـتەوخۆ کارا بکرێـت. هەروەهـا هـەر قەوارەیـەك یـان میلیشـیایەك بیـر لـە جینۆسـاید بکاتـەوە، دەبێـت لـە ڕووی داراییـەوە لـە جیهـان داببڕێـت.

دەتوانیـن بڵێیـن گشـتاندنی ئـەم ئەزموونانـە تەنهـا کاتێـك سـەرکەوتوو دەبێـت کـە پاراسـتنی مـرۆڤ بکرێتـە بنەمـای یەکەمـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و لـە سـەرووی بەرژەوەندیـی دەوڵەتەکاندابنرێـت. بەکورتـی میکانیزمـی پاراسـتن بریتییـە لـە (چاودێریـی ورد + هۆشـداریی سیاسـی + سـزای یاسـایی + هێـزی سـەربازیی ئامادەبـاش)، هـەر کاتێـك ئـەم هەنگاوانـە بەیەکـەوە گرێـدران، دەتوانیـن بڵێیـن ڕێگـری لـە جینۆسـاید بووەتـە بنەمایەکـی جیهانیـی چەسـپاو.

[جینۆساید، شووناس، بڕیاری ٦٨٨](#)

# تەوەری پێنجەم:
# بەڵگەنامەکان

# ڕێکەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید ١٩٤٨

لایەنەکانی گرێبەستەکە:
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ژمارە ٩٦ (د – ١) یە و لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دەرچووە، کە تێیدا جینۆساید بە تاوانێك دەزانرێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و پێچەوانەی ڕۆحی و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لەلایەن جیهانی شارستانییەوە ئیدانە کراوە.
بە دانان بەوەی کە جینۆساید، بە درێژایی مێژوو، زیانێکی گەورەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە و پێمان وایە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە بەڵایەکی ئاوا قێزەون پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە.
لەسەر ئەم بڕگانەی خوارەوە ڕێکدەکەون:
ماددەی یەکەم
لایەنەکانی گرێبەستەکە پشتڕاستی دەکەنەوە کە جینۆساید، جا لە کاتی ئاشتیدا بێت یان لە کاتی جەنگدا، تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، کە پابەند دەبن بە ڕێگریکردن لێی و سزادانی.

ماددەی دووەم

لـە ئـەم ڕێکەوتننامەیـەدا، جینۆسـاید بـە واتـای هـەر یەکێـك لـەم کردەوانـە دێـت کـە بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی تـەواوی یـان بەشـێکی گرووپێکـی نەتەوەیـی، نـژادی، ئایینـی یـان نەتەوەیـی ئەنجـام دەدرێـن، وەك:

أ. کوشتنی ئەندامانی گرووپێك.

ب. زیانگەیاندنـی جـدی جەسـتەیی یـان دەروونـی بـە ئەندامانـی گرووپێـك.

ج. بـە ئەنقەسـت سـەپاندنی مەرجەکانـی ژیـان لەسـەر گرووپێـك کـە مەبەسـت لێـی لەناوبردنـی جەسـتەیی تـەواوی یـان بەشـێکی بێـت.

د. سـەپاندنی ڕێوشـوێنەکان بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە منداڵبـوون لەنـاو گرووپێکـدا.

هـ. بە زۆر گواستنەوەی منداڵانی گرووپێك بۆ گرووپێکی تر.

ماددەی سێیەم

ئەم کردەوانەی خوارەوە دەبێتە سزای لەسەر بێت:

أ. جینۆساید.

ب. پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ج. هاندانی ڕاستەوخۆ و گشتی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

د. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

هـ. هاوبەشی کردن لە جینۆساید.

ماددەی چوارەم

ئـەو کەسـانەی کـە جینۆسـاید یـان هەریەکێـك لـەو کـردەوەی دیکـە ئەنجـام دەدەن کـە لـە مـادەی سـێیەمدا هاتـووە، سـزا

دەدرێـن، جـا چ فەرمانڕەوایەکـی دەسـتووری پێکهێـنراو بـن، بەرپرسـانی گشـتی بـن، یـان کەسـانی تایبـەت.

ماددەی پێنجەم

لایەنـە پەیمانبەسـتەکان بەڵێـن دەدەن کـە بەپێـی دەسـتوورەکانی خۆیـان، ڕێوشـوێنی یاسـایی پێویسـت بگرنەبـەر بـۆ جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ئـەم پەیماننامەیـە و بەتایبەتـی بـۆ دابینکردنـی سـزای کاریگـەر بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تاوانەکانـی جینۆسـاید یـان هـەر یەکێـك لـە کردەوەکانـی تـری لیسـتکراو لـە مـاددەی سـێیەمدا ئەنجـام دەدەن.

ماددەی شەشەم

کەسـانی تۆمەتبـار بـە جینۆسـاید یـان هـەر یەکێـك لـە کردەوەکانـی تـری لیسـتکراو لـە مـاددەی سـێیەمدا دادگایـی دەکرێـن لەلایـەن دادگایەکـی شایسـتەی ئـەو وڵاتـەی کـە تاوانەکـە تێیـدا ئەنجامـدراوە، یـان لەلایـەن ئـەو دادگا نێودەوڵەتییـەی کـە دەسـەڵاتی دادگایـی کردنـی هەیـە بەپێـی ئـەو لایەنانـەی گرێبەسـتەکە کـە دەسـەڵاتی دادگایـی کردنیـان قبـوڵ کـردووە.

ماددەی حەوتەم

جینۆسـاید و ئـەو کردەوانـەی تـر کـە لـە مـادەی سـێیەمدا هاتـووە، بـە تاوانـی سیاسـی بـۆ مەبەسـتی ڕادەسـتکردنەوە هەژمـار ناکرێـن. لەم جـۆرە حاڵەتانـەدا، لایەنە پەیمانبەسـتەکان بەڵێـن دەدەن کـە پابەندبـن بـە داواکاری ڕادەسـتکردنەوە بەپێـی یاسـا و پەیماننامـە کارپێکراوەکانیـان.

ماددەی هەشتەم

هـەر لایەنێکـی گرێبەسـتەکە دەتوانێـت داوا لـە دەزگایەکـی شایسـتەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـکات کـە ڕێوشـوێنی گونجـاو بگرێتەبـەر بەپێـی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ ڕێگریکـردن و سـزادانی تاوانەکانـی جینۆسـاید یـان هـەر یەکێـك لـە کردەوەکانـی تـری لیسـتکراو لـە ماددەی سـێیەمدا.

ماددەی نۆیەم

ناکۆکییەکانـی نێـوان لایەنـە پەیمانبەسـتەکان کـە پەیوەندییـان بـە لێکدانـەوە، جێبەجێکـردن، یـان جێبەجێکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە هەیـە، لەوانـەش ناکۆکییەکانـی پەیوەسـت بـە بەرپرسـیارێتی دەوڵەتێـك لـە جینۆسـاید یـان بـۆ هەریەکێـك لـە کردەوەکانـی دیکـە کـە لـە مـادەی سـێیەمدا هاتـووە، دەخرێنـە بـەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتـی، لەسـەر داوای هەریەکێـك لـە لایەنەکانـی ناکۆکییەکـە.

ماددەی دەیەم

ئـەم ڕێکەوتننامەیـە کـە دەقەکانی چینـی، ئینگلیزی، فەڕەنسـی، ڕووسـی و ئیسـپانی بـە یەکسـانی باوەڕپێکـراون، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٨.

ماددەی یازدەیەم

ئـەم ڕێکەوتننامەیـە تـا ١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٩ کـراوە دەبێـت بـۆ واژۆکـردن لەلایـەن هـەر دەوڵەتێکـی ئەندامـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و هـەر دەوڵەتێکـی غەیرە-ئەنـدام کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گشـتییەوە بانگهێشـت کـراوە.

ئـەم ڕێککەوتننامەیـە پەسـەند دەکرێـت و بەڵگەنامەکانـی پەسـەندکردن دەخرێنـە دەسـت سـکرتێری گشـتی نەتـەوە

یەکگرتــووەکان.
لــە دوای ١ی کانونــی یەکەمــی ١٩٥٠، دەتوانرێــت بەنــاوی هــەر ئەندامێکــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و هــەر وڵاتێکــی غەیـرە ئەنـدام کـە بانگهێشـتنامەی سـەرەوەی وەرگرتبێـت، ئـەم ڕێککەوتننامەیــە پەســەند بکرێــت.
بەڵگەنامەکانـی بەشـداریکردن لـەلای سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دادەنرێـت.
ماددەی دوازدەیەم
هـەر لایەنێکـی پەیمانبەسـت دەتوانێـت لـە هـەر کاتێکـدا بـە ئاگادارکردنەوەیــەك کــە ئاراســتەی ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگرتـووەکان کـراوە، جێبەجێکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـۆ هەمـوو یـان هەریەکێـك لـەو خاکانـە درێـژ بکاتـەوە کـە ئـەو لایەنـە پەیمانبەسـتە بەرپرسـیارە لـە بەڕێوەبردنـی پەیوەندییـە دەرەکییەکانیــان.
ماددەی سیازدەیەم
ئــەم ڕێکەوتننامەیــە لــە نــەوەد ڕۆژ دوای ئــەوەی بیســت دەوڵـەت بـە فەرمـی ڕایانگەیانـدووە یـان پەسـەندیان کـردووە، دەچێتــە بــواری جێبەجێکردنــەوە.
بــە فەرمــی ڕاگەیاندنــی بەڵگەنامــەکان لەلایــەن ســکرتێری گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان تۆمــار دەکرێــن.
ماددەی چواردەیەم
ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـۆ مـاوەی دە سـاڵ کاری پێدەکرێـت، کـە لـە بـەرواری دەسـتپێکردنی کاریگەرییـەوە دەسـت پێـدەکات.
دواتـر بـۆ مـاوەی یـەك لـە دوای یـەك بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ بـۆ

ئـەو لایەنـە پەیمانبەسـتانەی کـە لانیکـەم شـەش مانـگ پێـش تەواوبوونـی ماوەکـە لێـی نەکشـاونەتەوە، کاری پێدەکرێـت.

کشـانەوەکە بـە ئاگادارییەکـی نـووسراو دەبێـت کـە ئاڕاسـتەی سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەکرێـت.

ماددەی پازدەیەم

ئەگـەر لـە ئەنجامـی کشـانەوەکان ژمـارەی لایەنەکانـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـۆ کەمـتر لـە شـازدە دابـەزی، ئـەوا ئـەم ڕێککەوتننامەیـە لـەو بـەروارەوە کـە دوایـن کشـانەوە کاریپێکـراوە، کۆتایـی پێدێـت.

ماددەی شازدەیەم

هـەر لایەنێکـی پەیمانبەسـت دەتوانێـت لـە هـەر کاتێکـدا داواکارییـەك بـۆ پێداچوونـەوە بـەم ڕێککەوتنـە پێشـکەش بکات بـە ئاگادارکردنـەوەی نـووسراو کـە ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتی بکرێـت.

ئەنجومەنـی گشـتی بڕیـار لەسـەر ئـەو هەنگاوانـە دەدات کـە دەبێـت سـەبارەت بـەو داواکارییـە بنرێـت.

ماددەی حەڤدەیەم

سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەمـوو وڵاتانـی ئەنـدام و وڵاتانـی غەیـرە ئەنـدام کـە لـە مـادەی یازدەهەمـدا ئاماژەیـان پێکـراوە لـە:

(ئـە) واژۆ، پەسـەندکردن و پەیوەسـتبوونەکان کـە بەپێـی مـادەی یازدەهـەم وەرگیـراون.

ب- ئەو ئاگاداریانەی بەپێی مادەی دوازدەهەم وەرگیراون.

ج- بـەرواری دەسـتپێکردنی کاریگـەری ئـەم ڕێککەوتننامەیـە

بەپێـی مـاددەی سـیانزە.
د- ئەو کشانەوانە کە بەپێی مادەی چواردەهەم وەرگیراون.
هـ- هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە بەپێی ماددەی پازدە.
و- ئەو ئاگادارییانەی کە بەپێی مادەی شانزەهەم وەرگیراون.
ماددەی هەژدەیەم
بنەمـای ئـەم ڕێککەوتننامەیـە لـە ئەرشـیفی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دادەنرێـت.
وێنەیەکـی پەسـەندکراوی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بـۆ هەریـەك لـە وڵاتانـی ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و بـۆ هەمـوو ئـەو وڵاتـە نائەندامانـەی کـە لـە مـاددەی یـازدەدا ئاماژەیـان پێکـراوە، دەنێردرێـت.
ماددەی نۆزدەیەم
ئـەم پەیماننامەیـە لـە بـەرواری جێبەجێکردنیـدا لەلایـەن ئەمینـداری گشـتی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە تۆمـار دەکرێـت.

## بڕیاری ٦٨٨ (١٩٩١)
## ڕێکەوتی ٥ی نیسان/ئەپرێلی ١٩٩١
## ئەنجومەنی ئاسایش

بەلەبەرچاوگرتنی ئـەرك و بەرپرسـیارێتییەکانی بەپێـی جاڕنامەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان ســەبارەت بــە پاراســتنی ئاشــتی و ئاسایشــی نێودەوڵەتــی.

ئاماژەدان بە بڕگەی ٧ی ماددەی ٢ی جاڕنامەکە.

بــە نیگەرانــی زۆرەوە دەروانێتــە ســەرکوتکردنی دانیشــتوانی مەدەنــی عێـراق لـە زۆر ناوچـەی عێـراق ، کـە لـەم دواییانـەدا ناوچــە کوردنشــینەکانی گرتــەوە و بــووە هــۆی کۆچکردنــی بەرفراوانــی پەنابــەران بەنــاو ســنوورە نێودەوڵەتییەکانــدا و هەروەهـا ڕوودانـی هێرشـی سەرسـنوور، کە ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتــی لــە ناوچەکــەدا دەخاتــە مەترســییەوە.

لــە کاتێکــدا هەســت بــە نیگەرانییەکــی زۆر دەکات ســەبارەت بــەو ئــازارە ســەختانەی کــە مرۆڤــەکان لــەوێ بەدەســتیانەوە دەناڵێنــن.

بــە ســەرنجدان بــەو نامانــەی کــە لــە نوێنەرانــی هەمیشــەیی تورکیــا و فەرەنســا بــۆ نەتــەوە یەکگرتــووەکان ئاراســتەی

سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کراون، لە بەرواری ١١ و ٤ی نیسانی ١٩٩١.
هەروەها بە سەرنجدان بەو نامانەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری ٣ و ٤ی پووشپەڕی ١٩٩١ بۆ سکرتێری گشتی ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کراون. دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی هەموو وڵاتانی ئەندام بە سەروەری و یەکپارچەیی خاك و سەربەخۆیی سیاسی عێراق و هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە.
و لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاپۆرتەی کە سکرتێری گشتی لە ٢٠ی ئازاری ١٩٩١ پێشکەشی کردووە
١-سەرکوتی هاوڵاتیانی مەدەنی عێراقی لە زۆر شوێنی عێراق شەرمەزار دەکات، لەوانە ئەو ناوچانەی کە بەم دواییە کوردنشین بوون، کە دەرئەنجامەکانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە..
٢- داوا دەکات عێراق دەستبەجێ، وەك بەشدارییەك لە نەهێشتنی مەترسییەکانی سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، ئەم سەرکوتکردنە ڕابگرێت، هەروەها هیوای دەردەبڕێت، لە هەمان چوارچێوەدا، بۆ ئەنجامدانی دیالۆگێکی کراوە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق.
٣- جەخت دەکاتەوە لەوەی کە عێراق ڕێگە بە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بدات دەستبەجێ بگەنە هەموو ئەوانەی پێویستیان بە هاوکارییە لە سەرانسەری عێراق و هەموو ئاسانکارییە پێویستەکان بۆ کارەکانیان دابین بکات.

٤- داوا لــە ســکرتێری گشــتی دەکات کــە درێــژە بــە هەوڵــە مرۆییەکانــی بــدات لــە عێــراق ، و دەســتبەجێ، و ئەگــەر پێویســت بــوو لەســەر بنەمــای ناردنــی شــاندێکی تــر بــۆ ناوچەکـە، ڕاپۆرتێـك لەبـارەی چەرمەسـەرییەکانی دانیشـتووانی مەدەنــی عێــراق، بەتایبەتــی دانیشــتووانە کــوردەکان کــە تووشــی هەمــوو جۆرەکانــی ســەرکوتکردنی دەســەڵاتدارانی عێــراق بــوون، پێشــکەش بــکات.

٥- هەروەهــا داوا لــە ســکرتێری گشــتی دەکات کــە هەمــوو ســەرچاوەکانی لەبەردەســتیدا بەکاربهێنێــت، لەوانــەش ســەرچاوەکانی ئاژانســە پەیوەندیدارەکانــی نەتــەوە یەکگرتـووەکان، بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییە دەسـتبەجێیەکانی پەنابــەران و دانیشــتووانە ئاوارەکانــی عێــراق بــە پەلــە.

٦- داوا لــە هەمــوو وڵاتانــی ئەنــدام و هەمــوو ڕێکخــراوە مرۆییــەکان دەکات کــە بەشــداری لــەم هەوڵــە فریاگوزارییــە مرۆییانــەدا بکــەن.

٧- داوا لـە عێـراق دەکات کـە هـاوکاری سـکرتێری گشـتی بـکات بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجانـە.

٨- بڕیار دەدات کە ئەم پرسە لەژێر چاودێریدا بمێنێتەوە.

لـە دانیشـتنی ٢٩٨٢دا بـە زۆرینـەی ١٠ دەنگـی بەڵـێ وبەرامبەر بـە ٣ دەنـگ نەخێر(زیمبابـوێ و کوبـا و یەمـەن) و دوو دەنگـی بێلایـەن (چین و هیندسـتان) پەسـەندکرا.

# زانیاری کەسی

ناوی چواری: ئاریان رووف عزیز محمود
شۆینی و مێژووی لە دایك بون: ١٩٨٠ کەلار
E-mail: Aryan.raof@garmian.edu.krd و arriaan@gmail.com

بروانامە و پلەی زانستی ئەرکی ئەکادیمی :

١. پرۆفیسۆری یاریدەر

٢. دکتــۆرا: پەیوەندیــە نێودەوڵەتیــەکان کۆلێــژی زانســتە رامیاریــەکان - زانکــۆی ســلیمانی ٢٠٢٤

٣. ماســتەر: لــە بەشــی دیراســاتی نێودەوڵەتــی کۆلێــژی زانســتە سیاســیەکانی لــە زانکــۆی بەغــداد بــە پلــەی (زۆربــاش بــاڵا) لــە ســاڵی ٢٠٠١٣ .

٤. بکالوریــوس: زانســتە سیاســیەکانی کۆلێــژی یاســاو رامیــاری زانکــۆی ســەلاحەدین لــە ســاڵی ٢٠٠٢.

٥. ســەرۆکی بەشــی سیســتەمە سیاســیەکان و سیاســەتی گشــتی لــە زانکــۆی گەرمیــان.

٦. مامۆستا لە بەشی یاسا لە زانکۆی گەرمیان

٧. ئەندامــی دەســتەی نوســەرانی گۆڤــاری ئــاران لــە زانکــۆی گەرمیــان.

ئەو توێژینەوانەی بڵاوم کردونەتەوە
١. باردادبلوماسیه اقلیم کوردستان العراق: بین پبات الاهداف و تغیر المواقف ٢٠١٨
٢. بنیادنانەوەی دەوڵەتی شکستخواردوو: دەوڵەتی عێراق بەنمونە ٢٠١٧
٣. دەستێوەردانی مرۆیی لە پرۆسەکانی جینۆساید: جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەنمونە ٢٠١٨
٤. هەڵبژاردن و دیموکراسی: گیروگازی پەیوەندی ٢٠١٨
٥. النقام السیاسی الهجین:دراسه حاله اقلیم کوردستان العراق ٢٠٢١.
٦. گرنگی پیگەی سیاسی و ستراتیژی خانەقی بۆ هەرێمی کوردستان ٢٠١٧
٧. الدبلوماسیه الإلكترونیه من منظور النظریات الرئیسه فی العلاقات الدولیه ٢٠٢٤
٨. استراتیجیات الاتصال فی الدبلوماسیه الالكترونیه بین الولایات المتحده الامریکیه وإیران ٢٠٢٤
٩. شوناسی داتاشێنراو وەك لەمپەر لەبەردەم چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عێراق و سوریا ٢٠٢٥.
١٠. وەك توێژەی بەشدار لە کتێب , بەشداری لە نوسینی ٤ کتێب کردوە

بەشداری لە خول و کۆنفراس:
١. بەشداری چەندین کۆنفراسی زانستیم کردوە لە زانکۆ جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان
٢. بەشداری سێ خوولی کردوە لە دەرەوەی عێراق.

٣. وەك وانەبێــژ لــە چەندیــن خولــی هۆشــیاری لــە بوارەكانــی (پاراســتنی مافەكانــی مــروڤ و ژنــان و منــداڵان) وانــەی وتوەتــەوە بــۆ چالاكوانــان و رۆژنامــە نوســان.

كاری رێكخراوەی و حكومی

١. بەرێوەبــەری بەرێوەبەرایەتــی مافــی مــرۆڤ لــە گەرمیــان بــۆ مــاوەی ٨ ســاڵ

٢. دەســتەی دامەزرێنــەری (كۆمەڵــەی داكۆكــی لــە پرســی ئەنفــال)ە.

٣. لــە نێــوان ســاڵەكانی ٢٠٠٢ تاكــو ســاڵی ٢٠١٠ كاری كــردوە لەگــەڵ رێكخــراوە نێودەوڵەتیەكانــی (UNDP, Mercy corps, IRD, UNHCR)

٤. بۆمــاوەی پێــچ ســاڵ وەك توێــژەر لــە ســەنتەری توێژنــەوە كاری كــردوە